رووداو
RÛDAW
ژمارە (535) دووشەممە 2018/12/24 - 3ی بەفرانبار 2718 (750) دینار

# 179 بەندکراوی بیانی لەنێو چاکسازییەکانی کوردستانن

**رووداو– هەولێر**

بێجگە لەوانەی ڕەگەزنامەی عێراقییان هەیە، لەنێو چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر بەندکراوی بیانی هەن، زۆربەشیان بەپێی ماددەی تیرۆر و بازرگانی بە مادده هۆشبەر سزادراون.

دڵخۆش ئەنوەر مەحموود، بەرپرسی بەشی ئامار لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند :"ژمارەی بەندکراوانی نێو چاکسازییەکانی گەوران، ژنان و نەوجەوانانی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بە سزادراو و راگیراوەکانیشەوە نزیکەی 3600 بەندکراوە، کە 179یان کەسی بیانین و خەڵکی وڵاتانی ئێران، تورکیا، سووریا، فەرەنسا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، رووسیا، سوید، بەلجیکا، چین، سوودان، یەمەن، میسر و ئەفریقیای باشوورن".

ئەو بەندکراوە بیانییانە 118یان لە چاکسازییەکانی شاری هەولێرن. 47یان لە چاکسازییەکانی دهۆکن کە زۆربەیان تورک و سوورین. هەروەها 14 بەندکراوی بیانیش لە چاکسازییەکانی سلێمانین کە سەرجەمیان ئێرانین. هێمن نانەکەلی، بەڕێوەبەری چاکسازی گەورانی هەولێر دەڵێت: "بەشێک لەو بەندکراوانە لەلایەن وڵاتەکانیان و بەتایبەت لەڕێگەی کونسوڵخانەکانیانەوە لە هەرێمی کوردستان داوا دەکرێت کە بیانگەڕێنینەوە وڵاتی خۆیان و سزاکانیان لەوێ تەواوبکەن، بەڵام ئەو کەسانە بەپێی یاسای سزادانی عێراقی سزادراون، بۆیە دەبێت سزاکەیان لەنێو چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان تەواو بکەن".

13»



دلاوەر عەلائەددین

بڕیاری ترەمپ و ئەگەرەکانی بەردەم ڕۆژئاڤا

16

دامەزرێنەرێکی یەکێتی:

مەترسی هەیە یەکێتی ببێتە حیزبی بنەماڵە

4



ڕێبوار کەریم وەلی

ئەگەر یەکێتی نەیەتە ژێر بار

19

# ڕۆژی سێشەممە پارتی وەڵامی داواکارییەکانی گۆڕان و یەکێتی دەداتەوە



**رووداو – سلێمانی**

لە کۆبوونەوەی داهاتووی شاندی دانوستاندنکاری پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان کە بڕیارە ڕۆژی سێشەممە لە شاری سلێمانی بکرێ، پارتی وەڵامی داواکارییەکانی یەکێتی و گۆڕان دەداتەوە.

سەرچاوەیەک لە شاندی پارتی بە (رووداو)ی گوت: "بەهۆی داواکارییەکانی یەکێتی ماوەی گفتوگۆکان درێژ بووەوە. یەکێتی دەیەوێ بەر لەوەی باسی پێکهێنانی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، ڕێککەوتننامەیەکی نوێ لەگەڵ پارتی بکات". ئەو سەرچاوەیە دەڵێت: "ئەوان دەیانەوێ پارتی بگەڕێتەوە کەرکووک و لە ئەنجوومەنی پارێزگاوە دەنگ بە بەربژێری یەکێتی بۆ پارێزگاری کەرکووک بدرێ، ئەو وەزارەتەی بەغداش کە ماوە بدرێتە ئەوان".

بەڵام وەڵامی پارتی دیموکراتی کوردستان بریتی بووە لەوەی :"ناکرێ پۆستەکانی بەغدا تێکەڵ بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت و دەکرێ بە ڕێککەوتنێکی جیاش پرسی کەرکووک یەکلا بکرێتەوە".

ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، نایشارێتەوە کە ئەوان داوای ڕێککەوتنێکی نوێیان کردووە بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان: "پێمانوایە، ئەگەر بمانەوێ پێکەوەبین و حکومەت و کوردستانێکی بەهێزمان هەبێت، دەبێت کۆتایی بە کێشەی کەرکووک و بەغدا و پەیوەندییەکانی دەرەوە و دارایی و کێشە سیاسییەکان بهێنین".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) پارتی داوای لە یەکێتی و گۆڕان کردووە داواکارییەکانیان بە فەرمی بخەنە سەر کاغەز و بڕیارە ڕۆژی سێشەممە، هەڵوێستی پارتیش بە فەرمی لەبارەی پۆستەکان و داواکارییەکانی هەردوولاوە بخەنە سەرمێزی دانوستاندن. ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی دەڵێت: "ڕۆژی پێنجشەممە ڕوون دەبێتەوە کە پێکهێنانی حکومەت زۆر دوادەکەوێ یان نا".

3

# شارەوانیی زاخۆ زەویی موساتەحە لە بەرپرسان دەستێنێتەوە

**رووداو – هەولێر**

سەرۆکایەتیی شارەوانیی زاخۆ لە ماوەی چەند مانگێکدا چەندین زەوی لەو بەرپرسانە وەرگرتووەتەوە کە پێشتر بە موساتەحە وەریانگرتووە و لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا هیچ پرۆژەیەکیان لەسەر جێبەجێ نەکردووە.

بژار مونیب، سەرۆکی شارەوانیی زاخۆ بە (رووداو)ی راگەیاند :"کاتێک پۆستی سەرۆکی شارەوانیی زاخۆم وەرگرت 64 پرۆژەی موساتەحە لە زاخۆ هەبوون، لە ماوەی شەش مانگدا توانیمان 12 لەو پرۆژانە کە بە گەندەڵی و بەناوی موساتەحە درابوونە چەند بەرپرسێک، وەربگرینەوە، چونکە لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا هیچ کار و پرۆژەیەکیان تێدا جێبەجێ نەکرابوو، بەمەش زیانێکی زۆریان بە حکومەت و شارەوانی زاخۆش گەیاندووە". گوتیشی "تەنانەت لە ساڵی 2013 هەشت پارچە زەوی موساتەحە لە زاخۆ بەشێوەی نایاسایی و بە گەندەڵی درابوونەوە چەند بەرپرسێک کە پێشتر زەویەکانیان لێوەرگیرابووەوە".

زۆربەی ئەو زەویانەی کە شارەوانیی زاخۆ وەری گرتوونەتەوە، دووبارە بە موساتەحە دراونەتەوە خەڵکی دیکە. سەرۆکی شارەوانیی زاخۆ دەڵێت "پرۆسەکە بەردەوام دەبێت و کار لەسەر 52 زەویی موساتەحەکەی دیکە دەکەین، هەموویان هەڵدەوەشێنینەوە و بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا دەیانفرۆشینەوە".

سەرۆکی شارەوانیی زاخۆ ئاشکرای کرد کە ئەو پارچە زەویانەی تاوەکو ئێستا فرۆشراون بەهاکەیان نزیکەی شەش ملیار دینار بووە، هێشتا هەندێک زەوی ماون بیانفرۆشن.

2

# کۆمەڵ داوای دوو وەزارەت و دەستەیەک دەکات

**رووداو– سلێمانی**

بەرپرسێکی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان رایگەیاند ئەگەر بەشداری لە کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، داوای دوو وەزارەت و دەستەیەک دەکەن.

بەرپرسێکی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان بە (رووداو) راگەیاند "لەنێو سەرکردایەتی و کادران گفتوگۆی زۆر کراوە، زۆربەیان لەگەڵ ئەوەن کۆمەڵ بەشداری لە کابینەی داهاتوو بکات، ئەوەش بەستراوەتەوە بەوەی چاکسازی بکرێ و داخوازییەکانی کۆمەڵ لەبەرچاو بگیرێن".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) پارتی لە داهاتوویەکی نزیکدا سەردانی کۆمەڵ دەکات.

بەرپرسەکەی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت :"دواکەوتنی کۆبوونەوەی کۆمەڵ و پارتی پەیوەندی بە دوو هۆکارەوە هەیە: یەکەم سەرکردایەتی پارتی بۆ بەشداریی کۆمەڵ لە حکومەت بوون بە دوو بەشەوە، بەشێکیان لەگەڵ ئەوەن بەشداری بکەین و بەشێکیشیان دژن. دووەمیش پارتی دڵنیانییە لەوەی کۆمەڵ بە جددی دەیەوێ بەشداریی حکومەت بکات".

سەبارەت بەو پۆستانەی کۆمەڵ داوای دەکات. ئەو بەرپرسەی کۆمەڵ گوتی :"داوای دوو وەزارەت و دەستەیەک دەکەین، لانیکەم پۆستەکانی کابینەی هەشتمان دەوێتەوە".

بەڵام یاسین حەسەن، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت داوای پۆستی باڵا دەکەن و دەڵێت :"ناکرێ پارتی و یەکێتی و گۆڕان لەنێوان خۆیاندا هەموو پۆستە باڵاکان ببڕنەوە، چونکە ژمارەی کورسییەکانی کۆمەڵ ئەوەندە دەبێت کە داوای یەکێک لەو پۆستانە بکات".

3

ژنان 12

ژنە سووتاوەکەی چەمچەماڵ:

توخوا با کەیسەکەم دانەخرێ



راپۆرت 6

دوو قەیرانی گەورە بەڕێوەن بۆ کوردستان و عێراق

ئابووری 8

ساڵانە بایی یەک ملیار دۆلار جگەرە هاوردەی کوردستان دەکرێ



راپۆرت 14

بەغدا تۆڵەی داعش لە سوننەکان دەکاتەوە



رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (535) - دووشەممە 2018/12/24



## کارمەندێکی رووداو گیانی لەدەستدا

**رووداو- ئامەد**

کارمەندێکی تۆڕی میدیایی رووداو کە لە 2018/11/5 بەمەبەستی رووماڵکردن لەگەڵ تیمێک بەڕێوەبوون و تووشی رووداوی هاتوچۆ بوون، رۆژی 2018/12/23 گیانی لەدەستدا. جیهان دەمیرکران، ماوەی پێنج ساڵ بوو لە ئۆفیسی ئامەدی تۆڕی میدیایی رووداو کاری دەکرد. ئەو خێزاندار بوو و خاوەنی کوڕێکی تەمەن دوو ساڵ بوو بەناوی جوان. ماشەڵڵا دەکاک، پەیامنێری رووداو لە ئامەد، کە پێنج ساڵە لەگەڵ جیهان بەیەکەوە کاردەکەن و لە رۆژی رووداوەکەش بەیەکەوە بوون، دەڵێ "ئەو کەسێکی زۆر دڵسۆز بوو لە کارەکەی. زۆر گرنگی بە زمان دەدا و هەمیشە بە زمانی کوردی قسەی دەکرد".

# شارەوانیی زاخۆ زەوی موساتەحە لە بەرپرسان دەستێنێتەوە

**شکار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

سەرۆکایەتیی شارەوانیی زاخۆ لە ماوەی چەند مانگێکدا چەندین زەوی لەو بەرپرسانە وەرگرتووەتەوە کە پێشتر بە موساتەحە وەریانگرتووە و لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا هیچ پرۆژەیەکیان لەسەر جێبەجێ نەکردووە. سەرۆکی شارەوانیی زاخۆ دەڵێت تاوەکو ئێستا بایی شەش ملیار دینار زەویمان بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا فرۆشتووەتەوە و پارەکەش بۆ پرۆژەکانی زاخۆ خەرج دەکرێتەوە.

بژار مونیب، سەرۆکی شارەوانیی زاخۆ دەڵێت سەرۆکایەتی داواکاری گشتی دەتوانێت کەیسەکە بجوڵێنێت و ئەو بەرپرسانەی بە گەندەڵی زەوییەکانیان وەرگرتووە بیانداتە دادگا و دەبێت بەملیۆنان دۆلار قەرەبووی ئەو زیانانە بکەنەوە کە بە حکومەت و شارەوانیی زاخۆیان گەیاندووە.

ساڵی 2011 سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەی چاکسازی راگەیاند کە یەکێک لە بڕیارەکانی

> **بژار مونیب، سەرۆکی شارەوانیی زاخۆ:**
> بایی 600 ملیار دینار زەویمان فرۆشتووەتەوە

تایبەت بوو بە وەرگرتنەوەی ئەو زەویانەی بە موساتەحە وەرگیراون و کاریان تێدا نەکراوە.

بژار مونیب، سەرۆکی شارەوانیی زاخۆ بە (رووداو)ی راگەیاند: "بەپێی ئەو پرۆژە چاکسازیەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2011 رایگەیاند، لە بڕیاری ژمارە 7دا هاتووە، ئەو کەسانەی زەویی موساتەحەیان وەرگرتووە و گرێبەستیان کردووە، بەڵام هیچ پرۆژەیەکیان تێدا جێبەجێ نەکردووە، دەبێت گرێبەستەکانیان هەڵبوەشێندرێتەوە، بەڵام شارەوانیی زاخۆ خۆی لە جێبەجێکردنی بڕیارەکە دزیبووەوە، تەنانەت لە ساڵی 2013 هەشت پارچە زەوی موساتەحە لە زاخۆ بەشێوەی نایاسایی و بە گەندەڵی درابوونەوە چەند بەرپرسێک کە پێشتر زەویەکانیان لێوەرگیرابووەوە و دووبارە بەشداری زیادکردنی ئاشکرایان کردبوو و بە واستە زەویەکانیان بۆ دەرچووەوە و گرێبەستان لەگەڵ کرابووەوە، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە دابەشکردنی زەوی بەشێوەی موساتەحە راگیرا".

سەرۆکی شارەوانی زاخۆ گوتیشی: "کە پۆستی سەرۆکی شارەوانیی زاخۆم وەرگرت، 64 پرۆژەی موساتەحە لە زاخۆ هەبوون، دوو ساڵ لەمەوبەریش نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران نووسراوی کرد بۆ وەرگرتنەوەی ئەو زەویانە بۆ بەکارهێنان و قەرەبووکردنەوە و فرۆشتنەوەیان،

بڕیارەکەش بۆ هەموو هەرێمی کوردستان بوو، لەماوەی شەش مانگدا توانیمان 12 لەو گرێبەستانە کە خۆیان خزمەتگوزارین و بە گەندەڵی و بەناوی موساتەحە درابوونە چەند بەرپرسێک، وەربگرینەوە، چونکە لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا هیچ کار و پرۆژەیەکیان تێدا جێبەجێ نەکرابوو، بەمەش زیانێکی زۆریان بە حکومەت و شارەوانی زاخۆش گەیاندووە".

بەشێکی زۆر لەو زەویانەی شارەوانیی زاخۆ وەریگرتوونەتەوە بە رەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیران، وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا فرۆشراونەتەوە.

بژار مونیب گوتی: "ئێمە خزمەتگوزارییەکانمان بۆ بەڕێوەبەرایەتی نەخشەی تەلارسازی لە دهۆک نارد و زەوییە موساتەحەکان بەشبەش کران و بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا و بە ئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی، بەڕێوەبەری خەزێنە، بەڕێوەبەری تاپۆ، نوێنەری قایمقام، شارەوانی و نوێنەری یاسایی کە وەکو لیژنە بەشداربوون، بەشێکی زۆر لەو زەویانە بە نرخی 40 بۆ 70 ملیۆن دینار فرۆشران کە یەکەمجارە لە مێژووی شارەوانیی زاخۆ بەم نرخە زۆرە زەوی بفرۆشرێت، هەندێک زەوی بە 70 ملیۆن دینار فرۆشراون کە پێشتر بە دوو هەزار دۆلار دەفرۆشران و 10%ی نرخی زەوییەکەیان دانەدەنا".

سەرۆکی شارەوانیی زاخۆ ئاشکرای کرد کە ئەو



پارچە زەویانەی تاوەکو ئێستا فرۆشراون بەهاکەیان نزیکەی شەش ملیار دینار بووە، هێشتا هەندێک زەوی ماون بیانفرۆشن، هەموو زەوییەکانیش بۆ فرۆشتن نین، هەندێکیان دەکەن بە باخچە و پارک. پارەی زەوییەکانیش بۆ قەرەبووکردنەوەی پرۆژەی ئۆڤەرپاس کە نزیکی چوار ملیار دینارە، هەروەها پرۆژەکانی دیکەی ناو زاخۆ بەکاردەهێنرێتەوە.

بەگوتەی سەرۆکی شارەوانی، جێبەجێکردنی بڕیارەکە ئەو بەرپرسانەی نیگەران کردووە کە زەوییەکانیان دابەشکراوە و دەڵێت: "کە گرێبەستی ئەو زەویانە هەڵوەشێندرانەوە، بەرپرسەکان هیچ مافێکی یاسایییان بەو زەویانەوە نامێنێت، بۆیە زۆر بەرپرس تووڕەبوون و بەهۆی جێبەجێکردنی بڕیارەکەوە هەڕەشەی کوشتنیشیان لێکردم، بەڵام گوێم پێنەداون، پرۆسەکەش بەردەوام دەبێت و کار لەسەر 52 زەوییە موساتەحەکەی دیکەش دەکەین، هەموویان هەڵدەوەشێنینەوە و بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا دەیانفرۆشینەوە، پرۆژە و خزمەتگوزاری بۆ زاخۆ پێ دابین دەکەین، ئامانجە سەرەکییەکە ئەوەیە کە لەجیاتی ئەوەی چەند بەرپرسێک قۆرخی بکەن و لێی سوودمەند بن کە بە واستە وەریانگرتووە، بەسەدان و هەزاران خێزانی دیکە لێیان سوودمەند دەبن".

سەرۆکایەتی شارەوانی زاخۆ بەردەوامە لە وەرگرتنەوەی ئەو زەویانەی بە موساتەحە بەڵام بە نایاسایی دراون. سەرۆکی شارەوانی زاخۆ گوتی: "ئێستا کار لەسەر چەند زەوییەکی دیکە دەکەین لە بەرپرسان بە موساتەحە وەریانگرتووە، هەڵیاندەوەشێنینەوە و ئەوانیش بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشینەوە یان دەیکەین بە پارک و خزمەتگوزاری".

سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بەرپرسانەی زەوییەکانیان بە موساتەحە وەرگرتووە، سەرۆکی شارەوانی زاخۆ گوتی: "ئەوانە لەڕووی یاساییەوە هیچ پەیوەندییەکیان بەو زەوییانە نەماوە، ئەو بەرپرسانە هەندێکیان میدالیای بارزانیان وەرگرتووە، ئەگەر سکاڵایان لەسەر تۆماربکرێت رەنگە بە ملیۆنان دۆلاریان لێوەربگیرێت، کە ئەوە ئیشی داواکاری گشتییە و دەتوانن ئەو کەیسانە بجوڵێنن و سکاڵاشیان لەسەر تۆماربکەن".

> لەسەر وەرگرتنەوەی ئەو زەویانە هەڕەشەی کوشتنم لێکراوە

زانا حەمەساڵح، قایمقامی پێشووی سلێمانی یەکێک بوو لە تۆمەتبارانی دۆسیەکە

# شەش ساڵە دۆسیەی فرۆشتنی زەوییەکانی قولەرەیسی لە دادگایە

**شکار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

دوای زیاتر لە 6 ساڵ هێشتا دۆسیەی ئەو زەوییانەی کە قایمقامی پێشووی سلێمانی لەسەر دەستگیرکرا، یەکلایی نەکراوەتەوە. برای تۆمەتباری سەرەکیی دۆسیەکە دەڵێت: "دادگا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ براکەم دەرکردووە، بەڵام بەرپرسێکی سەربازی لە هەولێر دەیپارێزێت".

عومەر حەمەعەلی، برا گەورەی حاجی حوسێن دەڵێت بەهۆی ئەو بەڵگانەی لەلایەتی، براکەی 10 جار هەوڵی رفاندن و کوشتنی داوە.

### حاجی حوسێن کێ بوو؟

حاجی حوسێن بازرگانێکی سلێمانی بوو کە بە گوتەی براکەی لە ماوەیەکی کەمدا بووەتە خاوەنی دەیان ملیۆن دۆلار. عومەر حەمەعەلی، برا گەورەی حاجی حوسێن بە (رووداو)ی گوت: "ئێمە پێنج براین، من برا گەورەیانم. حاجی حوسێن لە ژیانیدا هیچ ئیشێکی نەکردووە. دووکانی وشکەمان هەبوو و ئەومان خستبووە سەری، مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی مەڕ و ماڵاتیشی دەکرد، حاجی حوسێن تاوەکو 2008 تەنانەت ئۆتۆمبێلیشی نەبوو، بۆ ئەوەی بکەوێتە سەرپێی خۆی من هاوکاریم دەکرد".

عومەر تووشی سەرسوڕمان بووە کە براکەی لەماوەیەکی کەمدا بووەتە ملیۆنێر و دەڵێت: "دوو سێ ساڵێک پێش ئاشکرابوونی دۆسیەکە، براکەم کاری کڕین و فرۆشتنی زەوی دەکرد، لە ماوەی سێ ساڵدا بووە خاوەنی 3 ملیۆن دۆلار، لە 2011 گوتی خاوەنی 60 ملیۆن دۆلارم، من وامزانی گاڵتە دەکات، بەڵام کە دەستگیرکرا، داوای لێکردم 30 ملیۆن دۆلار بدەمە بەرپرسێکی سەربازی بۆ ئازادکردنی، ئینجا زانیم کە خاوەنی ئەو پارە زۆرەیە".

بەپێی قسەی برا گەورەکەی، حاجی حوسێن بەهۆی ساختەکاری دەوڵەمەند بووە کە بە زەوییەکانی قولەرەیسییەوە کردوویەتی و دەڵێت: "حاجی حوسێن چووبووە لای خەڵکی دێیەکە کە خزمی بوون و پێیگوتوون حکومەت زەویەکانتان لێدەستێنێ، هیچتان دەستناکەوێت، رازیکردوون بە پارەیەکی رەمزی لێیانبکڕێتەوە، دواتر لەگەڵ هاودەستەکانی رێککەوتووە بۆیان ئیفراز کردووە. هەر پارچە زەوییەکی بە 40 بۆ 100 هەزار دۆلار فرۆشتووە".

> ساڵ و نیوێک دۆسیەکەیان لە دادگا شاردەوە
>
> برای تۆمەتباری سەرەکیی دۆسیەکە

هاوکاریی چوار کەس کارەکەیان کردووە، ئەوانیش زانا حەمەساڵح، قایمقامی پێشووی سلێمانی، کەسێک بەناوی (ش) کە مقەدەم بوو، کەسێک بەناوی (ر)، هەروەها کەسێکی دیکەش بەناوی (ئا) کە کارمەندی شارەوانی بوو، ئاشکرابوو کە ویستوویانە تێوەی بگلێنن و دادگا ئازادی کرد".

دوای دانپێدانانەکەی حاجی حوسێن، تۆمەتبارەکانی دیکەش دەستگیرکران، بەڵام دواتر ئازادکران، عومەر حەمەعەلی دەڵێت: "بێجگە لە زانا حەمەساڵح کە دوای هەشت رۆژ وەفاتی کرد و هێشتا نازانرێت خۆی خنکاندووە یان خنکێنرا، ئەوانی دیکە بەهۆی ساغنەبوونەوەی بەڵگەکان لەسەریان بە بڕیاری دادگا ئازادکران، بەڵام بڕیاری ئازادکردنی ئەوان بەهۆی پەیوەندیی تایبەت و گوشار درا، دواتر بەڵگەی تازەیان لەسەر دەرکەوت".

### دۆسیەکە چۆن ئاشکرابوو؟

لە 2012/4/1 حاجی حوسێن لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە دەستگیرکرا کە تۆمەتبار بوو بە بەرتیلدان و مامەڵەکردن بە زەوییەکانی قولەرەیسی. عومەر حەمەعەلی گوتی: "براکەم وەکو شایەتحاڵ بانگ کرابوو، بەڵام لەوێ دانی بەوەدا نابوو کە بە

> براکەم 10 جار هەوڵی کوشتنی داوم

### نەخشەی شارەوانی تەزویر دەکات

بەگوتەی براکەی، ئاشکرابوونی مامەڵە نایاساییەکەی حاجی حوسێن بەهۆی مۆرێکەوە بووە و دەڵێت: "حاجی حوسێن نەخشەکەی لە شارەوانییەوە بردووەتە پارێزگا بۆ ئەوەی مۆری لێبدات، بەڵام پێشتر نەخشەیەکی هاوشێوەی دروستکردووە و ئەو شوێنانەی خۆی ویستوویەتی خستوویەتییە ناوی، لە پارێزگا مۆرێکی لێداوە، بەڵام بەهۆی پەلەپەلییەوە مۆرێکی عەرەبی لێداوە کە کاری پێناکرێت و بۆ خەڵکانی عەرەب بەکاردێت. کە نەخشەکە دەداتەوە شارەوانی و مۆرە عەرەبییەکە دەبینن، ئاشکرا دەبێت، پاشان لیژنەیەک لە پارێزگا پێکدێت و سەرۆکی شارەوانیش نووسراوێک بۆ ئاسایشی سلێمانی دەکات کە نەخشەکە ساختەکراوە، ئەوانیش دەستگیری دەکەن".

بەپێی قسەی عومەر حەمەعەلی، زەوییەکە لە ماستەرپلاندا تەنیا 80 دۆنم بووە، بەڵام کراوە بە نزیکەی چوار هەزار دۆنم: "یەک قولەرەیسی هەبووە و لە سنووری شاریشدا نەبووە، بەڵام حاجی حوسێن کردوویەتی بە دوو قولەرەیسی، خۆی 80 دۆنم زەوی بووە، بەڵام ئەو کردوویەتی بە 380 دۆنم، دواتریش کراوە بە چوار هەزار دۆنم و فرۆشراوەتەوە".

بەپێی بەدواداچوونی براکەی، حاجی حوسێن ملیۆنان دۆلاری لەو زەویانە دەستکەوتووە و دەڵێت: "ئەو موڵکانەی حاجی حوسێن فرۆشتوویەتی بایی نزیکەی 120 ملیۆن دۆلارە، بە پارەی زەوییەکان 69 موڵکی لە سلێمانی کڕیوە، بایی شەش ملیۆن دۆلاریش موڵکی لە تورکیا کڕیوە کە تاپۆی هەندێکیانیم لەلایە. لە هەولێریش موڵکی کڕیوە، لەبەرئەوەی خەڵکی لەناو شارەوانیش لەگەڵدایە، لەم کۆتاییانەدا 51 پارچە زەوی شارەوانیشیان فرۆشت، بەبێ ئەوەی کەس لێیان بپرسێتەوە، 74 کەس لەوانەی مامەڵەیان لەگەڵ کردووە سکاڵایان لەسەر تۆمار کرد، بەڵام بە پارە هەمووی داخست".

> بەرپرسێکی سەربازی لە هەولێر براکەمی داڵدە داوە

### دووجار دەستگیرکراوە و ئازادکراوە

براکەی حاجی حوسێن کە خۆی پارێزەرە، سەرەتا وایزانیوە دەیانەوێ تاوانەکە بخەنە ئەستۆی براکەی، بۆیە لە دادگا بەرگریی لێکردووە، ئەو دەڵێت: "سەرەتا وامزانی کێشەیەکی کەسییە لەگەڵ بەرپرسێکی یەکێتی و دەیانەوێت براکەم بە تەنیا تووشی کێشەکە بکەن، بۆیە لە دادگا بەرگریم لێکرد، بەڵام دواتر زانیم کێشەکە پەیوەندی بە هەزاران دۆنم زەوییەوە هەیە کە موڵکی حکومەتە، بردنی 120 ملیۆن دۆلارە لەلایەن کەسێکەوە کە هیچ بەرپرسیارێتییەکی لە حیزب و حکومەتدا نییە".

عومەر دوای ئەوەی دەزانێت کە براکەی بەردەوامە لەسەر کارەکانی و وازناهێنێ، لێی جیادەبێتەوە: "ئێمە مامەڵەمان بەیەکەوە هەبوو، بەهۆی براکەشمەوە تووشی زۆر کێشە بووم و کارەکەم لەدەستدا، من وەکو برا بەرگریم لێکرد، پێمگوت تۆش یەکێکی لە دزەکان، بەهۆی هەڵەی تۆوە پیاوێک تێداچووە، بەڵام هەر وازی نەهێنا، بۆیە لێی جیابوومەوە، ئەویش شەش سکاڵای مەدەنی لەسەر تۆمارکردم کە پەیوەندییان بە موڵکەوە هەبوو، بەڵام تاوەکو ئێستا چواریانم بردووەتەوە و دووەکەی دیکەش دەبەمەوە".

لەبەرامبەردا عومەر 10 سکاڵای لەسەر حاجی حوسێنی برای تۆمار کردووە، چونکە وەک خۆی دەڵێت هەوڵی رفاندن و کوشتنی داوە: "بە هاوکاریی چەند کەسێک کە بە پارە کاری لەگەڵ دەکەن، 9 جار لە سلێمانی هەوڵی کوشتنم درا، چەند جارێکیش برینداریان کردم کە لە ڤیدیۆیەکیاندا براکەم دەردەکەوێت، هەموو جارەکان سکاڵام تۆمار کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچی لەگەڵ نەکراوە".

براکەی حاجی حوسێن گوتیشی: "دوایینجار لە 2018/11/11 لە هەولێر لەڕێگەی بەرپرسێکی سەربازی کە ئێستا حاجی حوسێن دەپارێزێت، هەوڵی رفاندنم درا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، دەزگا ئەمنییەکانم ئاگادار کردووەتەوە، سەندیکای پارێزەرانیش سکاڵایان لەسەر بەرپرسە سەربازییەکە تۆمار کردووە، لەو ماوەیەدا دەگەڕێمەوە و گوتەی خۆم دەدەم".

حاجی حوسێن بەپێی ماددەی 310 کە تایبەتە بە بەرتیل تۆمەتبارە، برا گەورەکەشی دەڵێت: "بەپێی ماددەکە نابێت تۆمەتبار بە کەفالەتیش ئازاد بکرێت، کەچی براکەم سێ تۆمەتی بەرتیلی دراوەتە پاڵ، دوو بڕیاری دادگای تەمیز هەیە کە دەبێت حوکم بدرێت، دادگای سلێمانی بە کەفالەت ئازادیان کردووە، بەڵام دادگای تەمیزی هەرێم بڕیاری ئازادکردنەکەی هەڵوەشاندەوە".








ژمارە (535) - دووشەممە 2018/12/24



## پەرلەمانتارانی کوردستان خانەنشین ناکرێن

**ڕووداو- هەولێر**

دوای ئـەوەی دادگای بـاڵای فیدراڵیـی عێراق خانەنشـینکردنی پەرلەمانتاران و پلە تایبەتەکانی هەڵوەشـاندەوە، سـکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردسـتان دەڵێت:"بڕیارەکە پەرلەمانتاران و پلە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە".

د.ئامانج ڕەحیم، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، بەپێی بڕیارەکە :"لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش کۆتایی بە خانەنشینکردنی پلە باڵاکان بەبێ ڕەچاوی تەمەن و ساڵانی خزمەت دەهێندرێت". هەروەها دەڵێت "دەبێت خاوەن پلە باڵاکان تەنیا لەسەر بنەمای مووچە خانەنشین بکرێن، ئەگەر تەمەنیشیان نەگاتە 50 ساڵ و خاوەنی 15 ساڵ خزمەت نەبن خانەنشین نابن. بەوەش دادوەریی لە خانەنشینی بەرپادەبێت لەنێوان فەرمانبەری ئاسایی و پلە تایبەتدا و ئەم بڕیارە بۆ خانەنشینە کۆنەکانیشە".

# ڕۆژی سێشەممە پارتی وەڵامی داواکارییەکانی گۆڕان و یەکێتی دەداتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ڕەوتی کۆبوونەوە و گفتوگۆکان بەو جۆرە تێنەپەڕین کە شاندی پارتی چاوەڕێی دەکرد و خوازیار بوون بەر لە کۆتایی ئەمساڵ ڕێککەوتنێک بێتە ئاراوە بۆ دیاریکردنی سەرۆکایەتی پەرلەمان، تاوەکو بەر لە مانگی شوباتی داهاتوو حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستبەکار ببێ. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت ناکۆکییەکانیان لەبارەی چەند پرسێک بوونەتە هۆی ئەوەی لەسەر هیچ خاڵێک لەگەڵ پارتی ڕێکنەکەون. سەرچاوەیەکی نزیک لە شاندی دانوستاندنکاری پارتی، درێژەکێشانی گفتوگۆکان بۆ زۆریی داواکارییەکانی یەکێتی دەگێڕێتەوە "چەند داواکارییەکیان هێناوەتە نێو گفتوگۆکانەوە کە پەیوەندییان بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نییە".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو لە بەرپرسانی یەکێتی و پارتی دەستیکەوتوون، لە سێ گەڕی کۆبوونەوەکانی پارتی و یەکێتی و گۆڕاندا ئەنجامێک بەدی نەهاتووە مایەی گەشبینی بێت بە نزیکبوونەوە لە ڕێککەوتن لەسەر پۆستەکان و پێکهێنانی حکومەت. بڕیارە ڕۆژی سێشەممە، جارێکی دیکە شاندی پارتی سەردانی سلێمانی بکاتەوە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان.

سەرچاوە نزیکەکە لە شاندی پارتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "بەهۆی داواکارییەکانی یەکێتی ماوەی گفتوگۆکان درێژ بووەوە. یەکێتی دەیەوێ بەر لەوەی باسی پێکهێنانی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، ڕێککەوتننامەیەکی نوێ لەگەڵ پارتی بکات.

ئەو سەرچاوەیە دەڵێت: "ئەوان دەیانەوێ پارتی بگەڕێتەوە کەرکووک و لە ئەنجوومەنی پارێزگاوە دەنگ بە بەربژێری یەکێتی بۆ پارێزگاری کەرکووک بدرێ، ئەو وەزارەتەی بەغداش کە ماوە بدرێتە ئەوان".

ئەو سەرچاوە ئاگادارە هەروەها گوتی "لە گفتوگۆکانی ئەمدواییەی سلێمانی و لە کۆبوونەوەی شاندە باڵاکەی هەردوو مەکتەبی سیاسی لە هەولێر، شاندی یەکێتی بە پارتییان گوتووە: ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە لەنێوان هەردوولا بکرێ، ئێمە ئامادەین تاوەکو ڕادەی دروستکردنی فراکسیۆنێکی هاوبەش لە پەرلەمانی کوردستان و بەغداش نزیک ببینەوە. دەبێ یەکێتی و پارتی بەپێی ڕێککەوتنەکە لە پرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە، بودجە، داهاتی هەرێمی کوردستان، بڕیارە سیاسی و ئیدارییەکان هاوبەشی ڕاستەقینە بن".

بەڵام وەڵامی پارتی دیموکراتی کوردستان بریتی بووە لەوەی "ناکرێ پۆستەکانی بەغدا تێکەڵ بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت و دەکرێ بە ڕێککەوتنێکی جیا پرسی کەرکووک یەکلا بکرێتەوە و لە حکومەتیشدا ئەوان هاوبەشی ڕاستەقینە دەبن، بەڵام 30% یان 35%ی پۆستەکانی هەرێمی کوردستان، بەرکەوتەی هەڵبژاردنە بۆ یەکێتی بەو پێیەی بزووتنەوەی گۆڕان و کەمینەکانیش بەشداریی حکومەت دەکەن".

ئاریز عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، نایشارێتەوە کە ئەوان داوای ڕێککەوتنێکی نوێیان کردووە بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان: "پێمانوایە، ئەگەر بمانەوێ پێکەوەبین و حکومەت و کوردستانێکی بەهێزمان هەبێت، دەبێت هەموو کێشە و ناکۆکییەکانمان چارەسەر بکەین، دەبێت کۆتایی بە کێشەی کەرکووک و بەغدا و پەیوەندییەکانی دەرەوە و دارایی و کێشە سیاسییەکان بهێنین، ئەوکات دەکرێ حکومەتێکی بەهێزمان هەبێت".

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە بەردەوام داوا لە پارتی دەکات بگەڕێتەوە بۆ کەرکووک و کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ یەکلاکردنەوەی پۆستی پارێزگاری کەرکووک ڕێکبخرێ، بەڵام بۆچوونی پارتی لەبارەی چارەسەری کێشەی کەرکووک ئەوەیە کە بە ڕێککەوتنێکی سیاسی لەگەڵ بەغدا دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ: "ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو پاکێجە نوێیەکانی پارتی و یەکێتی ڕوون دەبنەوە کە ئاخۆ پارتی داواکارییەکانی یەکێتی بۆ ڕێککەوتنێکی نوێ ڕەتدەکاتەوە یان نا".

> **یەکێتی داوای ڕێککەوتنێکی نوێ دەکات و پارتی ڕەتیدەکاتەوە**

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتیی یەکێتی گوتیشی: "ئێمە بە پارتیمان گوتووە، بەبێ ئەو ڕێککەوتنە بە دڵنیاییەوە لە نیوەی ڕێگادا لێک دادەبڕێین و شان نادەینە بەر بەرپرسیارێتی، بەڵام ئەگەر بە ڕێککەوتنێکەوە بچینە نێو حکومەت، لە بەغدا و لە کوردستانیش کێشەکان چارەسەر دەبن".

لە هەموو ئەو کۆبوونەوانەی پارتی لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان کردوونی، ڕاگەیێندراوی دوای کۆبوونەوەکان جەختکردنەوە بووە لە بەردەوامیدان بە گفتوگۆ و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان. بەڵام دوایین کۆبوونەوەی پارتی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان، کەشوهەوایەکی ئەرێنی هەبووە، بەو پێیەی پارتی هەوڵیداوە گۆڕان دڵنیابکاتەوە لەوەی "چوار ساڵی داهاتوو لە هەرێمی کوردستان سیستمی پەرلەمانی پەیڕەو دەکرێ و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێ و کار بۆ نووسینەوە و پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان دەکرێ و یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و نەهێشتنی سیمای دوو ئیدارەیی کاری لە پێشینە دەبن لە کابینەی نوێدا". ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی گۆڕان، وایگوت.

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان دەڵێ، ئەو بەڵێنانە بەس نین بۆ ئەوەی بزووتنەوەکەیان چوونە نێو حکومەت واژۆ بکات و لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا وردەکاریی زۆرتر باس دەکرێن "دەبێ چاوەڕێ بین تاوەکو تێبگەین لەوەی پارتی جددییە لەسەر چاکسازی؟ لەگەڵ یەکێتی بەکوێ دەگەن؟ ژیانی خەڵک باشتر دەکرێ یان نا".

ئەندامێکی دیکەی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان ڕەتیدەکاتەوە لەسەر بنەمای ململانێی هیچ لایەنێک بەشداریی حکومەت بکەن. نەسرەدین مەحموود گوتیشی: "بزووتنەوەی گۆڕان هەرچەندە هێشتا بڕیاری کۆتایی نەداوە، بەڵام بەشداریمان لە حکومەت تەنیا بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی گۆڕانە و بەرنامەی گۆڕانیش تەنیا لە باشتربوونی ژیانی خەڵک و بە دامەزراوەیی و سەروەریی یاسایە لە کوردستان، هەر بۆیە ئەو بەرنامەیە بەلای ئێمەوە لە پۆست گرنگترە".

> **پارێزگاری کەرکووک و وەزارەتێکی بەغدا گرفتی بەردەم پێکهێنانی حکومەتن**

نزیکەی سێ مانگە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کراوە، بەڵام گفتوگۆکان درەنگ دەستیانپێکرد. بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە بەرپرسێکی یەکێتی دەستیکەوتوون. لەنێوخۆی یەکێتیش ڕای جیاواز هەیە لەسەر وەرگرتنی پۆستەکان بەو پێیەی کۆسرەت ڕەسوڵ داوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بۆ ڕێواس فایەق دەکات و لە ئەگەری پێداگیریی باڵی دەستڕۆیشتوی یەکێتی بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە، جێگری سەرۆکی حکومەتی دەوێ. وەک ئەو بەرپرسەی یەکێتی باسیکرد، باڵەکەی دیکە بە کۆسرەت ڕەسوڵیان گوتووە :"پۆستی سەرۆککۆماری عێراق کە دراوە بە بەرهەم ساڵح، وەک بەربژێری ئەو مامەڵەی لەگەڵ کراوە و هەردوو پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی حکومەت لەلایەن بێگەرد تاڵەبانی و قوباد تاڵەبانییەوە پڕدەکرێنەوە".

پارتی داوای لە یەکێتی و گۆڕان کردووە داواکارییەکانیان بە فەرمی بخەنە سەر کاغەز و بڕیارە ڕۆژی سێشەممە، هەڵوێستی پارتیش بە فەرمی لەبارەی پۆستەکان و داواکارییەکانی هەردوولاوە بخەنە سەرمێزی دانوستاندن :"ڕۆژی پێنجشەممە ڕوون دەبێتەوە کە پێکهێنانی حکومەت زۆر دوادەکەوێ یان نا". ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی وایگوت.

> **پارتی: یەکێتی تەنیا 35%ی پۆستەکانی بەردەکەوێ**

> **باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتی، کۆسرەت ڕەسوڵ لە پۆستە باڵاکان بێبەش دەکات**



کۆبوونەوەی شاندی دانوستاندنکاری پارتی و گۆڕان

## ئەگەر پارتی بیانداتێ

# کۆمەڵ داوای دوو وەزارەت و دەستەیەک دەکات

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەشداری لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ بەشێک لە سەرکردەکانی کۆمەڵی ئیسلامی بووەتە هاوکێشەیەکی ئاڵۆز، بۆ شیکارکردنی پێویستیان بە کاتی زۆرتر هەیە تاوەکو دڵنیابببنەوە لەوەی پارتی بۆ بەشداری لە حکومەت لە دەرگایان دەدات، یان دەیەوێ بە گۆڕان بڵێ: ئەوانیش بەشێک بوون لە گفتوگۆکانمان، بەڵام ڕێکنەکەوتین. بەرپرسێکی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ :"زۆرینەی کۆمەڵ لەگەڵ بەشدارییە لە حکومەت، بەڵام بەو مەرجەی بەرنامە و داواکارییەکانمان لە بەرچاو بگیرێن".

پێداگیریی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەوەی کۆمەڵی ئیسلامی لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەشداری بکات، لەلایەن پارتییەوە بەهەند وەرگیراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا کە سێ کۆبوونەوەی لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان کردووە، هێشتا سەردانی کۆمەڵی نەکردووە. بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو کە لەچەند سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەستیکەوتووە، پارتی لە داهاتوویەکی نزیکدا سەردانی کۆمەڵ دەکات.

بەرپرسێکی کۆمەڵی ئیسلامی کە نەیویست ناوی بڵاو بکرێتەوە، دەڵێ دواکەوتنی کۆبوونەوەی کۆمەڵ و پارتی پەیوەندی بە دوو هۆکارەوە هەیە: "یەکەم سەرکردایەتی پارتی بۆ بەشداریی کۆمەڵ لە حکومەت بوون بە دوو بەشەوە، بەشێکیان لەگەڵ ئەوەن بەشداری بکەین و بەشێکیشیان دژن. دووەمیش پارتی دڵنیانییە لەوەی کۆمەڵ بە جددی دەیەوێ بەشداریی حکومەت بکات و کۆمەڵیش بەرچاوی ڕوون نییە کە ئاخۆ پارتی بە جددی سەردانی کۆمەڵ دەکات یان نا".



کۆمەڵی ئیسلامی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان

ئەو بەرپرسەی کۆمەڵی ئیسلامی نایشارێتەوە، حیزبەکەی مەبەستێتی بەشداریی حکومەت بکات و لەنێو سەرکردایەتی و کادرانیش گفتوگۆی زۆر کراوە "زۆربەیان لەگەڵ ئەوەن بەشداری بکات و پێیانوایە ئەگەر لەبەر بەڵێن و کەسایەتی خۆشیان بێت کە جیاوازی پیشان بدەن، مەسرور بارزانی، دەیەوێ گۆڕانکاری بکات و چاکسازی بکات، حەزی زۆرینەی کۆمەڵیش بۆ بەشداری لە حکومەت بەستراوە بەوەی چاکسازی بکرێ و داخوازییەکانی کۆمەڵ لەبەرچاو بگیرێن.

ئەو بەرپرسەی کۆمەڵ گوتی: "ئێمە لەو کابینەیە وەزیرێک و سەرۆکی دەستەیەکمان هەبووە بە پلەی وەزیر، لەم کابینەیەش کورسییەکانمان زیاد بوون، داوای دوو وەزارەت و دەستەیەک دەکەین، لانیکەم پۆستەکانی کابینەی هەشتەممان دەوێتەوە".

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان کە لە مایسی 2001 دامەزراوە، بەشداریی هەموو هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کردووە. لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا لە 30ی ئەیلول، حەوت کورسی بەدەستهێنا.

یاسین حەسەن، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵ بەلایەوە ئاساییە کە بەشداریی لە حکومەت نەکەن و ببنە ئۆپۆزیسیۆن. بەڵام دەڵێ هەرکاتێک پارتی سەردانیان بکات، ئامادەن بۆ گفتوگۆ و جەخت دەکەنەوە لە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی لەکاتی هەڵبژاردن بە خەڵکیان داوە.

> **داوای پۆستی باڵاش دەکەین**
>
> ئەندامێکی سەرکردایەتیی کۆمەڵ

بەبڕوای یاسین حەسەن، پارتی و کۆمەڵی ئیسلامی گرفتێک لە نێوانیاندا نییە کە ببێتە هۆی ئەوەی پارتی بیر لە ئاوتکردنی حیزبەکەیان بکاتەوە، بەڵام سووربوونی کۆمەڵ لەسەر بەرنامە و پەیامەکانی خۆی لە ماوەی ڕابردوو وای کردووە کە هەست بکرێ لە نێوان ئەو دوو حیزبەدا کێشە هەیە "ناکرێ پارتی و یەکێتی و گۆڕان لەنێوان خۆیاندا هەموو پۆستە باڵاکان ببڕنەوە، چونکە ژمارەی کورسییەکانی کۆمەڵ ئەوەندە دەبێت کە داوای یەکێک لەو پۆستانە بکات".

گوتیشی: "بەلای ئێمەوە هەموو وەزارەتەکان گرنگن و هەر وەزارەتێکی خزمەتگوزارییمان پێبدرێ بە گرنگی دەزانین، چونکە کاتێک وەزیرەکان بەجددی کاربکەن، هەموو وەزارەتەکان خزمەتگوزار و گرنگن".

یاسین حەسەن، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی، بۆخۆی بڕوای وایە هەرچەندە بەشێک لە سەرکردەکانی پارتی بە شێوەیەک دەدوێن کە گرنگ نەبێ کۆمەڵ لەو کابینەیەدابێت، بەڵام "دواجار پارتی سەردانی کۆمەڵ دەکات و داوای لێدەکات بەشداریی بکات، ڕاستە بە فەرمی هێشتا کۆبوونەوەیان نەکردبێ، بەڵام ڕەنگە لەسەر ئاستی بەرپرسانی باڵای هەردوو حیزب پەیوەندی تەلەفۆنی هەبێت".

پێشتر، سۆران عومەر، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ لە خوولی پێشووی پەرلەمان و ئەندامی فراکسیۆنی ئەم خوولەی پەرلەمان، لە نووسینێکی ڕاشکاوانەدا ڕایگەیاندبوو، پێویستە کۆمەڵ ببێتە ئۆپۆزسیۆن، نەک پارتی بیکات بە ئۆپۆزیسیۆن :"ئێمە دەنگی خەڵکی کوردستانمان بەو ئۆپۆزیسیۆنبوونەی ئەو حکومڕانێتییە گەندەڵ و ستەمکارە هێناوە، ئێستا ناکرێ دانیشین بەدیار فەرموو بۆ ئەو حکومەتە کە 27 ساڵە بەشداریی لە شکست و قەیران و دزی و تاڵانی داهاتی وڵات بووە".

هەروەها نووسیویەتی، پێویستە کۆمەڵی ئیسلامی خۆی یەکلابکاتەوە و ڕایبگەیەنێت، ئۆپۆزیسیۆنی گەندەڵی و دزی و ستەمکاری و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤە و پشتیوانی چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی نادادی و گەندەڵییە :"ناکرێت کە بەشداری حکومەتت پێ ناکرێت ئەوکاتە ببیتە ئۆپۆزسیۆن، وەک ئەوەی لە هەڵبژاردنی 2009 کەوتەوە، کاتێک پارتی وەڵامی کۆمەڵی نەدایەوە و ئینجا کۆمەڵ گوتی دەبینە ئۆپۆزیسیۆن".

ئەو بەرپرسەی کۆمەڵی ئیسلامی کە داوایکرد ناوی بڵاونەکلاێتەوە، پێیوایە بەهۆی داواکارییە زۆرەکانی یەکێتی لە کابینەی نۆیەم بۆ وەرگرتنی پۆست، پێدەچێ "پارتی ناچار ببێ داوای بەشداریی لە کۆمەڵ بکات، چونکە یەکێتی داواکاریی زۆری بە بەشداریی لە حکومەت هەڵواسیوە و مەلەفی کەرکووک و بەغداشی پێوەگرێداوە، ئەوە جگە لە پۆستە باڵاکان، داوای وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانیش دەکات. لەو دۆخەدا پارتی پێویستی بە بەشداریی کۆمەڵ دەبێت".

رووداو
راپۆرت
ژمارە (535) - دووشەممە 2018/12/24



## دابەشکردنی پارەی کارمەندانی گرێبەست دەکەوێتە ساڵی نوێ

**رووداو- هەولێر**

نزیکەی سێ مانگ بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان تێپەڕدەبێت. بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی دارایی لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی کوردستان دەڵێت "دابەشکردنی پارەی کارمەندانی گرێبەست دەکەوێتە ساڵی نوێ". زەردەشت مەلا حەسەن، بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی دارایی لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "لیژنەکەمان وردبینی لە لیستی ناوی کارمەندانی گرێبەست لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە و دهۆک تەواوکردووە و تەنیا چەند کارێک ماوە. بۆیە پرۆسەی دابەشکردنی پارەی کارمەندانی گرێبەست دەکەوێتە کۆتاییەکانی مانگی یەکی ساڵی 2019 ـەوە".

### عومەر شێخمووس، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی بۆ (رووداو):

# مەترسی بەبنەماڵەکردنی حیزب یەکێکە لە کێشەکانی یەکێتی



## گرژیی نێوان یەکێتی و پارتی کاتییە

عومەر شـێخمووس، یەکێک لە دەسـتەی دامەزرێنەرانی یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتانە، ئێستا لە سوید دادەنیشـێ. لـە هەڤپەیڤینێکـدا لەگـەڵ (رووداو) کە لەڕێگـەی ئیمەیلـەوە لەگەڵی کراوە، باسـی هۆکاری دوورکەوتنەوە لە کاری حیزبی دەکات و هەروەها کێشـەکانی ئێسـتای نێوخۆی یەکێتی رووندەکاتەوە و دەڵێ "ناروونی دارایی یەکێتی و رێزنەگرتن لە پەیڕەو و پرۆگرامی حیزبەکە و مەترسی بە بنەماڵەییبوونی حیزبەکەیە" عومەر شێخمووس، وەڵامی زۆر پرسیاری دیکە لە بارەی یەکێتی و داهاتووی حیزبەکە، دەداتەوە.

**هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود**
**رووداو - سلێمانی**

**رووداو: لە دەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتی، تەنیا تۆ و د.فوئاد مەعسوم لەژیاندا ماون. د. فوئاد دەڵێ بە نووسینەوەی یاداشتەکانی سەرقاڵ دەبێت و تۆش لـە کاری حیزبی دوورکەوتوویتـەوە، بۆچی ناتەوێ بکەڕێیەوە؟**

**عومـەر شـێخمووس:** پـاش ژیانێکـی زۆر لـە ئینگلیزسـتان و سـوید وەک دوو وڵاتی دیموکراتی نموونەیـی، شـێوەی کاری حیزبی لە کوردسـتان، لەگەڵ بۆچوون و سرووشتی من ناگونجێت. بێگومان تەمەن و رەوشی تەندروستیش رۆڵی خۆی دەبینێ. هەروەها، پێویسـتە ئیتر کادری گەنج و لێوەشـاوە بێنە پێش و ئەو ئەرکە وەربگرن.

**رووداو: لەو سـاڵانە یەکێتی بە دەسـت کێشەی نێوخۆییەوە دەیناڵاند و زۆرجار ناکۆکییەکان لەگرێژنە دەردەچوون، بەڵام ئێوەی دەسـتەی دامەزرێنەرانی یەکێتی هیچ پرۆژە و هەوڵێکی چارەسەرخوازانەتان نەبوو، ئایا هۆیەکە ئەوەبوو لە چارەسەری کێشەکان نائومێد بوون؟**

**عومەر شـێخمووس:** راسـتییەکەی بـە نهێنی و بێدەنگی، هەوڵێکی زۆرمان دەدا. بەڵام زۆر بەداخەوە بێئەنجام بوو، چونکە ناکۆکییەکان سیاسی و فکری نەبوون.

**رووداو: ئێستا لەنێو یەکێتیدا بافڵ تاڵەبانی، وەک کاپتنێکی چالاک و بڕیاربەدەسـت دەردەکەوێ. ئەو بەرهەم ساڵحی گەڕاندەوە نێو یەکێتی، پێتوایە بافڵ تاڵەبانی، ئێستا ئامادەبێت بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی؟**

**عومەر شـێخمووس:** رۆڵێکی زۆر باشـی بینیوە و بەردەوامە لەسـەر ئەو رۆڵە. بۆ ئایندە، پێویستە کۆنگرە رۆڵ و پلەی ئەو دەستنیشان بکات.

> پێویستە لە کۆنگرە رۆڵ و پلەی بافڵ تاڵەبانی دەستنیشان بکرێ

**رووداو: جیاوازییەکانـی ئەو یەکێتییەی ئێسـتا هەیە لەگەڵ یەکێتیی 20 ساڵ لەمەوبەر چییە؟**

**عومەر شـێخمووس:** یەکێتی جـاران زۆر زیندوو بەهێـز بـوو.، بـەڵام ئێسـتا لاوازتـر بـووە لەبەر ناکۆکییەکانـی ناو ریزەکانی و جیابوونەوەی هەندێ لـە کادرە سـەرەکییەکانی و کۆچـی دوایـی هەڤاڵ مـام جەلال، بـەڵام پاش هەڵبژاردنەکانـی عێراق و کوردسـتان ز بەدەسـتهێنانەوەی پۆسـتی سەرۆک کۆمار، هەسـت بە هەسـتانەوەی زۆر بەهێزی ورە و رۆڵی یەکێتی دەکرێ

**رووداو: دەکرێ گەڕانەوەی بەرهەم سـاڵح بۆ ناو یەکێتی، وەک چارەسـەربوونی بەشـێک لە کێشـە نێوخۆییەکان سەیر بکرێ؟**

**عومـەر شـێخمووس:** بەڵێ. گەڕانـەوەی دکتۆر بەرهەم بۆ ناو یەکێتی، هێز و توانایەکی زۆر دەداتە حیزبەکە. زەمینەش خۆشدەکات بۆ چارەسەربوونی بەشێک لە کێشە ناوخۆییەکانی حیزبەکە.

**رووداو: ئێستا گەنجەکانی نێو یەکێتی هەرچەندە پۆسـتی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسییان نییە، بـەڵام بەردەوام وەک چارەسەرسـازی کێشـەکان و بڕیاردەری یەکێتی دەردەکەون، وەک بافڵ تاڵەبانی و لاهور شـێخ جەنگی، تۆ لە نزیکەوە کارت لەگەڵ کردوون؟ پێتوایە ئەوان بۆ هەسـتاندنەوەی یەکێتی کاریگەرین؟**

**عومەر شـێخمووس:** ئەو گەنجانە، قوباد و لاهور و بافڵ، ژمارەیەک خەڵکی دیکە، توانیویانە جەماوەر و کادر و ئەندامانـی یەکێتـی بەشـێوەیەکی بەهێز بخەنەوەگـەڕ. هەتاوەکو ئێسـتا کاریگەرییان دیارە و لەبەرچـاوە. ئومێدەوارم بتوانن رۆڵێکی پۆزەتیف ببینن لە پرۆسـەی گۆڕانکاری و ریفۆرمی پێویسـت لەناو یەکێتی.

**رووداو: ئێستا مەلا بەختیار لەماڵەوە دانیشتووە و زوویر بووە، لەوماوەیە قسەت لەگەڵ نەکردووە؟**

**عومەر شـێخمووس:** بەڵێ قسەم لەگەڵ کردووە. دوو بۆ سێ جار پەیوەندیم پێوەکردووە. پێمباشە واز لە زوویربوون بهێنێ و بگەڕێتەوە سەرکارەکانی لەناو مەکتەبی سیاسیدا.

**رووداو: بەبڕوای تۆ دانیشتنی مەلا بەختیار زیان لە یەکێتی دەدات؟**

**عومەر شێخمووس:** بەڵێ، ئەوە گومانی تێدا نییە. لەبەرئـەوەی کاک مەلا بەختیار خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەنـدی پێشـمەرگایەتی، رێکخسـتن، فکری و سیاسـییە. هەروەهـا کەسـێکی زۆر چالاکـە و لەدەسـتدانی سەرکردەیەکی لێوەشاوەی وا بە زیانی یەکێتی و هەر حیزبێک تەواو دەبێ.

**رووداو: جارێکـی دیکـە یەکێتـی پۆسـتی سـەرۆککۆماری وەرگرتـەوە، پێتوایـە ئەو پۆسـتە تاوەکـو چەند دەتوانێ رۆڵی هەبێت بۆ بەهێزکردنی یەکێتی؟**

**عومەر شـێخمووس:** هەر لەسەرەتاوە هەست بە جۆرە هەستانەوەیەک دەکرا. باوەڕ و متمانە بەخۆیان و تواناکەیـان لە بەرزیدابوو. هەروەها شـانازیکردن بـە کارەکانیان لە ئەنجامی سـەرکەوتنە رێژەییەکە لـە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردسـتان و عێراق بـوو، بەتایبەتی لە سـلێمانی. دوورنییە ئەمە ببێت بە فاکتەر و هەوێنی پرۆسەیەکی باش و ئەرێنی بۆ گۆڕانکاری و ریفۆرم لەناو هەیکەل و رێکخستنەکانی یەکێتی بەتایبەت بەستنی کۆنگرە.

> هەوڵی زۆرمان دا بۆ چارەسەری کێشەکانی یەکێتی بەڵام ئەنجامی نەبوو

**رووداو: ئێسـتا پەیوەندییەکانی یەکێتی و پارتی باش نین، تۆ هۆکاری تێکچوونی پەیوەندی نێوانیان چۆن لێکدەدەیەوە؟**

**عومـەر شـێخمووس:** ئـەو گرژیانـە کاتیـن و پەیوەندییـان بـە هەڵبژاردنەکانەوە هەبوو. ئێسـتا دەبینین کە بەشێوەیەکی واقیعییانە هەموو لایەنەکان دەسـتیان کردووە بە گفتوگۆی جددی بۆ رێککەوتن و هاوکاریـی یەکدی. دوور نییە رەوشـی شـڵەژاو و ئاڵـۆزی هەرێمی کوردسـتان و ناوچەکـەش، زیاتر هانیان بدات بۆ رێکخستنی نێوماڵی کوردستان.

**رووداو: کاک نەوشـیروان و مـام جـەلال بەدوای یەکـدا کۆچی دواییان کـرد، ئایا ئەوە بەمانای ئەوە دێ کە سلێمانی سەرکردەی ژیر و کارناس و وریای نەمابێ بۆ بەڕێوەبردن؟**

**عومەر شـێخ مووس:** نەخێر، سـلێمانی خاوەنی سەدان کەسـایەتی و سەرکردەی ژیر و کارناسە کە بتوانن رۆڵ و شـوێنی مام جەلال و کاک نەوشیروان بگرنـەوە. مام جەلال نیـوە کۆیی و نیوە کەرکوکی بوو. کاک نەوشـیروانیش شـارەزووری بووە. ئەگەر پێوەر یان پێوانەیەکی سلێمانیانەش بەکار بهێنین، ژنەکانیشیان نیوە سلێمانین.

**رووداو: تۆ یاداشتەکانی خۆت نووسیوەتەوە؟**

**عومەر شێخمووس:** لە ساڵی 2010، کاک نەوزاد عەلـی ئەحمـەد، کتێبێکی نووسـی لەسـەر ژیانی سیاسـیم، بەناوی (پشـکۆیەک لە خۆڵەمێشـدا). ئەمسـاڵ چاپی دووەمی دەرچـوو. هەروەها لەلایەن کاک یاسین حوسێن کرا بە عەرەبی و لە سلێمانی و قاهیرە چاپکرا. بەمنزیکانەش بە کرمانجی و لاتینی لـە سـتوکهۆڵم و دیاربەکـر چاپ دەکرێت. ئێسـتا بۆخۆشـم خەریکی نووسینی یاداشتەکانی خۆمم بە ئینگلیزی.

**رووداو: چ شـتێک لە دۆخی نێوخۆی یەکێتی تۆ زۆر نیگەران دەکات؟**

**عومەر شێخمووس:** دەکرێ بڵێین چەند خاڵێک. یەکێکیان پێویستی جیاکردنەوەی سەروەت و سامانی یەکێتی لە موڵکی تایبەتی و شەخسـییە. هەروەها پێویستی دانانی میزانییەیەکی دیاریکراوی ساڵانە بۆ حیزب و کاری رێکخراوەیی. دووەمیش، رێز نەگرتنە لەپەیـڕە و پرۆگـرام و دەزگاکانـی سـەرکردایەتی. سێیەم مەترسی بەبنەماڵەکردنی حیزبە.

**رووداو: لـەم ماوەیە بەشـداریی کۆنفرانسـێکت کردبـوو، ئەو کۆنفرانسـە لەبارەی چـی بوو؟ چۆن بەشداریت کرد؟**

**عومەر شـێخمووس:** لەگەڵ چەندین کەسـایەتی سـەربەخۆ و بەناوبانگـی سـووریا، هەوڵدەدەین بۆ دۆزینەوەی چارەسـەرێکی ئاشـتییانە بۆ رەوشـی سووریا. ئەمە سێیەمین کۆبوونەوە بوو.

**رووداو: یەکێتـی ئامادەکاریـی دەکات بۆ ئەوەی کۆنگرە ببەستێ، دەتەوێ بۆ بەشداری لەو کۆنگرەیە بگەڕێیتەوە کوردستان؟**

**عومـەر شـێخمووس:** بێگومـان، زۆرم پێخۆش دەبێت.

**رووداو: ئەگـەر داوات لێبکـەن خـۆت هەڵدەبژێرییەوە؟**

**عومەر شـێخمووس:** نەخێر، پێم باشترە گەنج و ژنی زیاتر لەسەرکردایەتی یەکێتیدا هەبن. دوور نییە ئامادەبم بەشداریی لە ئەنجوومەنێکی بچکۆلەی پیران یان راوێژکاری بکەم کە لە 10- 15 کەس پێکبێ.

### ئازاد تۆفیق، پارێزگاری هەڵەبجە بۆ (رووداو):

# بۆ جیاکردنەوەی فۆرمی خۆراک چاوەڕێی پێکهێنانی حکومەتم

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**



پارێزگاری هەڵەبجە باسـی پرۆژەیـەک دەکات بۆ ئـەوەی جارێکـی دیکە پرسـی کیمیابارانی هەڵەبجە و کەموکورتییە ئیدارییەکانی لەسـەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ببێتەوە بـە رۆژەڤ و بتوانن بەو هۆیەوە بەشـێک لە کێشـە ئیداری و خزمەتگوزارییەکانی شارەکە چارەسەر بکەن. ئەوەش بە بەشێک لەو ئەرکانە دەزانێ کە لەسەرەتای دەستبەکاربوونییەوە بەڵێنی جێبەجێکردنی داون.

رۆژی 2018/8/10 ئـازاد تۆفیق، وەک پارێزگاری هەڵەبجە دەسـتبەکار بوو. ئێسـتا لەگـەڵ تیمەکەی سـەرقاڵن بـە پرۆژەیەکـەوە بـۆ ئـەوەی هەڵەبجـە جووڵـەی ژیانـەوە و خزمەتگـوزاری تێبکـەوێ و بە پارێزگابوونەکەی رەنگبداتەوە لە ژیانی خەڵکەکەیدا.

ئازاد تۆفیق، باسی وردەکاریی پرۆژەکەیان دەکات و دەڵێ: "کارنامەکەمان خۆی لە 3 فۆڕمدا دەبینێتەوە، مخاتەبەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوە دەکەین کە هەڵەبجە بووە بە پارێزگا و دەبێت بودجەی هەبێت، ئەمنیەتی پارێزراو بێت، دەستی بنیاتنان و ئاوەدانی بۆ درێژ بکرێت. بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ جێگری سەرۆکی حکومـەت و 13 وەزارەت کۆبووینەتەوە، بەشـێک لە کار و پرۆژەکان ئێستا بۆمان دەکەن، بەشێکی دیکەی دەکەوێتـە کابینـەی داهاتـووی حکومەتـی هەرێمی کوردستان.

هەروەها دەڵێت: "موخاتەبەی حکومەتی عێراقیش بەوە دەکەین، دامەزراوە ئیتیحادییەکان کە هاوبەشـن لە نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان، دەبێت بڕیاریان بۆ دەربکرێت و لە هەڵەبجە دروسـت بکرێن، هاوکات لەلایەن وەزارەتەکانەوە پشـتیوانی بکرێن، بڕیارە بەم نزیکانـەش بچینـە لای نێچیرڤان بارزانی، سـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆئەوەی گفتوگۆ بکەین لەبارەی کارنامەکەمان".

ئێسـتا ئەو چاوەڕێی تەواوبوونی کابینەکەی عادل عەبدولمەهدییـە بـۆ ئـەوەی بچێتە بەغـدا و لەگەڵ سـەرۆکوەزیرانی عێـراق کۆببێتـەوە :"پێیدەڵێیـن هەڵەبجە تەنیـا بەڵگەنامەی ئەوەیە کە عێراق چەکی کۆکوژی هەبووە، هەر ئەو بەڵگەیەش جیهانی هان دا رژێمی سـەددام بڕووخێنن و عێراقی نوێ بنیات بنرێ ، بۆیە دەبێ بەغدا داواکارییەکانی هەڵەبجە جێبەجێ بکات".

پارێزگاری هەڵەبجە، باسـی ئامادەکردنی فۆرمێک دەکات کە بە چوار زمانی جیاواز (ئینگلیزی و عەرەبی و فارسـی و تورکـی) ئامادەکراوە :"بڕیـارە لە پێنج رۆژی یەکەمی سـەرەتای ساڵی نوێ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا لەسـەر مـەزاری شـەهیدانی هەڵەبجە بـە هەر چوار زمانـە جیاوازەکە بخوێندرێتـەوە، داوا دەکەین دەسـتی هاوکاری بۆ هەڵەبجە، وەک شارێکی ستەملێکراو درێژ بکەن".

لـە 2014/3/13 بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران، لەبەر تایبەتمەندیی ئەم شـارە وەک شاری شەهیدان، بڕیاری بە پارێزگابوونی بۆ دەرچوو. لە 2014/3/16ی هەمان سـاڵیش مەرسومی سەرۆکایەتی بۆ بوونی بە پارێزگا بۆ دەرچوو. ئەوە چوار ساڵە هەڵەبجە بووەتە پارێزگا و هێشـتا بەغدا وەک پارێزگا مامەڵەی لەگەڵ ناکات، ئەوەش بووەتە کێشە و لەڕووی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزارییەوە تەنیا حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی بۆ دابین کردووە، بەڵام لەو ماوەیەدا بەهۆی بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغدا و شـەڕی داعشەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کەوتە نێو قەیرانێکی گەورەی دارایی.

> بەم نزیکانە سەردانی نێچیرڤان بارزانی دەکەم

ئازاد تۆفیـق، پارێزگاری هەڵەبجـە دەڵێ بەهۆی جیاوازیی ئەرکەکانیانەوە، پرۆژەکەمان بۆ مامەڵەکردن لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتان و بەغـدا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جیاوازە "مەبەستمانە بەغدا بەرپرسیارێتی خـۆی بەرامبـەر هەڵەبجە جێبەجێ بکات. کێشـەی سەرەکی هەڵەبجە ئەوەیە هێشتا هەندێک دامەزراوەی عێراقـی هـەن دان بە پارێـزگای هەڵەبجـەدا نانێن، لـە بودجـەی 2019 هیچی بۆ دیاری نەکـراوە، بەڵام نوێنەرانی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەران شەڕ لەسەر ئەم پرسە دەکەن. گفتوگۆمان لەگەڵ کردووە، یەکێک لە کارەکانیان ئەوەیە ئەگەر بەشـێوەیەکی رێژەییش بێـت لە بودجەی 2019، بەشـە بودجـەی هەڵەبجە دیاری بکرێت".

پارێـزگاری هەڵەبجە ئاماژەی بـەوەدا کە نزیکەی 252 پـڕۆژە بەهـۆی قەیرانـی داراییەوە وەسـتاون، بەشـێکیان 70%یان تەواوکـراوە و تەنیا ئەوانە تەواو دەکـەن، چونکە بودجەی کەمتری دەوێت، دوو پردی زۆر گەورە هەن کە هەڵەبجە لە داخراوی رزگار دەکەن، ئەوانیـش پـردی سـەید محەممـەد کـە تەواوکردنی پێویستی بە 100 ملیۆن دۆلارە و دووەمیشیان پردی توخورد کە دەکەوێتە نێوان هەڵەبجە و دەربەندیخان و پێویستی بە 25 ملیۆن دۆلارە.

پارێـزگاری هەڵەبجـە جەخـت دەکاتـەوە لەوەی لـە هەوڵەکانیـان بـەردەوام دەبن بۆ ئـەوەی جیهان قەرزەکانی خـۆی بەرامبەر هەڵەبجە بداتەوە: "ئەوجا ئەگـەر دانـەوەی قەرزەکە بە دروسـتکردنی پرۆژەی خزمەتگـوزاری و درێژکردنی دەسـتی هاوکاری بێت، یان بە هەر جۆرێک کە لە بەرژەوەندیی دانیشـتووانی شارەکە تەواو ببێ، ئێمە پێشوازی لێدەکەین".

لەبـارەی دواخسـتنی سەردانەکەشـی بـۆ لای سـەرۆکوەزیرانی عێـراق، پارێـزگاری هەڵەبجە دەڵێ تاوەکـو حکومـەت بەتـەواوی پێکنەیـەت ناڕۆین :"دەمانـەوێ حکومەتەکەی عەبدولمەهدی کامل ببێ بۆ ئـەوەی فۆرمی خۆراک و ژمارەی ئۆتۆمبێل و هاتوچۆ جیابکەینەوە و هەموو رێوشوێنەکانی بە پارێزگابوونی هەڵەبجە تەواو ببن".

## هەڤاڵ کوێستانی، نووسەری کتێبی (ئەو ڕۆژەی نیشتیمان هی هەمووان بوو) بۆ (ڕووداو):

# کۆمەڵە پێیوابوو خەباتی چینایەتی شەڕکردنە لە دژی بنەماڵەی بارزانی

هەڤاڵ کوێستانی، نووسەری کتێبی (ئەو ڕۆژەی نیشتیمان هی هەمووان بوو) لە بەشی سێیەمی هەڤپەیڤینەکەی بەرنامەی پەنجەمۆری کەناڵی ڕووداودا، شایەتی لەسەر چەند ڕووداوێکی دیکەی شۆڕش دەدات، لەوانەش بە بارمتەگرتنی بیانییەکان لەلایەن یەکێتی، بەیاننامەکەی شوبات، وتارەکەی مەلا بەختیار، ناڕەزایی کۆمەڵە لە دژی دانانی دوو ئەندامی تازە بۆ مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، جیابوونەوەی محەممەدی حاجی مەحموود لە یەکێتی، گرتنی نەوشیروان مستەفا لەلایەن سۆسیالیست و چۆنیەتی ڕزگاربوونی لە زیندانەکەی سۆسیالیست لە چیای سوورێن. بەرنامەی پەنجەمۆر سەعات 22:05ی شەوی هەینی لە کەناڵی (ڕووداو) پەخشدەکرێ.

هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین
ڕووداو - سلێمانی



> ترسمان هەبوو سۆسیالیست کاک نەوشیروان بکوژێ یان بە عێراق و ئێرانی بفرۆشێ

> کادیرەکانی هەرێمی یەک کاکە حەمەیان تۆمەتبار دەکرد بە جەردەیی و سەرانەسەندن

> عەبدولڕەحمان زەبیحی لەسەر پێدانی چەک بە یەکێتی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بێسەروشوێن کرا

**بەشی سێیەم**

**ڕووداو: بەیاننامەیەک بەناوی بەیاننامەی شوبات بڵاوکرایەوە، ناکۆکییەکانی کۆمەڵەی قووڵتر کردەوە، کێ ئەو بەیاننامەیەی نووسی؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** بەیانی شوبات لە ساڵی 1976 لەلایەن کۆمیتەی هەرێمەکان نووسرا، ئەوکاتە سەرکردایەتی پێشووتری کۆمەڵە، شەهابی شێخ نووری و فەرەیدوون عەبدولقادر و عەلی بچکۆل و عومەری سەید عەلی و جەعفەر عەبدولواحید و ئەنوەر زۆراب، لە زیندان بوون. بەڵام بەیانەکە وەکو کۆمیتەی هەرێمەکان خۆیان دەڵێن بە ژمارەیەکی زۆر کەم بڵاوکراوەتەوە. زۆر بە نهێنیش بووە و تەنیا دراوەتە چەند کەسێکی دیاریکراو. بەیانەکە باسی بارودۆخی کۆمەڵە دەکات، باسی ڕۆیشتنی برادەرانی سەرکردایەتی دەکات بۆ ئێران کە لەوێوە بە تەمابوون بڕۆن بۆ سووریا. بەیانەکە ئەمەی بە جۆرێک لە ڕاکردن لە قەڵەم دابوو.

**ڕووداو: دوای ئەوە وتارێک لەلایەن مەلا بەختیارەوە دەنووسرێ، وەک دەڵێن قورەکەی خەستتر کرد.**

**هەڤاڵ کوێستانی:** ئەم وتارەی مەلا بەختیار ساڵی 1980 لە ژمارەی شەشی گۆڤاری کۆمەڵەدا بڵاوکرایەوە. ئەوکاتە بوو کە حکومەتی عێراق لێبووردنی گشتی دەرکردبوو. ئەو برادەرانەی پێشووتری سەرکردایەتیی کۆمەڵە کە گیرابوون، بەر ئەو لێبووردنە گشتییە کەوتبوون زۆربەیان هاتنە دەرەوە، وتارەکەش کەوتە ئەوکاتە. وتارەکە باسی بارودۆخی کۆمەڵە دەکات. جارێکی دیکە باسی ڕۆیشتنی ئەو برادەرانە دەکات. باسی کۆمیتەی هەرێمەکان دەکات کە چۆن جارێکی دیکە کۆمەڵەیان هەڵساندەوە. لەوێدا دیارە ڕەخنە لە سەرکردایەتی پێشووی کۆمەڵە دەگرێ. ئەو برادەرانە ئەمەیان بە پێشوازییەکی زۆر سلبی زانی و پێیانوابوو ئەوە بۆ شکاندنی ناوبانگی ئەوانە. بۆ لاوازکردنی پێگەی ئەوانە لە ناو کادیران و ئەندامانی و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە. من پێموانییە مەلا بەختیار بە مەبەست وتارەکەی نووسیبێ، چونکە وتارەکە کاتێک نووسراوە، کە ئەو برادەرانە هەر لە زیندان بوون.

**ڕووداو: ئەوە ڕاستە خاڵە شیهاب و هاوڕێکانی ویستوویانە مۆڵەتی دامەزراندنی حیزب لە حکومەتی عێراق وەربگرن؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** لەدوای نسکۆی 1975 بەشێک لە سەرکردەکانی کۆمەڵە پێیانوابوو بۆشاییەکی سیاسی گەورە دروستبووە. ئەوان دەتوانن کاری زۆر جیددی تێدا بکەن. سەرکردایەتی ئەوکاتی کۆمەڵە لەسەر بنچینەی تێزی سێ جیهان کە ئەوان باوەڕیان پێی بوو، حکومەتی عێراقیان نەدەخستە خانەی دوژمنی سەرەکییەوە. دەیانخستە خانەی دوژمنی لاوەکییەوە. بۆیە پێیانوابوو ئەگەر حکومەت مۆڵەتیان بداتێ، دەتوانن خەباتی سیاسی بکەن.

**ڕووداو: یەکێک لە ئەرکەکانتان ناونووسکردنی ئەندامانی کۆمەڵە بووە، ئایا مەبەست لەوە چی بوو؟ بۆ ئەوە بوو لە باڵەکانی دیکەی یەکێتی جیایان بکەنەوە؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** یەکەمجار کە یەکێتی دروست بوو، تاکە ڕێکخراو کە تێیدابوو تەنیا کۆمەڵە بوو، نە بزووتنەوە هەبوو، نە خەتی گشتی. کۆمەڵە کە خەڵکی ڕادەکێشا بۆ ناو ڕێکخستنەکان سەرەتا لە ڕێگەی یەکێتییەوە قسەی لەگەڵ دەکردن. دواتر هەڵیدەسەنگاندن تا چەند باوەڕیان بە مارکسیەت هەیە. ئینجا داوایان لێدەکردن ببنە کۆمەڵە. بۆیە زۆربەی ڕێکخستنەکانی یەکێتی و کۆمەڵە تێکەڵاو بوون. بەشی زۆری ئەوانەی ئەندامی یەکێتی بوون، لە ڕێگەی کۆمەڵەوە ڕێکخرابوون. ساڵی 1980 دوای ئەوەی خەتی گشتی دروست بوو، ئینجا بزووتنەوە هەبوو. سەرکردایەتی کۆمەڵە بیری لەوە کردەوە کاتی ئەوە هاتووە ڕێکخستنەکانی خۆی لەو دوو باڵە جیا بکاتەوە. لیژنەیەک بە سەرپەرشتی مەلا بەختیار پێکهێنرا. دواتر عومەری سەید عەلی بووە سەرپەرشتیاری لیژنەکە. سەرەتا لە هەرێمی پارێزگاری ئەوانەی پارێزگاریان لە سەرکردایەتی دەکرد دەستمان پێکرد. هەموو ئەوانەی لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا بوون، جیامان کردنەوە. دواتر پرۆسەکە گوازرایەوە بۆ هەرێمەکان و شوێنەکانی دیکەش.

**ڕووداو: تۆ زۆرجار لە دەرەوەی حیزب هەندێک کارت کردووە، بۆ نموونە بەیاننامەیەک دەردەکەی و داوای خەباتی مەدەنی دەکەی، باشە لەو سەردەم چۆن بەرامبەر ڕژێمێکی دڕندەی وەکو سەددام خەباتی مەدەنی دەکرا، وابزانم مام جەلال لەسەر ئەمە لێت نیگەران دەبێ؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** من زۆر نەبوو لە نێو شاردا هاتبووم، دەمزانی خەڵک چەند تووڕە و بێزارە لەو ڕژێمە. خەڵک ئامادەی قوربانیدانی هەیە. ئەمانە هۆکارێک بوون بۆ ئەوەی ئەو بیرۆکەیە لەلای من دروستببێ. هۆکارێکی دیکە، دوای ماوەیەک تێگەیشتم ئەو بەرنامەیەی ئێمە هەمانە بە شۆڕشی درێژخایەن و شەڕی پارتیزانی ناتوانین بەرامبەر بە ڕژێم بوەستین. من بیرۆکەکەم لەگەڵ مامۆستا جەعفەر باسکرد کە ئەوکات بەرپرسی دەزگای ڕاگەیاندن بوو، ئەویش بیرۆکەکەی لەلا باشبوو. ئیدی من بەیاننامەکەم نووسی و مامۆستا جەعفەریش پێیداچووەوە و بەدڵی بوو، بە ژمارەیەکی زۆر چاپ و بڵاومان کردەوە. ئێمە لەبەیاننامەکەدا داوامان کردبوو لە پاڵ شۆڕشی چەکداری پێویستە دەست بە خەباتی مەدەنیش بکەین. مام جەلال کە بەیاننامەکەی بینیبوو زۆر

> مام جەلال قەت داوای گفتوگۆی لە ڕژێم نەکردووە

تووڕە بووبوو.

**ڕووداو: لێپرسینەوەی لەگەڵ کردن؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** وەکو لێپرسنەوە نەخێر. قسەی لەگەڵ مامۆستا جەعفەر کردبوو، مام جەلال گوتبووی دەزگای ڕاگەیاندن ئەو مافەی نییە بەیانێک دەربکات و دەستکاری ستراتیژی یەکێتی بکات کە شەڕی درێژخایەن بوو لە دژی ڕژێم. ڕاستییەکەی ڕەخنە و تووڕەبوونەکانی مام جەلال لە جێی خۆیدا بوون، ئێمە ئەو دەسەڵاتەمان نەبوو.

**ڕووداو: یەکێک لە تێکۆشانەکانی ئێوە خەباتی چینایەتییە، بەڵام ئێوە ستراتیژییەتی خەباتی چینایەتی خۆتان بەستبووەوە بنەماڵەی بارزانییەوە.**

**هەڤاڵ کوێستانی:** بۆ مەسەلەی خەباتی چینایەتی و دانانی ماڵی بارزانی بە دوژمنی سەرەکی و خەباتی چینایەتیمان لە دژی ئەوان، زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵە. کۆمەڵە سەرەتا زۆر لەژێر کاریگەری خەباتی ماوتسی تۆنگدا بووە، لەوێ ئەوان خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتیان بە یەکەوە کردووە، خەباتیان لە دژی کۆمیتانگ کردووە کە ماوەیەکی زۆر حوکمی چینیان کردووە. لە هەمانکاتدا خەباتیان دژی سەرمایەدار و ئیمپریالیزمی جیهانی کردووە. برادەرانی سەرکردایەتی کۆمەڵەش بە هەمان پێودانگ هاتوون سروشتی کۆمەڵگەی کوردەواریان پێوانە کردووە بە سروشتی کۆمەڵگەی چینی. ماڵی بارزانیان خستووەتە جێگەی کۆمیتانگ. ئەوان

> بە بارمتەگرتنی بیانییەکان بڕیاری سەرکردایەتیی یەکێتی بوو

پێیانوابوو خەباتی نەتەوایەتی ڕزگارکردنی نیشتیمانە لە دەست داگیرکەران و خەباتی چینایەتیش شەڕکردنە دژی بنەماڵەی بارزانی.

**ڕووداو: جا ئەمە بەراوردکردنێکی ڕەوایە؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** ئەم لۆجیکە تاوەکو کۆنفرانسی یەک و واوەتریش مابوو، بەڵام ئێستا کە سەیری ئەوە بکەی نەخێر لۆژیکێک نییە کە لە جێی خۆیدا بێ. خەباتی چینایەتی بۆ ڕێکخراوێکی مارکسی خەباتە لە دژی سەرمایەداری. نەک توێژێکی دیکەی کۆمەڵایەتی کە ناچنە خانەی سەرمایەدارییەوە. پۆلێنکردنەکە هەڵە بوو.

**ڕووداو: ئێوە دەچنە بانە لەوێ چەک لە ڕێکخراوێکی ئیسلامی ڕۆژهەڵات وەردەگرن کە پەیوەندییشی لەگەڵ عێراق هەبووە، لە کاتێکدا ئێوە ڕێکخراوێکی مارکسی لینینین، ئەمە چۆن بوو؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** مەرج نییە سەرچاوەکانی چەکت هەمیشە ئەو وڵات و ئەو ڕێکخراوانە بن کە هەمان ئایدۆلۆژیا و بیرکردنەوەی تۆیان هەیە. ئێمە لەو قۆناغەدا زۆرجار چەکمان لە ڕێگەی جاش و قاچاچچییەوە کڕیوە. ئینجا ئەو چەکانەی کە ڕێکخراوی خەبات بە ئێمەی دەدا، دواتر من زانیم، چەکەکان لە ڕێگەی عەبدولڕەحمان زەبیحییەوە دابین کرابوون. ئەوان و دیموکراتیش زۆرتر چەکەکانیان لە ڕێگەی عێراقەوە بۆ دابین دەکرا. زەبیحی پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ مام جەلال و یەکێتیدا هەبوو، هەر ئەو کۆمەک و یارمەتییانەشی بووە هۆی ئەوەی لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە دەستگیربکرێ و بێسەروشوێن بکرێ.

**ڕووداو: بۆچی کۆمەڵە دژی ئەوە بوو جەمال ئاغا و عەلی حەوێز ببنە ئەندامی مەکتەبی سیاسی؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** ناڕەزاییەتییەکەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە کۆمەڵە بەشی هەرە سەرەکی یەکێتی پێکدێنێ. بۆیە ناهەقییەکی زۆر بوو بەرامبەر کۆمەڵە دەکرا. کاتێکیش ئەو دوو بەڕێزە وەکو بزووتنەوە پێشنیازکران بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. سەرکردایەتیی کۆمەڵە ناڕازی بوون، چونکە هەردوویان ماوەیەکی کەم بوو هاتبوونە دەرەوە. بەشداری خەباتی ناو شاریشیان کەم بوو. ئیدی سەرکردایەتی کۆمەڵە پێیوابوو بەپێی ئەو توانایەی ئەوان هەیانە. شایستەی ئەوە نین ببنە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. پێیانوابوو ئەمە هەم بۆ مەکتەبی سیاسی باش نییە، هەمیش بۆ نوێنەرانی کۆمەڵەش لە مەکتەبی سیاسی باش نییە.

**ڕووداو: بەڵام دواتر بە هەڕەشەیەکی مام جەلال ڕازی دەبن.**

**هەڤاڵ کوێستانی:** مام جەلال ناڕازی بوو، هەڕەشەی دەستلەکارکێشانەوەی کرد ئەگەر ئەوانە دانەنرێن. سەرکردایەتیی کۆمەڵەش سووربوون لەسەر ئەوەی هەڕەشەکان قبوڵ نەکەن. بەڵام کاتێک کاک نەوشیروان کەوتە نێوانیان، کێشەکە چارەسەر بوو. ئەگەر کاک نەوشیروان نەیتوانیبا سەرکردایەتی بە دانانی ئەو دوو کەسە ڕازی بکات، ڕەنگە مام جەلال وازی هێنابا و یەکێتی دوو لەت بووایە.

**ڕووداو: کەواتە دواجار مام جەلال هەموو بڕیارێکی دەدا.**

**هەڤاڵ کوێستانی:** سەت لە سەت هەموو بڕیارێک بە دڵی مام جەلال دەرنەدەچوو. بۆ نموونە مام جەلال حوسێن سنجاری و عومەر عەزیزی بە نوێنەرایەتی بزووتنەوە و خەتی گشتی نارد بۆ دەزگای ڕاگەیاندن، بەڵام ئێمە قبوڵمان نەکرد، چونکە پێمانوابوو ئەوان ئەزموونی نووسین و ڕاگەیاندنیان نییە تا بتوانن بەرپرسیارێتی لەو دەزگایە وەربگرن. بەڵام زۆربەی کارەکان مام جەلال بە ڕەزامەندی یان هاوکاری کاک نەوشیروان توانیویەتی جێبەجێیان بکات.

**ڕووداو: یەکێتی لە هەشتاکان خەڵکی بیانی دەگرێ، دواتر هەندێکیان بە پارە ئازاد دەکرێن و دەگوترێ هەندێکیشیان دەکوژرێن. باشە ئەوە بڕیاری سەرکردایەتی یەکێتی بوو، یان سەرکردایەتییە لۆکاڵییەکان ئەو کارانەیان دەکرد؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** ئەمە بڕیاری سەرکردایەتیی یەکێتی بوو. ئەوان ئەمەیان بۆ ئەوە بوو کە کۆمپانیا بیانیانەی لە کوردستانن، ئەندازیار و تەکنیککار و شارەزاکانیان بگیرێن و دواتر کۆمەڵێک دەستکەوتیان هەبێ، یەکێکیان لەوانە پێیانوابوو کە وا دەکات شۆڕشی کورد لە هەموو جیهان بناسرێ، دوو: وا دەکات ئەو وڵاتانە بێنە سەر خەت و پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەن. کۆمەڵێک لە کەسی ئێمە کە لە زیندانەکانی حکومەتن لە ڕێگەی گوشاری ئەو دەوڵەتانەوە، ئازاد بکرێن. ئەو بەرنامەیە پێموایە لە ئەنجامی کاریگەری خەباتی فەلەستینییەکان بوو لەسەر یەکێتی. ژمارەیەک کادیری ئێمە لەلای فەلەستینییەکان ڕاهێنانیان کردبوو، مام جەلال ماوەیەکی زۆر لەگەڵ فەلەستینییەکان کاری کردبوو. ئەم کاریگەرییەی فەلەستینییەکان لەسەر یەکێتی هەر لە سەرەتاوە هەبوو، تەنانەت یەکێتی لە ژێر کاریگەری بەرەی ڕزگاریخوازی گەلی فەلەستینیدا دروستبوو. ئەوانیش کۆمەڵێک ڕێکخراو بوون لەژێر یەک چەتردا بوون و یەک سەرکردەی سەربازیان هەبوو، بەڵام حکومەت نەکەوتە ژێر ئەو گوشارانە، ئەو دەوڵەتانەش ئامادەنەبوون هیچ لە داخوازییەکانمان بێننەدی. لە کۆتاییدا ناچاربووین لە ڕێگەی پارە ئازادیان بکەین. ئەمە بە دیوێکدا وەکو کارێکی جەردەیی سەیر دەکرا.

**ڕووداو: تۆ کەسێکی شاعیر بووی، بەڵام پێشنیازی دروستکردنی دەزگایەکی زانیاری دەکەی لە نێو شۆڕشدا، لە کاتێکدا ئێوە ڕەخنەتان لە پارتی دەگرت کە دەزگای پاراستنی هەیە، ئەم دەزگایە بۆچی؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** ئێمە لە دەزگای ڕاگەیاندن سەرچاوەی هەواڵ و زانیاریمان زۆر زۆر کەم بوو، هەروەها سەرکردایەتیی یەکێتیش سەرچاوەی زانیاری وردیان زۆر کەم بوو. دەزگایەک نەبوو بتوانێ بایەخ بە کۆکردنەوەی زانیاری بدات لەسەر عێراق و وڵاتانی دەوروبەر. مەبەستی من دەزگایەک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بوو، نەک دەزگایەکی ئیستیخباراتی.

**ڕووداو: مام جەلال بڕیار دەدات گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم بکرێ، ئەوە بڕیاری خودی مام جەلال بوو یان سەرکردایەتیی یەکێتی؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** بیرۆکەی دانوستاندن هەر لەسەرەتاوە لەلایەن یەکێتی و لایەنەکانی دیکە هەبووە. تەنانەت ئەو کاتەی مام جەلال هێشتا لە سووریا بووە. حکومەتی عێراق عومەر دەبابە ڕادەسپێرێ بۆ ئەوەی مام جەلال ببینێ و پێشنیازی گفتوگۆی لەگەڵ دەکات. جارێکی دیکەش حکومەت لە ڕێگەی شێخ محەممەدی شێخ ڕەشیدی لۆلان داوا لە یەکێتی دەکات گفتوگۆ بکەن. هەروەها جارێکی دیکەش لە ڕێگەی شێخ محەممەدی کارێزە، هەورەها لە ڕێگەی هەمزەئاغای پێشدەرێ داوای گفتوگۆ دەکات. هەموو هەوڵەکانیش لەلایەن حکومەتەوە بووە، مام جەلال قەت داوای گفتوگۆی لە حکومەت نەکردووە.

**ڕووداو: حیزبی دیموکرات هیچ ڕۆڵیان هەبووە لە ڕێکخستنی ئەو گفتوگۆیانە؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** لە گفتوگۆی ساڵی 1982دا بەڵێ حیزبی دیموکرات بە تایبەتیش شەخسی قاسملوو ڕۆڵیان هەبوو لە دیداری نێوان سەرکردایەتیی یەکێتی و نوێنەرانی حکومەتی عێراق.

**ڕووداو: لە کتێبەکەت باس لەوە دەکەی کە دزی و جەردەیی لە نێو شۆڕشدا هەبووە، خەڵک بەبێ دادگایی کوژراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قبوڵتان کردووە، بۆچی قبوڵتان کرد؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** ئەوکارانە لە زۆر شوێن کراون، بەڵام زۆرتر لەلایەن فەرماندە لۆکاڵییەکان بەبێ ئاگاداری سەرکردایەتیی کراون. تەنانەت کاک نەوشیروان دەڵێت ئەوکاتەی ئامر هەرێمی یەک بووە لە ناوچەی هەورامان باسی ڕوودانی هەندێک حاڵەتی شرەخۆری و دزی و ئازاردانی خەڵک دەکات و دەڵێت: بەڵام نەماندەتوانی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەین، چونکە بانگی هەر کەسێکت دەکرد، ڕایدەکرد بۆ لای قیادە مۆقەتە یان لایەنێکی دیکە. بۆیە زەحمەت بوو تۆ بتوانی لێپرسینەوە لەگەڵ ئەوانەدا بکەی.

**ڕووداو: زۆر باسی جیابوونەوەی کاکە حەمەی حاجی مەحموود دەکرێ، چ کاریگەرییەکی لەسەر یەکێتی هەبوو بە تایبەتی لە ڕووی سەربازییەوە؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** ناکۆکییەکی زۆر لە نێوان کادیرانی هەرێمی یەک و کاک محەممەد هەبوو کە ئەو

> کاکە حەمە دەیزانی یەکێتی سزای دەدات، بۆیە جیابووەوە

بەرپرسیان بوو. کادیرەکان ئەویان تۆمەتبار دەکرد بەوەی شەڕەخۆری و ڕاوەڕووت دەکات و سەرانە لە خەڵک دەستێنێ. ئەویش کادیرەکانی بە توندڕەو و سەرەڕۆ و ڕێگر لە بەردەم کار و چالاکییەکانی خۆی تۆمەتبار دەکرد.

**ڕووداو: کامەیان ڕاستیان تێدابوو؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** هەردووکیان ڕاستیان تێدابوو. ئەو کێشانە هێنرانە سەرکردایەتی، ماوەیەکی زۆر کادیرەکانی ئەوێ کە زۆربەیان کۆمەڵە بوون، مانیان گرت. بڕیاریان دا نەچنەوە هەتا ئەو کێشەیان بۆ چارەسەر نەکەن. مام جەلال زۆر هەوڵی دا کێشەکە چارەسەر بکات، بەڵام چارەسەر نەبوو. دواجار مام جەلال و کاک نەوشیروان لەوێ نەبوون، مەکتەبی سیاسی هەردوولای بانگ کردن. لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەیان دروستکرد. لەوکاتەدا ڕژێم پەلاماری چیای مامەندەی دا، لەولاشەوە قیادەی مۆقەتە هاتبوونە چیای جاسووسان بە تەمای پەلاماردانی سەرکردایەتی بوون. ئەمە وایکرد پرۆسەی لێکۆڵینەوەکە نەگاتە ئەنجام. ئەگەرنا کاکە حەمە سزا دەکرا. کاکە حەمە دەیزانی ئاکامی لێپرسینەوەکە بە زەرەری خۆی تەواو دەبێ، شەوێک فرسەتی هێنا و بەهێزێکەوە ناوچەکەی بەجێهێشت و گەڕایەوە هەرێمەکەی خۆی. کۆمەڵێک کەرت و مەفرەزەی لە خۆی کۆکردەوە و دوای ماوەیەک پەیوەندی بە حیزبی سۆسیالیستەوە کرد. باسی چۆنایەتی ناکەم، بەڵام لە ڕووی چەندایەتییەوە یەکێتی زەرەری کرد،

> کاک نەوشیروان لە زیندانی سۆسیالیست ئازاد نەکرا، بەڵکو ڕایکرد

چونکە ئەو هێزێکی زۆری لەو ناوچەیە کۆکردەوە و سەرئێشە و کێشەی بۆ یەکێتی دروستکرد.

**ڕووداو: ئەی مەسەلەی گرتنی کاک نەوشیروان لەلایەن سۆسیالیستەوە چۆن بوو، تا ئێستاش شێوازی ئازادبوونەکەی ڕوون نییە، هەر کەسێک بەشێوەیەک دەیگێڕێتەوە؟**

**هەڤاڵ کوێستانی:** کاک نەوشیروان بۆ بینینی کەسوکارەکەی چووبووە ناوچەی شارباژێڕ. لەو کاتەدا گرژییەکی زۆر لە نێوان یەکێتی و سۆسیالیستدا هەبووە و نزیک بووە لە شەڕ. کاک نەوشیروان بە فرسەتی زانیوە مادام لەوێیە فتیلی شەڕەکە بکێشێتەوە، بە باشی زانیوە پەیوەندی بە تاهیری عەلی والییەوە بکات. بەڵکو چارەسەرێک بۆ ئەو کێشەیە بدۆزنەوە. لە شوێنی دیدارەکە هێزێکی زۆر کۆدەکەنەوە و کاک نەوشیروان دەگرن و دەیبەن بۆ ئەشکەوتێک لە چیای سوورێن. ترسێکی زۆر هەبوو کە کاک نەوشیروان بکوژن یان تەسلیم بە ئێران یان عێراقی بکەن بەرامبەر بە پارەیەکی زۆر. بۆیە ئەو هێزانەی لەو ناوچەیە بوون کە مەلا بەختیار سەرپەرشتی دەکردن، هێزی زۆریان کۆکردووەتەوە و ویستوویانە لە ژێر گوشاردا کاک نەوشیروان ڕزگار بکەن. لەو حاڵەتە گرژییەدا کە کاک نەوشیروان لەو ئەشکەوتە بووە، کاوە شێخ لەتیف ماوەیەک لەگەڵی دەبێت. دوو کەسی دیکەش کە هاوڕێی منن، ئیدی بەرنامەی ڕاکردن دادەنێن و شەوێک ڕادەکەن.

> کاک نەوشیروان بۆ گفتوگۆ چوو بۆ لای سۆسیالیست، ئەوان گرتیان

> یەکێتی لەژێر کاریگەری بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستین دروستبوو



### ئەمریکا: خەنجەرمان لە پشتی کورد نەداوە

**رووداو- هەولێر**

ئیدارەی کۆشکی لە پەیامێکدا دڵنیایی بە سەرکردەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست داوە کە ئەمریکا باکووری رۆژهەڵاتی سووریا جێدەهێڵێ، بەڵام پشتگوێی ناخات. راپۆرتێکی ماڵپەڕی (دێبکا فایل)ی ئیسرائیلی ئاشکرای کردووە کە لە بەشێک لە پەیامەکەدا هاتووە "ئێمە خەنجەرمان لە پشتی کورد نەداوە". پەیامەکە جەخت لەوەش دەکاتەوە کە "کورد ئاگاداری ئەمەن، هەر بۆیەش یەک شەرڤانیش بەرەکانی شەڕی داعشیان جێنەهێشتووە. بەگوێرەی راپۆرتەکە، ئەمریکا و عێراق خەریکی دانوستاندنن بۆ ئەوەی هێزی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی عێراق یان فیرقەی زێرین رەوانەی سنوورەکانی عێراق و سووریا بکەن، تاوەکو رێگە لە ئاودیوبوونی میلیشیا ئێرانی و عێراقییەکان بگرن. بەشێک لەو هێزانەش لە پارێزگای ئەنبار جێگیر دەکرێن.

# دوو قەیرانی گەورە بەڕێوەن بۆ کوردستان و عێڕاق

**ئاسۆ سەراوی**
**رووداو — هەولێر**

دوو قەیرانی گەورە بەڕێوەن بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، ئەوانیش وشکەساڵی و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمایە. بەڕێوەبەری گشتیی بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان هۆشداری دەدات لە وشکەساڵییەکی پێشبینیکراو و دەڵێت لە ساڵانی داهاتوودا زەنگێکی مەترسی دەبیستین. بۆیە پێویستە لە حکومەتی نوێدا ژوورێکی تایبەت بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەترسیی وشکەساڵی پێکبهێنرێ.

بەپێی راپۆرتەکانی ناسا کە (بەڕێوەبەرایەتییەکی نیشتمانی ئەمریکییە بۆ زانستی فڕۆکەوانی و بۆشایی ئاسمان) و چەندین راپۆرتی دیکەی جیهانیی تایبەت بە کەشوهەوا، لە ساڵانی داهاتوودا گۆڕانکاریی گەورە لە کەشوهەوای بەشێکی جیهاندا روودەدات، بەو گۆڕانکارییەش وشکەساڵی رووبەڕووی ناوچە کەمەرەییەکان و 19 ناوچەی دیکەی جیهان دەبێتەوە، باکوور و رۆژهەڵاتی هیندستان و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کالیفۆرنیا و ئوسترالیا لەنێو ئەو 19 ناوچەیەدا دەبن و زۆرترین کەمبوونەوەی بڕی ئاویش لە دەریای قەزوین دەبێت. هەروەها عێراق و سووریا لەو ناوچانە دەبن کە بەشێوەیەکی بەرچاو رووبەڕووی کێشەی کەمئاوی دەبنەوە.

د.پێشەوا محەممەد عەلی، مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی و پسپۆڕ لە بواری جیۆفیزیک، زانیاریی زۆری لەلایە لەسەر ئەو مەترسییانەی بەڕێوەبەری گشتیی بەنداوەکانی کوردستان باسی دەکات، بەڵام نایەوێ خەڵک تووشی دڵەڕاوکێ بکات و دەڵێت: "هەر ئەوەندە دەڵێم ئەوەی ئێمە دەیزانین خەڵکی بیزانن زۆر شت دەگۆڕێن، هیوادارم بەرپرسانی لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەت زۆر بەزوویی بێنە سەر هێڵ و خۆیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی ئامادە بکەن".

ئەو پسپۆڕەی بواری جیۆفیزیک دەڵێت: "بەپێی راپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ساڵی 2001 بڵاوکراوەتەوە، تاوەکو ساڵی 2033 عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوەیەکی گشتی تاوەکو باشووری تورکیاش رووبەڕووی بە بیابانبوون دەبنەوە".

## پسپۆڕێکی ئاو:

### ئەوەی ئێمە دەیزانین خەڵکی بیزانیێ زۆر شت دەگۆڕێت

## چوار مانگی زۆر گەرم

گەرمبوونی بەردەوامی گۆی زەوی بەبڕوای د پێشەوا یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی وشکەساڵی و دەڵێت: "هەر بەهۆی وشکەساڵییەوە پێشبینی دەکرێت 300 تاوەکو 450 ملیۆن کەس ئاوارە ببن".

ئەو پسپۆڕە نایەوێ خەڵک بترسێنێ، بەڵام دەڵێت: "قەبارەی کێشەکە گەورەیە و ناچارم خەڵکی لێ ئاگادار بکەمەوە، ئێستا پلەکانی گەرما بەشێوەیەکی گشتی لە پلەی 46 تاوەکو 50 پلەیە، رۆژە گەرمەکان لە ساڵێکدا 16 بۆ 80 رۆژە، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوە و پێشبینییەکان تاوەکو ساڵی 2027 دەگاتە نزیکەی 118 رۆژ، واتە نزیکەی چوار مانگ لە ساڵێکدا پلەی گەرما لەنێوان 46 تاوەکو 50 پلە دەبێت، بەوەش بەهەڵمبوونی ئاو زۆر دەبێت". بەڵام دەشڵێت: "گرفتەکە بە زۆری لە ناوەڕاست و باشووری عێراقدا دەبێت، ئەوەش دەبێتە هۆی کۆچکردنی بەشێکی خەڵکی ئەو ناوچانە بۆ هەرێمی کوردستان، بۆیە دەبێت لە ئێستاوە خۆمان بۆ ئەو شەپۆلەی کۆچکردن ئامادە بکەین".

ئاوی ژێر زەوی، سامانێک کە هیچی کەمتر نییە لە نەوت، بەڵام لە کوردستان تا ئاستێکی زۆر پشتگوێ خراوە. د.مەریوان ئەکرەم، مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین و پسپۆڕی ئاوی ژێر زەوی، دەڵێت گوناهە تاوەکو ئاوی سەر زەوی هەبێت پەنا بۆ خەرجکردنی ئاوی ژێر زەوی ببرێت. ئەو دەڵێت :"لە هەندێک وڵات لێدانی بیرێکی ئاو مۆڵەتی سەرۆکی وڵاتەکەی دەوێت، بەڵام لە کوردستان جۆرێکی دیکەیە".

## 86 ساڵە ئاوی عێراق کەم دەکات

راوێژکارێکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی عێراق دەڵێت کەمبوونەوەی ئاو لە عێراق بابەتێکی تازە نییە و بۆ سییەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە.

عۆن زیاب، شارەزا و راوێژکار لە وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق بە (رووداو)ی گوت "کەمبوونەوەی ئاو لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1930". ئەو دەشڵێت "عێراق لەبەردەم مەترسیی گەورەدایە، وڵاتانی دراوسێ خەریکی دروستکردنی بەنداون لەسەر ئەو ئاوانەی دێنە وڵاتەکەمانەوە، بۆیە زۆر گرنگە لەسەر زێی گەورە بەنداوی بێخمە دروست بکەین کە کاتی خۆی بەهۆی ئەوەی زەوی و گوندی زۆر ژێر ئاو دەکەوت، رێگە لە دروستکردنی گیرا، ئێستا کاتی ئەوەیە هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق پێکەوە کار بکەن بۆ دروستکردنی ئەو بەنداوە".

عۆن زیاب باسی پلانی وەزارەتەکەیان دەکات بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەترسیی وشکەساڵی و دەڵێت "پلانێکی 20 ساڵیمان داناوە کە دەبێت تاوەکو 2035 ساڵانە 8 ملیار دۆلارمان بۆ دابین بکرێت، بۆ ئەوەی چەندین کاری پێ بکەین بۆ گلادانەوەی زۆرترین ئاو، بەڵام بەهۆی ئەو قەیرانانەی رووبەڕووی عێراق بوونەوە، ماوەی سێ ساڵە کەمترین کار لەو بوارەدا کراوە".

بەڵام هەرێمی کوردستان لەو پلانەکەی عێراقدا نییە. ئەکرەم ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان دەڵێ: "لەو پلانەدا هەرێمی کوردستان فەرامۆش کراوە، دوو کۆمپانیاش پلانەکەیان دارشتبوو کە ئوردنی و ئیتاڵی بوون، هیچ حیسابێکیان بۆ هەرێمی کوردستان نەکردبوو".

### له ساڵێكدا چوار مانگ پلەكانی گەرما لە نێوان 46 بۆ 50دا دەبن

بەڕێوەبەری گشتیی بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان، هیچ گلەییەکی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە و دەڵێت تاوەکو پێش قەیرانی دارایی و تا ساڵی 2014، زۆر بە باشی بەدەم داواکارییەکانیانەوە چوون :"کاک نێچیرڤان بارزانی زۆر بە باشی بەدەم داواکارییەکانمانەوە هات و هاوکاریشمان بوو بۆ دروستکردنی بەنداوەکانی گۆمەسپان لە هەولێر و زەلان، باوەنوور و باسەڕە لە سلێمانی". داواکاریشە ئەو بەنداوانەی دیکە کە دیزاینیان تەواو بووە، بەشێوەی وەبەرهێنان یان قەرزی درێژخایەن لە کابینەی نوێدا دەست بە دروستکردنیان بکرێت، چونکە وەک ئەو دەڵێت: "بەهۆی وشکەساڵییەکی پێشبینیکراو، لە ساڵانی داهاتوودا زەنگێکی مەترسیدار لە دەرگای هەرێمی کوردستان دەدا، بۆیە دەبێت لە ئێستاوە خۆمان بۆ ئەوە ئامادە بکەین".

هەرێمی کوردستان شەش سەرچاوەی ئاوی ناوخۆ و هاوبەشی هەیە، ئەوانیش: زێی گەورە (10 ملیار مەتر سێجا). زێی بچووک (5 ملیار مەتر سێجا)، زێی سیروان (3 ملیار مەتر سێجا)، زێی ئاوەسپی (700 ملیۆن مەتر سێجا). هەروەها رووباری دیجلە (20 ملیار مەتر سێجا) و ئاوی خابوور (2 ملیار مەتر سێجا).

## راوێژکارێکی وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق:

### 86 ساڵە ئاوی عێراق کەم دەکات



ساڵی 2033 عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوەیەکی گشتی تاوەکو باشووری تورکیاش رووبەڕووی بە بیابانبوون دەبنەوە

# پلانی داهاتووی ئەمریکا بەرپرسانی عێراقی تووشی دڵەڕاوکێ کردووە

**رووداو- هەولێر**

بڕیارەکەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە سووریا گومانی ئەوەی لای فەرماندە سەربازییەکانی عێراق دروستکردووە کە واشنتن لە داهاتوویەکی نزیکدا بڕیاری کشانەوە یان کەمکردنەوەی بەرچاوی هێزەکانی لە عێراقیش بدات، ئەوەش لەلایەکەوە مەترسی بەهێزبوونەوەی داعش زیاتر دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە دەستی میلیشیا شیعەکانی عێراق لە کاروباری سەربازی و سیاسیی عێراقدا واڵاتر دەکات، هەر دوو ئەگەرەکەش لە کاتێکدان کە هێزە حکومییەکانی عێراق هێشتا توانای ئەوەیان نییە بەرپەرچی شەڕ و ململانێی نێوخۆیی بدەنەوە.

تاوەکو ئێستا ترەمپ هیچ ئاماژەیەکی بە چارەنووسی هێزەکانی وڵاتەکەی لە عێراق نەداوە کە ژمارەیان نزیکەی 5200 سەرباز و راوێژکار و راهێنەرە، بەڵام روانگەی ترەمپ بۆ وجوودی هێزە سەربازییەکانی وڵاتەکەی لە عێراق لە کۆبوونەوەیەکی ساڵی رابردووی نێوان سەرۆکی ئەمریکا و سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراقدا دەردەکەوێ، کاتێک داوای لێکردبوو حکومەتی بەغدا بە پارەی نەوت قەرەبووی خەرجییەکانی ئەمریکا لە عێراق بکاتەوە.

بڕیارەکەی هەفتەی رابردووی ترەمپ تەنانەت بۆ کاربەدەستە هەرە باڵاکانی حکومەتی ئەمریکاش چاوەڕواننەکراو بوو، هەر ئەمەش وایکردووە بەرپرسانی سەربازیی عێراق چاوەڕێی بڕیارێکی لەناکاوی دیکە سەبارەت بە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بکەن. دیپلۆماتێکی رۆژئاوایی کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێ، بە (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی راگەیاندووە "لەنێو بەرپرسانی سەربازیی عێراقدا نیگەرانییەکی قووڵ هەیە، ئەوان پێیانوایە پێنتاگۆن لە بڕیارەکانیدا جێگیرە، کەچی ناتوانن پێشبینی بکەن کۆشکی سپی بە نیازی چییە".

نعیم ئەلعەبودی، پەرلەمانتاری نزیک لە قەیس خەزعەلی سەرۆکی گرووپی عەسائیبی ئەهلی حەق کە میلیشیایەکی شیعەیە، بە رۆژنامە ئەمریکییەکەی راگەیاند: "ئەمە دەبێ وانەیەک بێ بۆ عێراق کە پشت بە ئەمریکا نەبەستێ و متمانەی پێ نەکات، چونکە ئەوان لە هەر چرکەساتێکدا دەکرێ ئێرە جێبهێڵن، ئەوان هاوپەیمانێکی راستەقینە نین و نابێ وەک هاوبەش سەیریان بکرێ".

دۆناڵد ترەمپ لە بڕیارەکەی رۆژی چوارشەممەی رابردوویدا، هۆکاری کشانەوەی هێزەکانی بۆ "تێکشکانی داعش" لە سووریا و کۆتایی ئەرکی سەربازە ئەمریکییەکان گەڕاندەوە. حکومەتی عێراق لە کانوونی یەکەمی ساڵی رابردووەوە شکستی داعش لە عێراقی راگەیاندووە. ژمارەیەک بەرپرسی حکومەتی عێراقیش بە رۆژنامە ئەمریکییەکەیان راگەیاندووە کە بڕیارە لەناکاوەکەی ترەمپ گرووپە عێراقییەکانی نزیک لە ئێران هاندەدات بۆئەوەی داوای کشانەوەی خێرای هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقیش بکەن.

هەفتەی رابردوو قەیس خەزعەلی، لە تویتێکدا رایگەیاند: "داعش لە عێراقیش تێکشکاوە، بۆچی هێزەکانتان ناکشێننەوە، ئەگەر هۆکارێکی دیکەتان بۆ هێشتنەوەی هێزەکانتان لە عێراق نییە؟". لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا لە مانگی ئایار، دژایەتی مانەوەی هێزە ئەمریکییەکان لە عێراق یەکێک لە دروشمەکانی گرووپە سیاسییەکانی سەر بە میلیشیا شیعەکان بوو.

لە سەرەتای ئەمساڵەوە داعش بەرەبەرە لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی عێراق (واتە کەرکووک، دیالە و سەلاحەدین) دەستی بە رێکخستنەوەی ریزەکانی کردووە. لایەنگرانی مانەوەی هێزە ئەمریکییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە کشانەوەی ئەمریکییەکان هەموودەستکەوتەکانی شەڕی دژی داعش دەکەنەوە بە هیچ.

پێنتاگۆن جەخت لەوە دەکاتەوە کە هاوپەیمانیی نێوان هێزە ئەمریکییەکان و هێزە عێراقییەکان پێویستە، بۆ ئەوەی پێش رووداوی هاوشێوەی هێرشەکانی 2014ی داعش بگیرێ. وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا لە راپۆرتێکی مانگی رابردووی خۆیدا جەخت دەکاتەوە هێزە عێراقییەکان پێویستییان بە چەندین ساڵ، یانیش بگرە چەند دەیە هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن.

بەرپرسانی عێراقی پێیانوایە وجوودی سەربازیی ئەمریکا جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ وجوودیان لە سووریا هەیە، لەبەر ئەوەی ئەوان لەسەر داواکاری حکومەت لە عێراقن. کاربەدەستێکی دژی تیرۆری عێراقیش بە (پۆست)ی ئەمریکی راگەیاندووە "کشانەوەی ئەوان لە سووریا دەشێ بە مانای زیادکردنی وجوودیان لە عێراق بێ، بۆ ئەوەی لێرەوە چاودێری سووریا بکەن. هەرچیش بێ، ئەمریکا رێگە نادات داعش لە سووریا بەهێز ببێتەوە".. گوماندەکرێ هەر چەشنە کشانەوەیەکی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق زیانی گەورە بە دژەتیرۆری عێراق بگەیەنێ، کە ساڵی 2003ەوە بە هاوکاریی و پشتیوانی ئەمریکییەکان دامەزراوە.

راپۆرتێکی رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی لێدوانی بەرپرسە عێراقییەکە پشتڕاست دەکاتەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پێنتاگۆن بیر لەوە دەکاتەوە هێزی بچووکی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بۆ لێدانی داعش لە سووریا دروستبکات. دوو بەرپرسی سەربازی ئەمریکاش ئاشکرایان کردووە یەکێک لە بژارەکان ئەوەیە کۆماندۆ ئەمریکییەکان بۆ عێراق بگوازرێنەوە، تاوەکو لەوێوە ئۆپەراسیۆنی تایبەت دژی داعش بکەن.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی (تایمز)ی ئەمریکی، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا هەموو بژارەکان پێش وەگەڕکەوتنی دەستلەکارکێشانەوەی جەیمز ماتیس لە کۆتایی شوباتی ساڵی داهاتوو دەخاتەبەردەستی ترەمپ. کاربەدەستانی وەزارەتی بەرگریش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دەیانەوێ پشتگیرییەکانیان بۆ هێزەکانی سووریای دیموکرات بەردەوام بێ. دوو فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندیی هێزەکانی ئەمریکاش رایانگەیاندووە هێز لەسەر سنووری عێراق جێگیر دەکەن، بۆ ئەوەی لە کاتی مەترسی گەورەدا ئاودیوی سووریا ببن.

ماتیس رۆژێک دوای بڕیارەکەی ترەمپ دەستلەکارکێشانەوەی خۆی رادەستی کۆشکی سپی کرد کە بڕیارە لە رۆژی 28ی شوباتەوە بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە. رۆژی شەممەی رابردووش برێت مەکگۆرک، نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا لە هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی دژی داعش، دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی کرد. هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەی هەردووکیان بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا و پشتگوێ خستنی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا بووە.

رۆژی هەینی مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە پەیوەندییە تەلەفۆنیدا دکتۆر بەرهەم ساڵح، سەرۆککۆماری عێراقی دڵنیا کردووەتەوە لەوەی هەوڵەکانی دژی داعش بەردەوام دەبن، رۆژی شەممەش هەمان بەڵێنی بە عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، داوە.

بەپێی داتا فەرمییەکان ئەمریکا 2000 سەرباز و راوێژکاری لە رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتی سووریا هەیە، بەڵام ئامارە نافەرمییەکان ئاماژە بۆ ژمارەیەکی زیاتری هێزی ئەمریکا لەو وڵاتە دەکەن. هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەو هێزانە دەبێ لە 100 رۆژی داهاتوودا بە تەواوەتی سووریایان جێبهێشتبێ.

### رەنگە بەشێک لە هێزەکانمان لە سووریاوە رەوانەی عێراق بکەین

فەرماندە ئەمریکییەکان



تاوەکو ئێستا ترەمپ هیچ ئاماژەیەکی بە چارەنووسی هێزەکانی وڵاتەکەی لە عێراق نەداوە (فۆتۆ: AFP)

کەنیزەکەکانی خەلافەت..

# داعشێک بە براکەمی گوت خوشکەکەت لای من ئەمانەتە



چیرۆکی چوارەم (بەشی دووەم و کۆتایی)

حەسەن پێیدەگوتم ئەوە بۆ یەکێتی دەگری؟

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – دهۆک**

حەسەن جیاواز بوو لە هەموو ئەو چەکدارانەی بەشێوەیەکی کاتی دەبوونە هاوژینی سوهام، بەڵام حەسەن ئەو قەناعەتەی بۆ سوهام دروست نەکردبوو کە بیر لە ڕاکردن نەکاتەوە.

سوهام، کە بەشێکی زۆر لە نەهامەتییەکانی خۆی لە ژمارەی ڕابردووی (ڕووداو) گێڕایەوە، ئەو ژمارەیەش درێژە بە گێڕانەوەی ڕۆژە ناخۆشەکانی لە سێبەری ڕەشی خەلافەتەکەی ئەبووبەکر بەغدادای دەدات. ئەو دەیەوێ زیاتر لەبارەی حەسەن و خێزانەکەی قسە بکات.

"باشترە هەندێک ڕوونتر باسی حەسەن بکەم. ئەو خەڵکی دۆمیز بوو، بەڵام لە مووسڵ دەژیا. کاتێک داعش دەستی بەسەر مووسڵدا گرت، ئەو کاری چاککردنەوەی ئۆتۆمبیلی دەکرد، خۆی و هاوژین و منداڵەکانی و دایکی لە مووسڵ بوون، بەڵام باوکی هەر لە کوردستان بوو. هەر زوو کرابووە ئەمیر، تەنیا ئۆتۆمبیلی چەکدارانی داعشی چاک دەکردەوە، وەڵامی خەڵکی ئاسایی نەدەدایەوە. من ناتوانم بڵێم حەسەن کەسێکی باش بوو، بەڵام کاتێک بیر لە مامەڵەی ئەو چەکدارانە دەکەمەوە کە منیان کڕیوە، ئیدی دەبێ بڵێم حەسەن جیاواز بوو، سەرباری ئەوەی هێشتا من لە خوام دەویست لە دەستی هەڵبێم".

چاوەڕێدەکات ئەو منداڵەی هاتووەتە ژوورەوە، دەرگای ماڵە لە پەڕۆ دروستکراوەکە دابخات بۆ ئەوەی کەشێکی تاریکتری هەبێت بۆ تەواوکردنی چیرۆکەکەی، بەڵام بۆچی ڕزگاربوویەکی دەستی داعش هێشتا خووی بە تاریکراگرتنی ژوورەکەیەوە گرتووە؟ بۆ ئافرەتێک کە هێشتا تەمەنی 23 ساڵە؟

بەبێ ئەوەی سەری بەرز بکاتەوە، بە تۆنێکی نزمتر لەو شێخەی بە بێدەنگی مەسحەفا ڕەش دەخوێنێتەوە دەڵێ "من تووشی حاڵەتێک بووم، بەردەوام حەزم لە تاریکییە".

**ڕووداو:** بۆچی؟

**سوهام:** نازانم بۆچی، بەڵام ڕەنگە بەهۆی ئەوە بێت کە ناتوانم ئەو ڕۆژانەی لەلای داعش بووم لەبیر خۆم ببەمەوە. بەردەوام حەزیشم لەوەیە تەنیا بم.

**ڕووداو:** لەوێ حەسەن لێی نەدەپرسیت بۆچی بەردەوام گۆشەگیریت و دەگریت؟

**سوهام:** زۆر لێی دەپرسیم. بەڵام دواتر بۆت باسدەکەم.

## • بۆ یەکێتی دەگریت؟

ڕۆژانە سوهام، وێنەی دڕێندراوی تاڵەبانی و لۆگۆ و سیمبوولە حیزبییەکانی یەکێتی دەبینی، کە چەکدارانی داعش بەسەریدا هاتوچۆیان دەکرد. ئەوە بارەگای سەرەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو لە مووسڵ کە حەسەن و چەکدارەکانی هەرزوو دەستیان بەسەردا گرتبوو کردبوویانە بارەگا و شوێنی مانەوەی خۆیان. حەسەن بە جۆرێک لە خۆباییبوونەوە باسی ئەوەی بۆ کردووە چۆن دەستیان بەسەردا گرتووە و بەو هۆیەوە کەلوپەل و چەک و چۆڵی زۆریان دەستکەوتووە: "بەدەستی خۆم وێنەکانی تاڵەبانیم دڕاند".

کاتێک حەسەن ئەو قسانەی بۆ سوهام کردووە، دەستی بەگریان کردووە، بەڵام ئەو بە تووڕەیی لێی پرسیوە، چییە؟ دەڵێی بۆ یەکێتی دەگری؟ ئەو دەمانچەیەی حەسەن بەقەدی خۆیدا شۆڕی کردووەتەوە، لۆگۆی یەکێتی پێوەبووە و یەکێک بووە لەو چەکانەی بە تایبەتی هەڵیگرتووەتەوە بۆ خۆی.

سوهام چەند جارێک بیری لە هەڵاتن کردووەتەوە، بەڵام بیرکردنەوەیەکی بێ ئەنجام، چونکە ئەو شوێنەی سوهام لێی ماوەتەوە، بە کامێرای چاودێرییەوە تەنرابوو، سوهام دوو لە کامێراکانی شکاندوون، بۆ ئەوەی ڕێگایەک بۆ هەڵاتن بدۆزێتەوە، بەڵام سوودی نەبووە.

هەوڵەکانی حەسەن بۆ ئەوەی چیدیکە باوکی بە تەنیا لە کوردستان نەمێنێتەوە و بچێتە سنووری قەڵەمڕەوی داعش، ئاکامێکی نەبووە، چونکە باوکی ڕەتیکردووەتەوە و گوتویەتی هەر لەوێ دەمێنێتەوە. بەڵام دایکی و خوشکەکانی لە مووسڵ بوون. سوهام لەو بڕوایەدایە دایکی حەسەن، هیچ سۆزێکی بۆ ئەو خەلافەتە نەبووە کە خۆی و کوڕەکەی لە سایەیدا دەژیان، تەنانەت منداڵەکانی حەسەنیش لەژێر کاریگەریی زۆرتری داپیرەیاندا بوون، نەک باوکە جیهادییەکەیان.

بۆ ژنان و کچان، دۆخەکە لە مووسڵ هەندێک جیاواز بووە لە ڕەقەوە. بازاڕ و شوێنە گشتییەکانی ڕەقەکە دەبوایە ئافرەتان سەرتاپای لەشیان لە ژێر پەچەیەکی ڕەشەوە بشارنەوە و بە پارچە پەڕۆیەکی تەنکی کون کون، چاوەکانیشیان داپۆشن. لە مووسڵ ئەو پەڕۆ تەنکە بەسەر چاوەکاندا نەدەدرا. هەروەها ژمارەی چەکدارە بیانییەکانیش لەوێ کەمتر بوون. هەموو ئەو کۆشک و باڵاخانە حکومی و حیزبییانەی لەوێ دەستیان بەسەرداگیرابوون، کرابوونە بارەگای چەکدارانی داعش و فەرمانگەکانی سەر بەخەلافەت. ژنان و کچانی تەنیا، ئەگەرچی بە تەواوی لەژێر پەچەوە بوون، بەڵام زۆرتر ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبوون لە شوێنەگشتییەکاندا، بەڵام کچ و ژنانی کەنیزەک، ماڵەکان بۆ خۆیان کرابوونە زیندان و ڕێگەیان پێنەدەدرا بە تەنیا بچنە دەرەوە.

داعشێک پێیگوتم کە تۆ بەخێرهاتنەوەم دەکەی، دەحەسێمەوە

## • "خوشکەکەت لای من ئەمانەتە"

سوهام، نایەوێت دادپەروەریی لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەیدا ون بکات. هەرچەندە بۆ خۆی لەو خەلافەتەدا نەیدۆزییەوە. من کاتێک لەوە تێگەیشتم کە دوای تێپەڕینی ماوەیەک ژیان لەگەڵ حەسەندا، پێناسەیەکی دیکە بۆ کەسایەتی ئەو دەکات: "لەگەڵ ئەو ڕادەهاتم، هەوڵی دەدا داعشێکی جیاواز بێت، وەک سەرەتا لێی نەدەدام. کاتێک لە ئێش یان لە بەرەکانی جەنگ دەگەڕایەوە، ئەگەر زۆر لێم تووڕە بووایە، لە جیاتی ئەوەی لە خۆم بدات، تووڕەییەکەی بە شکاندنی کەلوپەل و شووشەی پەنجەرەکانی ماڵەکە دەردەبڕی".

سوهام بێدەنگ دەبێ، وەک ئەوەی دوو دڵ بێ لە باسکردنی "لایەنە باشەکان"ی حەسەن: "ئەو گۆڕانە لە ژیانی حەسەندا وردە وردە زیاتر دەبوو، جاروبار کە دەهاتەوە ماڵەوە و منی بە دڵتەنگی و بێزاری دەبینی دەیگوت: کاتێک تۆ پێمبڵێی بەخێر بێیتەوە، ئیدی هەموو ماندوێتیم لەبیر دەچێتەوە".

تووشی حاڵەتێک بووم بەردەوام حەزم لە تاریکییە

نەدەکرا ئەو ترووسکاییانە بەهەند وەرنەگرێ کە لەپەنجەرەی ژوورە تاریکەکەی ژیانیدا بەدی کردبوون. ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ڕەفتاری حەسەندا هاتبوون، وا سوهام دەکات بە داواکارییەک دڵی حەسەن تاقیبکاتەوە کە بقڤە بوو کەنیزەکێک داواکاریی لەو جۆرەی هەبێت. سوهام دەڵێت: "ڕۆژێک بە حەسەنم گوت مۆبایلەکەتم بدەرێ با تەلەفۆنێک بکەم، هەندێک سەیری کردم و دواتر مۆبایلەکەی لە گیرفانی دەریهێنا و پێیدام. لە ماڵی حەسەندا تۆڕی مۆبایل یان هەر نەبوو یان زۆر زۆر لاواز بوو، چوومە دەرەوەی ماڵەکە و بە پەلە پەیوەندیم بە براکەمەوە کرد".

بەڵام حەسەن دوای کەوتبوو تاوەکو بزانێ لەگەڵ کێ قسە دەکات؟ "بەرلەوەی حەسەن هیچم پێبڵێ، براکەم گوتی مۆبایلەکە بدە دەستی ئەو داعشەی تۆی کڕیوە، حەسەن و براکەم پێکەوە قسەیان کرد. گوێم لێبوو حەسەن بە براکەمی گوت: هیچ خەمت نەبێ و خوشکەکەت لای من ئەمانەتە". بەڵام ڕۆژانی دواتر هەستیکردووە حەسەن پەشیمان بووەتەوە لەوەی ڕێگەی پێداوە تەلەفۆن بۆ کەسوکاری بکات، ڕاستییەکەی ئەو زۆرتر لەوە ترساوە ناونیشانی ماڵەکەی بگاتە فڕۆکەکان و بۆردوومان بکرێت.

تاوەکو ماوەیەک بەر لەوەی داعش بەسەر گوندەکەیاندا بدات، یەکێک لە براکانی سوهام، پاسەوانی د.بەرهەم ساڵح بووە لە سلێمانی. ئەو هەرگیز نەیهێشتووە حەسەن بزانێ براکەی پاسەوانی یەکێک لە بەرپرسە باڵاکانی کورد بووە، چونکە دوور نەبوو ئەوە ببێتە هۆی ئەوەی حەسەن بکاتەوە بە داعشێکی هاوشێوەی ئەبوو حەمزە کە چێژی لە ئازاردانی کەنیزەکەکان دەبینی.

## • فرمێسکەکانی دایکی حەسەن

سوهام ئێزدییە و جەژن و بۆنە ئاینییەکانی تەواو جیاوازن لەو جەژن و بۆنە ئاینییانەی موسوڵمانان هەیانە. لە زۆربەی جەژنەکانیان ئێزدییەکان لە پەرستگایەک کۆدەبنەوە کە پێیدەگوترێ لالش، بەڵام نایشارێتەوە لە مووسڵ هەمیشە حەزی لێبووە جەژنی موسوڵمانان زووتر بێت. لەبەر ئەوەنا کە جەژن بگێڕێ، بەڵکو بەهۆی ئەوەی حەسەن دڵخۆش بێت و ئەویش لە قوژبنێکی ئەو دڵخۆشییەی حەسەندا، هەلێک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی گوێی لە دەنگی کەسوکاری بێت.

لە ڕۆژانی جەژندا، چەکدارانی داعش سەردانی ماڵی یەکیان دەکرد و جەژنە پیرۆزەیان لە یەکدی دەکرد. ڕووخسارە گرژ و مۆنەکان هێورتر دەبوونەوە و زەردەخەنە دەگەڕانەوە، ئەگەرچی هیچکام لەو زەردەخەنانە پێشکەش بە کەنیزەکەکان نەدەکران. حەسەن لە ڕۆژانی جەژندا، سوهامی لەگەڵ خۆی دەبردە ماڵی دایکی و خوشکەکانی. ئەوەش وایکرد کە تێکەڵی و ناسین لە نێوانیان دروست ببێت. سوهام دەڵێت: "ئەو جەژنە حەسەن زۆر دڵی خۆش بوو، هەرگیز ئاوا بە دڵخۆشی نەمبینی بوو. گوتی دەچینە ماڵی خوشکم. لەماڵی خوشکی دەرفەتم هێنا و جارێکی دیکە پەیوەندیم بە براکەم کردەوە، زۆر بە ڕوونی ناونیشانی ماڵی خۆمانم پێدا. پێمگوت لە گەڕەکی تەئمیمین لە بارەگای کۆنی یەکێتی، براکەم گوتی هەوڵی ڕزگارکردنت دەدەم و کەسێک دەنێرم بۆ ئەوەی ڕزگارت بکات".

بە هەموو سزایەکی حەسەن ڕازی بووم، بەس نەمفرۆشێ

سوهام جارێک لەگەڵ دایکی حەسەن دانیشتووە و قسەی لەگەڵ کردووە. باسی حاڵی خۆی و دەیان کچ و ژنی ئێزدی کردووە کە چۆن دەچەوسێندرێنەوە: "دایکی حەسەن گریا و گوتی من هیچم لەدەستنایەت، دەشزانم ئەوە ستەمە بەرامبەرتان دەکرێت، بەڵام چی بکەم".

## چەوسێنەرێکی عاشق

یەک لەسەر پێنجی کەنیزەکەکان، ئەو کچ و ژنە ئێزدییانەی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێندرابوون، بەشی دیوانی (غەنائیم و فیئە) بوون. دیوانەکەش ئەم کەنیزەکانەی بە شەڕکەران دەفرۆشتەوە. نرخی ئەو کچانەی تەمەنیان کەم بوو، تاوەکو 12 هەزار دۆلار ڕۆیشتووە.

ئەو ڕۆژانە باسوخواسی کەنیزەکەکان و کڕین و فرۆشتنیان و هەوەسبازی، باس و خواسی گەرمی بەیەکگەیشتنی چەکدارانی داعش بووە. بەتایبەتی کاتێک سەردانی یەکدیان دەکرد و شەوی درێژیان لە ماڵی یەک بەسەردەبرد. سوهام گوێی لە یەکێک لە چەکدارەکان بووە باسی هاوڕێیەکی خۆی کردووە کە چۆن عاشقی کچێکی ئێزدیی خەڵکی زوممار بووە: "تەنانەت گەیشتبووە ئەوەی ڕۆژانە لە بازاڕ دیاری بۆ دەکڕی".

بەڵام سوهام، هەرچەندە دان بەوەدا دەنێ لەو مانگانەی دوایی ساڵی 2015 دا، حەسەنی وادەبینی کە ڕەفتارەکانی نزیک بوون لەوەی خۆشەویستی پیشانی ئەو بدات، کەچی ئەگەر بۆ چرکەیەکیش دەستی بە ئەشکەفتا ستونی مرازان بگەیشتایە، بەکوڵ و بەدڵ دەپاڕایەوە تولەڕێیەکی دەربازبوونی بۆ بدۆزێتەوە. لەو ڕۆژانەدا کە لەڕێگای مۆبایلەکەی حەسەنەوە، گوێی لە دەنگی براکەی بووبوو، خەو لە چاوەکانی تۆرابوون و بیری لەوە دەکردەوە چۆن هەڵبێت: "ڕۆژێک چوومە دووکانێکی سەوزە و میوە، فرۆشیارەکە کوڕێکی گەنج بوو. لەوێ خۆم پێڕانەگیرا و زۆر گریام و هەموو چیرۆکی خۆم بۆ گێڕایەوە و ئەویش دەستی بە گریان کرد، بەڵام دواتر پێیگوتم کە ناتوانێ هاوکاریم بکات".

لە چاوەڕوانی براکەیدا تاوەکو فریادرەسێکی بۆ پەیدا بکات و دەربازی بکات، ڕۆژەکان نەدەڕۆشتن. هێدی هێدی حەسەن هەستدەکات لەنێو سەری سوهامدا پشکۆی فێڵ و هەڵاتن داگیرساون، بۆیە بیر لە فرۆشتنی دەکاتەوە: "حەسەن پێیگوتم دەتفرۆشم، بەڵام بە پاڕانەوە چوومە بەردەمی، هەموو لاوازی خۆمم پیشاندا و گوتم: تەنیا مەمفرۆشە، هەر سزایەکم دەدەی بیدە. چونکە من ناونیشانم بە براکەمدا بوو، لەلایەکی دیکەش حەسەن باشترینی نێو داعشەکان بوو بۆ من".

## • ملوانکەیەک زێر بە خولەکێک قسەکردن

سوهام بیر لەوە دەکاتەوە، لە ڕێگەی نیشاندانی سۆزی دایک و باوک بۆ منداڵەکەی، سەرنجی حەسەن ڕابکێشێ و پێیدەڵێت هەواڵی بۆ هاتووە کاتێک باوکی مردووە، بانگی ئەوی کردووە، بەڵام ئەو لە تەنیشتی نەبووە. ئێستاش دایکی نەشتەرگەرییەکی گەورەی بۆ دەکرێ و پێویستە لەلای بێ. بەڵام حەسەن گاڵتەی بە پاڕانەوەکانی سوهام هاتووە و پێیگوتووە: "ئەگەر بیر لە ئازادکردن یان هەڵاتن بکەیتەوە، دەتفرۆشم".

سوهام لە من دەپرسێ، تۆ دەزانی چاوەڕوانی چەند بە ئازارە؟ ئەگەرچی هێندە وێستگەی تاڵ لە ژیانمدا هەن کە چاوەڕوانی لە ژێر لاشەی قورسی خۆیەوە تەنگەنەفەسی کردبم، بەڵام من ناچارم پێی بڵێم تۆ بۆچی چاوەڕێی قومارت دەکرد؟: "ئاخر براکەم گوتی کەسێک دەنێرم".

ڕۆژان بوونە هەفتە و هەفتەکان بوون بە مانگ. ناوەڕاستی مانگی ئابە، گەرمای مووسڵ هێلکە دەکوڵێنێ. سوهام بڕیار دەدات چیدی بە دیار بەڵێنی براکەی دانەنیشێ. کاژێر 8ی بەیانی ڕۆژی 15 ئابی 2015 سەرتاپای جەستەی بە جلی ڕەش دادەپۆشێ و بە خوشکەکەی حەسەن دەڵێت: ئەگەر حەسەن هاتەوە پێی بڵێ چووەتە بازاڕ نان بکڕێ.



لە هەر کۆڵانێکەوە تێدەپەڕی، بازگەیەکی لاوەکی چەکدارانی داعش هەبوون. سەیرکردنی ئەو چەکدارانە بۆ خۆی ترسێنەرە. تاوەکو کاژێر 11ی پێشنیوەڕۆ بەو گەرما تاقەتپڕووکێنە منداڵەکەی بە باوەشەوە بووە و خۆی دابووە دەست قەدەر: "گەیشتمە گوندێک ناوەکەیم بیر نەماوە، پیاوێکی بە تەمەن لە بەردەرگا بوو، گوتم کچەکەم زۆر دەگری و بەڵکو هاوکاریم بکەن، پیاوەکە گوتی زوو وەرە ژوورەوە، بەڵام دەبێت زوو بڕۆیت، چونکە کوڕەکەمان داعشە نەوەک لەو کاتەدا بگەڕێتەوە. لەو ماڵە هاتمە دەرەوە و چوومە سێ ماڵی دیکە، بەڵام لەخۆیان نەگرتم، ئیدی ناچار چوومە لای پیاوێک کە عەرەبانەیەکی ڕاگرتبوو کێکی لەسەر دەفرۆشت".

**سوهام:** دەتوانی مۆبایلەکەتم بدەیتێ تەلەفۆنێک بکەم؟

**فرۆشیارەکە:** بۆچیتە؟

**سوهام:** من هاوژینی ئەمیرێکی داعشم و مۆبایلم بیرچووە، ئەو ڕێگەم پێنادات بە تەکسی بڕۆمەوە ماڵەوە و دەمەوێ تەلەفۆنی بکەم.

فرۆشیارەکە بێدەنگ دەبێ. سوهام دەست بۆ ملی دەبات و زنجیرێک دەردەهێنێ کە پیتێکی زێڕی پێوەیە.

**سوهام:** ئەگەر لەبەر باڵانسی مۆبایلەکەتە، ئەوا بۆ خولەکێک قسەکردن ئەو ملوانکە زێڕەت پێدەدەم.

فرۆشیارەکە: نەخێر من زێڕم ناوێ و ئەوەش مۆبایل تەلەفۆنی خۆت بکە.

"قەت میهرەبانی ئەو پیاوە لەبیر ناکەم". کاتێک پیاوەکە دەزانێ سوهام یەکێکە لە ئێزدییە بە کەنیزەککراوەکان، دەیباتەوە ماڵەکەی خۆی و ئامۆژگارییەکیشی دەکات، نەبادا لە پڕ و لەنێوەشەودا چەکداران هەڵکوتنە سەرماڵەکەی: "هەرکەس پرسیاری لێکردی، بڵێ من خوشکی هاوژینی ئەحمەدم".

سوهام لەماڵی ئەحمەدی کێکفرۆشدا پشوویەکی کورتی دا و دواتر نەخشەیەکی پێشکەشکرد. بەپێی نەخشەکە، ڕۆحی سوهام و کچە تەمەن یەک ساڵەکەی دەکەوتە دەست تولەڕێیەک کە بە نێودڵی مانگەشەودا ڕەتدەبێ. ژنێک، دەبێ ئەو شەوە هەموو توخمەکانی مێینەبوونی خۆی فڕێ بدات و گوێش بەو چیرۆکە ترسێنەرانە نەدات کە لە منداڵیدا لەبارەی شەو و تاریکی و تەنیاییەوە بۆیان گێڕاوەتەوە: "دوو کاژێر و نیو بەپێ ڕۆیشتم، هەر بەوشێوەیەی ئەحمەد پێیگوتم، چاوم بڕیبووە زەوییەکە تاوەکو ڕێیەکە ون نەکەم، ئیدی کاتێک پێشمەرگەکانم بینی دنیا تەواو ڕۆشن دەبووەوە، ڕۆژی 18ی ئاب من گەیشتمە نێو پێشمەرگە".

هەرخۆی نا، پێشمەرگەکانیش دەگریان. ئەو ساتانە بۆ سوهام، نە لەبیر دەکرێن و نە ون دەبن. من چاوەکانی دەخوێنمەوە کاتێک شتێکی پێنەماوە بۆ گوتن. چاوەکانی دەڵێن، بۆ هاتنەوەکەی، باوەشی زۆر لە ئازیزانی نەبینی، چونکە لە باوەشی گۆڕدا بوون. سوهام، ژنێکە لە شنگال دڵتەنگتر و لە دارچوالەی قەراخ ڕێگای گوندێکی ڕاگوێزراو تەنیاترە.

بە تەلەفۆنی خوشکی چەکدارێکی داعش پەیوەندیم بە کەسوکارەکەمەوە کرد



## بەنزین هەرزان دەبێت

**ڕووداو- هەولێر**

نرخی لیترێک بەنزینی نۆرماڵ بۆ خوار 700 دینار دابەزی، بەرپرسانی حکومەتیش دەڵێن ئەوەی بەنزین گران بفرۆشێ سزادەدرێ. سۆران عەبدولغەفوور، بەڕێوەبەری چاودێریی بازرگانیی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند :"ڕۆژی 23ی ئەم مانگە نرخی بەنزین دابەزینێکی دیکە بەخۆیەوە بینی، نرخی یەک لیتر بەنزینی جۆری نۆرماڵ بە 675 دینار موحەسنیش بۆ 750 دینار دابەزی. گوتیشی "هەر خاوەن بەنزینخانەیەک سەرپێچی بکات و لەو نرخە گرانتر بیفرۆشێ، ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە". هەروەها نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی هەولێر گوتی :"نرخی بەنزینی جۆری نۆرماڵ لە شاری هەولێریش بۆ خوار 700 دینار دابەزیوە".

### 170 جۆر جگەرە لە کوردستان دەکێشرێ

# ساڵانە بایی یەک ملیار دۆلار جگەرە هاوردەی کوردستان دەکرێ





هەرێمی کوردستان و عێراق لە 42 وڵاتەوە جگەرە هاوردە دەکەن

(فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی ئاماری وەزارەتیی بازرگانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سێ ساڵی ڕابردوودا بایی نزیکەی سێ ملیار دۆلار جگەرە هاوردەی هەرێمی کوردستان کراوە. هاوردەکردنەکەش ساڵ بەساڵ زیادی کردووە، بەجۆرێک ساڵی ڕابردوو بە بەراورد بە ساڵی پێشتر 51% زیادی کردووە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان، لە سێ ساڵی ڕابردوودا 175 هەزار تۆن بەرهەمە توتنییەکانی وەک جگەرە، توتنی خاو و ئاوی، توتنی ترشێنراو بە بەهای 2 ملیار و 994 ملیۆن دۆلار هاوردەی عێراق و هەرێمی کوردستان کراوە، پشکی شێری بازرگانییەکەش بەر بازرگانانی کوردستان کەوتووە.

بەپێی ئامارەکە ساڵی 2015 زیاتر لە 41 تۆن جگەرە و بەرهەمە توتنییەکان بە بەهای 614 ملیۆن دۆلار هاوردەی عێراق و هەرێمی کوردستان کراوە کە 32.4 هەزار تۆن واتە 79% لەلایەن بازرگان و کۆمپانیا بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان هاوردەکراوە. لەساڵی 2016شدا 44 هەزار تۆن بە بەهای 627 ملیۆن دۆلار هاوردەکراوە کە 35 هەزار تۆن، واتە 80% لەلایەن بازرگانانی هەرێمی کوردستان هاوردە کراوە.

ساڵی ڕابردوو ئەم بازرگانییە بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە و 90 هەزار تۆن جگەرە و بەرهەمە توتنییەکان بە بەهای 1 ملیار و 753 ملیۆن دۆلار هاوردەی عێراق و هەرێمی کوردستان کراوە، نزیکەی 58 هەزار تۆن واتە 64% لە لایەن بازرگان و کۆمپانیا بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان بووە.

ئیسماعیل حاجی فایەق، خاوەنی کۆمپانیا ئالان بۆ بازرگانیی جگەرە دەڵێت :"لە هەرێمی کوردستان ئاڵوگۆرییەکی گەرمی بازرگانی جگەرە هەیە، نزیکەی 70%ی ئەو جگەرەیەی کۆمپانیاکانی کوردستان هاوردەی دەکەن، جارێکی دیکە بەرێگەی جیاواز هەناردەی ئێران و تورکیا و سووریا و عێراق دەکرێ".

بەپێی داتاکانی وەزارەتی بازرگانی، هاوردەکردنی جگەرە لە ساڵی 2017 بە بەراورد بە ساڵی 2016 بەرێژەی 65% زیادی کردووە. ئیسماعیل حاجی فایەق هۆکارەکەی ڕووندەکاتەوە و دەڵێت :"دەنگۆیەک هەبوو کە لەعێراق و هەرێمی کوردستان گومرگی سەر هاوردەکردنی جگەرە زیاد دەکرێت، بۆیە زۆربەی کۆمپانیاکان بڕێکی زۆر جگەرەیان هاوردەکرد، ئێستاش کۆگای زۆربەی کۆمپانیاکان پڕ لە جگەرە".

ئامارەکەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، داتای زۆر وردی لەسەر ئەم ئاڵوگۆرییە بازرگانییە تێدایە، بۆ نمونە ئەو 90 هەزار تۆن بەرهەمە تووتنیەی لەساڵی 2017 هاوردەی عێراق و هەرێمی کوردستان کراوە، 85 هەزار تۆنی جگەرە ئامادەکراو بووە، 3000 تۆن توتنی نێرگەلە و 1.560 تۆنیشی توتنی خاو و ترشێنراو بووە.

لە داتاکان دەرکەوتووە عێراق و هەرێمی کوردستان توتنی ترشێنراو لە 14 وڵات هاوردە دەکەن. هەروەها توتنی ئاوی و خاویش کە بۆ نێرگەلە بەکاردێت لە22 وڵات هاوردە دەکرێت.

هەر بەپێی داتاکان نزیکەی 170 مارکەی جگەرە لە 42 وڵات هاوردە دەکرێن، لەوانەش ئیمارات، ئەرمینیا، تورکیا، ڕۆمانیا، ڕووسیا، سربیا، سویسرا، ئەڵمانیا و کۆریای باشوور.

بەپێی داتاکان ساڵی ڕابردوو زۆرترین جگەرە لە ئیماراتەوە هاوردەکراوە کە بەهاکەی 1.5 ملیار دۆلار بووە، دوای ئەویش ئەرمیانیا بە 109 ملیۆن دۆلار بەپلەی دووەم دێت، ڕووسیا بە 16 ملیۆن دۆلار بە پلەی سێیەم. هەروەها بایی 9 ملیۆن دۆلاریش جگەرە لە ڕۆمانیا و سربیا، 3.5 ملیۆن دۆلار لە ئەڵمانیا و 1.2 ملیۆن دۆلاریش لە سویسرا هاوردەکراوە.

لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بەشێکی زۆری جگەرەکان بە براندی ئەمەریکی و کۆریای باشوور بە کڕیاران دەفرۆشرێن، بەڵام داتاکان دەریدەخەن بڕێکی زۆر کەم جگەرە لەو دوو وڵاتە هاوردە کراوە بۆ نمونە لە ئەمەریکا تەنیا چوار تۆن جگەرە بە بەهای 258 هەزار دۆلار و لە کۆریای باشووریش بە بەهای تەنیا 452 هەزار دۆلار جگەرە هاوردە کراوە.

ئیسماعیل حاجی فایەق، دەڵێت :"لەهەرێمی کوردستان ڕەسمی گومرگی و باجەکان بە بەراورد بە عێراق و وڵاتانی دەوروبەر کەمترە، ئەمەش وایکردووە پشکی شێری ئەم ئاڵوگۆرییە بازرگانییە بەر کۆمپانیاکانی کوردستان بکەوێت". گوتیشی :"لەهەرێمی کوردستان نزیکەی 170 جۆر جگەرە هەیە، بەڵام نزیکەی 40 تاوەکو 50 جۆری سەرەکی هەن کە بازاڕیان باشە".

بازرگانی و مامەڵەکردن بە جگەرە لە هەرێمی کوردستان، یەکێکە لە بازرگانییە گەورە و پڕ قازانجەکان، بۆیە هەندێ کۆمپانیا هەر بە هاوردنی جگەرە نەوەستاون، بەڵکو هەوڵی دامەزراندنی کارگەشیان داوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، 4 کارگەی بەرهەمهێنانی جگەرە لەهەرێمی کوردستان هەن، بەشێکیان لەکاردان و بەشێکی دیکەشیان لە قۆناخی دامەزراندنن.

کارگەی Kings Best Tobacco ساڵی ڕابردوو مۆڵەتی دامەزراندنی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی وەرگرتووە، توانای ساڵانەی بەرهەمی کارگەکە 28 هەزار و 800 کارتۆنە و ملیارێک و 458 ملیۆن دیناریش لە دروستکردنی کارگەکە خەرجکراوە.

هەڤاڵ قاسم، خاوەنی کارگەکە دەڵێت :"بەهۆی هەندێ کاری تەکنیکی تا ئێستا کارگەکەمان بەرهەمی نەکەوتووەتە بازاڕەوە، بەڵام لە داهاتوویەکی نزیکدا دەست بە بەرهەمهێنان دەکەین، نیازمان وایە بەرهەمەکەشمان هەناردەی تورکیا و ئێران بکەین".

هەڤاڵ قاسم گوتی :"لە قۆناغی سەرەتا توتن لە تورکیا و بولگاریا هاوردە دەکەین و بەرهەمەکانمان دەنێرینە دەرەوە، بەڵام پلانمان هەیە لە داهاتوودا توتنی کوردستان بەکاربێنین، بۆ ئەم مەبەستەش خۆمان توتن دەچێنین، گرێبەستیش لەگەڵ جوتیارانی ئەو ناوچانە دەکەین کە زەوییەکانیان شیاوە بۆ چاندنی توتن".

هەڤاڵ قاسم، خاوەنی کۆمپانیا و پێشەنگایەکی هاوردەکردن و فرۆشتنی جگەرەیە، دەڵێت :"هەرێمی کوردستان بووەتە ناوەندێک بۆ هەناردەکردنی جگەرە بۆ وڵاتانی دەروبەر، مانگانە زیاتر لە 100 هەزار کارتۆن جگەرە بە هەموو جۆرەکانییەوە لە هەرێمی کوردستانەوە هەناردەی ئێران و تورکیا و سووریا دەکرێت".

> **باجی جگەرە دەبێتە دوو هێندە**
>
> سەبارەت بە باجی سەر جگەرە، ساماڵ عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری گشتیی گومرگەکانی هەرێمی کوردستان، بە (ڕووداو)ی گوت :"ئێمە لە بەرامبەر هاوردەکردنی هەر کارتۆنێک جگەرە 35 هەزار وەردەگرین، 25 وەک ڕەسمی گومرگی، 5 هەزار دینار بۆ سندوقی شێرپەنجە، هەروەها 5 هەزار دیناریش بۆ بەکاربەری ناوخۆ وەردەگرین کە ئەویش بۆ هاوکاری نەخۆشخانەکان خەرج دەکرێت". ساماڵ عەبدولڕەحمان ئاماژەی بەوەدا :"لەسەر ڕاسپاردەی وەزارەتی تەندروستی و ئەنجوومەنی وەزیران، لە پێناو پاراستنی تەندروستیی هاووڵاتیان و کەمکردنەوەی کێشانی جگەرە، لە 14ی شوباتی داهاتووەوە ڕەسمی گومرگی دەکەین بە دوو هێندە و بۆ هەر کارتۆنێک جگەرە 60 هەزار دینار وەردەگرین".

> **چوار کارگەی بەرهەمهێنانی جگەرە لە هەرێمی کوردستاندا هەن**

### ساڵانە بایی 6 ملیۆن دۆلار هاوردە دەکرێ

# لە کوردستان خواست لە ئامێری وەرزشی زیاد دەبێ



نزیکەی 450 هۆڵی لەشجوانی لە هەرێمی کوردستان هەن

(فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

تا دێت ژمارەی هۆڵەکانی لەشجوانی زیاد دەبن، ئەمەش وایکردووە خواست لەسەر هاوردنی ئامێری وەرزشی زیادببێ، بە جۆرێک بازرگانان ساڵانە بایی شەش ملیۆن دۆلار ئامێری وەرزشی هاوردەی کوردستان دەکەن.

ئەو ئامێرانەی بازرگانان هاوردەی دەکەن، سێ جۆرن: مارکەی ئۆرجینالی دەستی دووی ئەورووپی و ئەمەریکی، مارکەی تازەی ئۆرجینالی ئەورووپی و ئەمریکی. هەروەها دروستکراوی چین و ئێران و تایوان.

کۆمپانیای ئی کەی فتنێس دۆر، ئامێری وەرزشی لەشجوانی دەستی دووی ئۆرجینالی ئەورووپی هاوردە بازارەکانی هەرێمی کوردستان عێراق دەکات. ئاکار ئازاد، خاوەنی کۆمپانیاکە دەڵێت :"لەم چەند ساڵەی دوایی خەڵکێکی زۆر ڕووی لەشجوانی کردووە، بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ هۆڵی تازەی وەرزشی دەکرێنەوە، ئەمەش وایکردووە فرۆشی ئەم ئامێرەوە وەرزشیانە زیاد بێت". بە مەزەندەی ئەو بازرگانە، ساڵانە بایی نزیکەی شەش ملیۆن دۆلار ئامێری وەرزشی هاوردەی کوردستان دەکرێ.

ئاکار ئازاد، لە ئەڵمانیاش کۆمپانیا و پێشەنگای تایبەت بەو ئامێرە وەرزشیانەی هەیە، دەڵێت :"ئەو ئامێرانەی ئێمە هاوردەیان دەکەین مارکەی ئۆرجینالی ئەورووپین، نرخیان زۆر بەرزە، بۆیە لە ئەڵمانیاش خواست لەسەری دەستی دوو هەیە. لە هەموو وڵاتانی ئەورووپی مارکە ئۆرجیناڵەکان دەکڕینەوە، بەشێکی لە ئەڵمانیا دەفرۆشین و بەشێکی هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکەین، ساڵانە بەپێی خواستی بازاڕ بایی ملیۆنێک تا دوو ملیۆن دۆلار ئامێر هاوردە دەکەین".

ژمارەیەکی زۆر لەو ئامێرانەی لە بازاڕەکانن، چینی و تایوانین کە هەندێکجار بەناوی مارکە دەفرۆشرێنەوە، بۆیە هەندێک کۆمپانیا بیریان لەوە کردووەتەوە، ببنە بریکاری مارکەکان.

پێشەنگای مارشاڵ فتنێس بۆ فرۆشتنی ئامێرە وەرزشییەکان، بریکاری هەرێمی کوردستانە بۆ مارکەی مارشاڵ فتنێسی ئەڵمانی لە لقی ئاسیا لە ئیمارات، کۆمپانیاکە ساڵانە بایی ملیۆنێک دۆلار ئامێری ئەم وەرزشە بەکواڵێتیی مارکەی مارشاڵ فتنێسی ئەڵمانی لە کارگەکانی چین و تایوان هاوردە دەکات لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەیانفرۆشێتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەم مارکەیەش بەپێی خواستی بازاڕ مارکەی دیکەی چینی هاوردە دەکات.

ئەحمەد عەزیز، بەڕێوەبەری فرۆشتن لە پێشەنگای مارشاڵ فتنێس، بە (ڕووداو)ی گوت :"زیاتر لە 90 جۆر ئامێری وەرزشی لەشجوانی لە چین و تایوان هاوردە دەکەین کە لە دوو جۆر پێکهاتوون جۆرێکیان بۆ بەکارهێنانی ناو ماڵە کە ئێستا خواستی زۆری لەسەرە. دووەمیان بۆ هۆڵە وەرزشییەکانە. ئامێرەکانیشمان بەگوێرەی کواڵێتی و جۆرەکەی، نرخیان لە 100 دۆلارەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە 5 هەزار دۆلار".

خواستی بازاڕی هەرێمی کوردستان وا دەخوازێ ئەحمەد ئامێری کواڵێتیی بەرز و نزم و مارکەی جیاواز هاوردە بکات. ئەحمەد دەڵێت :"جگە لە مارکەی مارشاڵ فتنێس، مارکەی دیکەشمان بە کواڵێتی پلە یەک و دوو هەیە. بۆ نمونە کورسیی جوڵاومان هەیە نرخی لە 100 دۆلارەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە 250 دۆلار".

بە گوتەی ئەحمەد بەهۆی ئەوەی وەرزشەکە لە کوردستان تازەیە، خەڵک وەکو پێویست شارەزایان لە مارکەکان نییە، بۆیە هەندێک کۆمپانیا فێڵ لە خەڵک دەکەن مارکە بەناوبانگەکان لە چین کۆپی دەکەن و بە ناوی مارکەی ئەڵمانی و ئیتاڵی و ئەمەریکی بە نرخی خەیاڵی بە هاووڵاتیانی دەفرۆشنەوە.

هۆڵە وەرزشییەکانی لەشجوانی (فێتنس) لە هەرێمی کوردستان، بەگوێرەی ڕووبەر و جۆری ئامێرەکانیان تێچوویان دەگۆڕێت، بەشێوەیەکی گشتی ئەو هۆڵە وەرزشیانەی لە گەڕەک و هۆتێلە مامناوەندەکان هەن، تێکرای نرخی ئامێرەکانیان لەنێوان 15 تاوەکو 120 هەزار دۆلار دایە.

ئەحمەد عەزیز، دەڵێت :"بەشێوەیەکی گشتی ئەو هۆڵانەی لە گەڕەکەکان هەن تێکرای نرخی ئامێرەکانیان لەنێوان 15 تاوەکو 40 هەزار دۆلار دایە، هەر بۆیە نرخی بەشداری مانگانە تێیاندا هەرزانە".

لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 400 تاوەکو 450 هۆڵی وەرزشیی فێتنس هەن، 110 هۆڵیان لە سنوری پارێزگای هەولێرن.

دانا جومعە، سەرۆکی لێژنەی باڵای پێدانی مۆڵەتی هۆڵەکانی لەشجوانی لە شاری هەولێر، دەڵێت "لەهەرێمی کوردستان بەگشتی و هەولێر خەڵکێکی زۆر ڕووی لە وەرزشی لەشجوانی کردووە، بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ هۆڵی تازە دەکرێنەوە، بۆ نمونە چوار ساڵ بەر لە ئێستا لە پارێزگای هەولێر تەنیا 24 هۆڵمان هەبوو، ئێستا تەنیا لە سەنتەری شاری هەولێر زیاتر لە 60 هۆڵمان هەن".

دانا جومعە کە خۆی ڕاهێنەری لەشجوانییە دەڵێت ئەوان پێشتر چەند مەرجێکی ئاسانیان دانابوو بۆ پێدانی مۆڵەت بە کردنەوەی هۆڵی لەشجوانی، چاوپۆشیان لە جۆر و کواڵێتیی ئامێری هۆڵەکان دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە بازرگانان بۆ قازانجی خۆیان ئامێری کوالیێتیی زۆر نزم بێ ڕەچاوکردنی گۆشە فیزیکییەکان لە چین و ئێران هاوردە دەکەن، بڕیاریان دا سنوورێک بۆ دانانی ئامێری بێ کواڵێتی لە هۆڵەکان دابنێن.

دانا جومعە، گوتی "ئێستا ئامێری هۆڵەکانمان باشن، نزیکەی 50% تاوەکو 60%یان دەستی دووی ئەورووپی و ئەمریکین. 5% تاوەکو 10%ی هۆڵەکانیش ئامێری ئۆرجینالی تازەیان تێدایە، بەشەکەی دیکەش ئامێری چینی و ئێران باش و خراپیان تێدایە".

بەپێی مەرجەکان نابێت هیچ هۆڵێک لە 35 ئامێر کەمتری تێدابێ. دانا جومعە دەڵێت :"ئەو مەرجە بۆ ئەوەیە وەرزشوانان بۆ گەشەپێدانی جەستەی خۆیان سوود لە هەموو ئامێرەکان وەربگرن". ئەم مەرجەش تێچووی دامەزراندنی هۆڵەکانی زۆر کردووە. وەک دانا دەڵێت "ئەگەر هۆڵێک ڕووبەرەکەی 400 مەتربێت، تێچووی ئامێرەکانی دەگاتە 50 تاوەکو 100 هەزار دۆلار، سەنتەر و هۆڵی تایبەتیمان هەیە بایی یەک ملیۆن دۆلار ئامێری وەرزشی تێدایە".

> **لەبەر کچان گرانە**
>
> نرخی بەشداری مانگانە لە هۆڵەکانی لەشجوانی لە هۆڵێک بۆ هۆڵێکی دیکە جیاوازە. دانا جومعە، سەرۆکی لێژنەی باڵای پێدانی مۆڵەتی هۆڵەکانی لەشجوانی لە شاری هەولێر، دەڵێت :"بەشێوەیەکی گشتی نرخی مانگانەی بەشداری لە هۆڵە ئاساییەکان لە 30 هەزار دینارەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە 100 هەزار، بەڵام هەندێ کەس هەن بازرگانی بەم وەرزشە دەکەن، هۆڵی تایبەتی تێکەڵی کوڕ و کچیان کردووەتەوە، مانگانە 300 دۆلار لە کوڕان وەردەگرن و 100 دۆلاریش لە کچان".

# لوبنان و دووبارەکردنەوەی ئەزموونی کوردستان لە کەرتی وزەدا



سعود هاشم*

لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وڵاتێک دەیەوێت ناوی بچێتە سەر نەخشەی وزەی جیهان، بە سوود وەرگرتن لە کەموکوڕی و ئەزموونە سەرکەوتەوەکانی ناوچەکە خەریکی ئامادەکارییە بۆ وەبەرهێنان لە سێکتەری وزە، ئەو وڵاتەش لوبنانە .

لوبنانییەکان بە سروشت میللەتێکن حەز لە ژیان و پێشکەوتنە، تەنانەت لە وەبەرهێنانی نەوت و گازیش بە ستایلێکی جیاواز لە وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستیان پێکردووە . بەر لەوەی یەک بەرمیلە نەوت بدۆزنەوە، یاخود بەرهەمی بێنن، کەچی یاسا و بڕیاری تایبەت بەو کەرتە (سێکتەری نەوت و گاز)یان دەرکردووە . لەسەر ئاستی ڕێکخراوەییش چەندین ڕێکخراوی تایبەت بە کەرتی نەوت و گازیان لە روو شەفافیەت و دانایی بەڕێوەبردن (حوکمە)ی کەرتی نەوت و گاز دروست کردووە . بۆ نمونە ڕێکخراوی دەستپێشخەری نەوت و غازی لوبنان (LOGI) کە دەمێکە هەیە و کادیری ئەم بوارە پێدەگەیێنێ .

لە ساڵی 2012ەوە حکومەتی لوبنان ئامادەکاری دەکات بۆ قۆناغێکی نوێی دۆزینەوەی نەوت و گاز، بۆ ئەم مەبەستەش ساڵانە چەندین کۆڕ و سەمینار و وۆرکشۆپ ڕێکدەخەن، بۆ ئەوەی بتوانن لە رووی (یاسایی و ڕێنمایی و گرێبەست و داهات و شەفافیەت) باشترین بڕیار بدەن و تەواوی لوبنان لێی سوودمەندبێ .

لوبنان لە ڕێگەی دامەزراندنی وەزارەتی (وزە و ئاو ) و دانانی دەستەیەکیش سەر بەو وەزارەتە بە ناوی دەستەی بەڕێوەبردنی پێترۆڵ (Lebanon petroleum administration) لە 2017/10/12 گەڕی یەکەمی پێدانی مۆڵەتی گەڕان و پشکنینیان بۆ دوو بلۆکی دەریایی ( 4 و 9) لە کۆی 10 بلۆکی دەریایی لە دەریای سپی ناوەڕاست ڕاگەیاند . هەردوو بلۆکی (4 و 9) بۆ گروپی هاوبەشی کۆمپانیاکانی (Eni International و Total S.A و JSC Novatek BV ) بە سەرۆکایەتی کۆمپانیای تۆتاڵی فەرەنسی دەرچوون . بڕیارە لە ساڵی 2019 دەست بە پرۆسەی گەڕان و پشکنین لەم دوو بلۆکەدا بکرێ .

لەگەڵ ئەمانەشدا لوبنان خۆی بۆ ڕاگەیاندنی گەڕی دووەمی پێدانی مۆڵەتی گەڕان پشکنین ئامادە دەکات لە بلۆکە دەریاییەکانی (1 و 5 و 8 و 10) چاوەڕوان دەکرێت لە کۆتایی 2019 ناوی کۆمپانیاکان ئاشکرا بکرێت بۆ پێدانی ئەم بلۆکە نەوتیانە و وەبەرهێنان تێیاندا .

لوبنانییەکان بەهۆی قەیرانی دارایی و کورتهێنان و قەرزی نێودەوڵەتی و بێکاری و کێشەی ناوخۆیی، هەموو هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە بۆ پەلەکردن لە بەرهەمهێنانی نەوت و گاز و زیادکردنی داهات بۆ لوبنان، بەڵام ئاماژەکان دڵخۆشکەرنین بۆ ئەوەی ئەگەر لوبنان بووە خاوەن نەوت و گاز، داهاتەکەی بۆ خۆشگوزەرانی خەڵکەکەی خەرج بکرێ و ڕەنگدانەوەی بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکدا هەبێ، چونکە ئێستا لە لوبنان گەندەڵی لە حاڵەتەوە بووەتە دیاردە . ئەمەش وادەکات نەوت لە نیعمەتەوە ببێتە نەفرەت بۆیان بەتایبەت لە وڵاتێک کە دەوڵەت لە ناو دەوڵەت دروست بووە و سوپای دەوڵەت لاوازترە لە میلیشیاکان . هەژموونی ئیسرائیلیش لە ناوچەکە و ڕۆڵی بەسەر ڕێڕەوی لولەی نەوت و گاز لە ناوچەکەدا، دەبێتە کێشەیەکی دیکە بۆ کەرتی وزەی لوبنان لە داهاتوودا .

دوو هەفتە لەمەوبەر لە بەیروت خولێکی چڕی بنەماکانی دانایی بەڕێوەبردن (حوکمە) لە نەوت و گاز دا لەلایەن پەیمانگەی حوکمڕانیی سەرچاوە سروشتییەکان (NRGI) و ناوەندی لوبنانی بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی سیاسەت (LCPS) بەڕێوەچوو کە بەندەش بەشداری کردبوو .

لەوێدا شارەزایان و توێژەران و کەسانی نزیک لە دروستکردنی بڕیاری سیاسەتی وزەی لوبنانمان بینی، بۆمان روون بووەوە کە لە تەواوی ئەو ساڵانەی لوبنانییەکان لێکۆڵینەوەیان کردووە گەیشتوونەتە ئەو بڕیارەی باشترین جۆری گرێبەست بۆ لوبنان، هەمان جۆری گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، واتە گرێبەستی هاوبەش (Production Sharing contract) لەگەڵ گۆڕانکارییەکی بچووک لە ناوەڕۆکی گرێبەستەکە . شارەزا لوبنانییەکان دەیانگوت لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو جۆرە گرێبەستە (گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان)، نمونەیەکی سەرکەوتووە . وێڕای ئەوەش ناوی عێراق لە نموونەی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنان و ناڕوونی لە گرێبەست و بەهەدەردانی داهاتە نەوتییەکەی ناوێکی ئامادەبووی ناو لیستی ئەو کەموکوڕیانە بوو کە وەک نمونەیەکی خراپ بۆ حوکمڕانی و هەڵسووڕاندنی کەرتی نەوت و گاز باسدەکرا .

> "لوبنانییەکان پێیانوایە باشترین جۆری گرێبەست بۆ کەرتی وزەی لوبنان، هەمان جۆری گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستانە"

هەرێمی کوردستان لە رووی سیاسەتی نەوت و بڕیاردان لە وەبەرهێنانی کەرتی نەوت و گاز سەرکەوتوو بووە، تەنانەت پێش 16ی ئۆکتۆبەر هەناردەی نەوتی بە کەرکووکەوە زیاتر لە 600 هەزار بەرمیلی لە رۆژێکدا تێپەڕاند و پێش ئیکوادۆر، کۆنگۆ، لیبیا و گابۆن کەوتبووەوە کە ئەندامی ئۆپێکن . پلان هەبوو بۆ 2019 ئاستی بەرهەم هێنان بگاتە یەک ملیۆن بەرمیل نەوت لەرۆژێکدا، بەڵام فاکتەری ناوخۆ و دەرەکی و شەڕی داعش، پێشیان بەو هەنگاوەی کوردستان گرت .




حکومەتی لوبنان لە 2017/10/12 گەڕی یەکەمی پێدانی مۆڵەتی گەڕان و پشکنینی بۆ هەردوو بلۆکی دەریایی ( 4 و 9) ڕاگەیاند

حکومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان بەر لەهەر هەنگاوێک پێویستە بە کەرتی نەوت و گاز دابچێتەوە و هاوشێوەی ناوەندەکانی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە لوبنان خۆمانی بۆ ئامادەبکەین، پێویستە ئێمەش لە کوردستان چەند هەنگاوێکی بوێرانە بنێین وەک :

1- دانانی ستراتیژێکی روون و دروستکردنی دامەزراوەی تایبەت بە کەرتی نەوت و گاز.

2- پێداچوونەوە بە سیستەمی وەرگرتنی باج لە کۆمپانیا نەوتییەکان.

3- کاراکردنی سندوقی داهاتی نەوت .

4 - پابەندبوون بە پێوەری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک شەفافیەت لە پیشەسازییە دەرهاتووەکان EITI و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتە داراییەکان و چالاکی کۆمپانیا نەوتییەکان .

-5 کاراکردنی رۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی تایبەت بە شەفافیەت و کەرتی نەوت و گاز بەمەبەستی چاودێریکردنی ئەم سێکتەرە .

بێگومان بە جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانەی سەرەوە، وەڵامی زۆر لە پرسیاری (لایەنەکان و پێویستی خەڵک ، پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، داخوازی سیاسی و نێوخۆیی) دەدرێتەوە، بەمەش دەتوانرێ پێگەی عێراق بە کوردستانەوە لە بەرزترین ئاستی خراپ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گاز کە 38مین وڵاتە لە کۆی 86 وڵات دوای (ئەریتریا و میانمار و زیمبابۆی و غینیا و ئێران) دێت، باشتر بکرێ .

زەمینەکان لەبارن بۆ بەرەوپێشبردنی کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، ئەگەر هاتوو ئەم کەرتە ڕێکبخرێتەوە بە ستراتیژێکی روون بەڕێوەبچێت و خەڵک و لایەنەکان و هەموو چین توێژێکیش خۆی بە خاوەنی ئەم سامانە سروشتییە بزانێت و بەسەریەوە چاودێربێت . دواجاریش هەموولایەک سوودمەند دەبێ لە داهاتی ئەم سامانە و ئەزموونی کوردستانیش پتەوترو خۆڕاگرتر دەبێ بەرامبەر قەیرانەکان، هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوت و کێشە سیاسییە ناوخۆیی و هەرێمیەکانیش چیدی ڕەنگدانەوەیان بەسەر سێکتەری نەوت گازدا نابێ، بەو شێوازەی کە لە 4 ساڵی ڕابردوو بینیمان .

* سەرۆکی پەیمانگەی کوردستان بۆ وزە

# حەوت گومان لە ڕاپۆرتەکانی کۆمپانیای دیلۆیت



بیلال سەعید*

لە پێشەکی ئەو چوار ڕاپۆرتەی کۆمپانیای دیلۆیت لەبارەی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان بڵاوی کردوونەتەوە، هەموو جارێک دەنووسێ "کۆمپانیای دیلۆیت بەرپرسیارە بەرامبەر ئەنجوومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گازی هەرێمی کوردستان. هیچ لایەنێکی دیکە مافی پشت بەستنی بەم ڕاپۆرتە نییە"، بەڵام ئایا ئەم جۆرە ڕێککەوتنەی کۆمپانیای دیلۆیت و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئامانج لێی زیادکردنی پرۆسەی شەفافیەتە لە کەرتی وزەدا، لە چ شوێنێک لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی شەفافییەت یەکدەگرێتەوە؟

رۆژی 2016/10/5 حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای دیلۆیت کە یەکێکە لە چوار کۆمپانیا بەناوبانگەکانی جیهان لەبواری ژمێریاری و وردبینی، گرێبەستێکیان بۆ وردبینی لە پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و هەناردن و فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان واژۆ کردووە . ڕێککەوتنەکە لە چوارچێوەی هەنگاوەکانی پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێکرا و زۆر بەگرنگ لەقەڵەم درا لە پێناو زیادکردنی پرۆسەی شەفافیەت لە کەرتی وزەی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام ئایا ئامانجەکەی پێکاوە؟

لەو ماوەیەی کە گرێبەستەکە کراوە، واتە لە ئۆکتۆبەری 2016 تاوەکو ئێستا، کۆمپانیای دیلۆیت چوار ڕاپۆرتی لەبارەی دەرهێنان و هەناردن و فرۆشتنی نەوتی کوردستان بڵاوکردووەتەوە . ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکان پەیوەستە بە کەرتی نەوت لە نێوان ساڵی 2017 تاوەکو ناوەڕاستی 2018، واتە تەنیا وردبینی لە بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوتی کوردستان کراوە لەماوەی یەک ساڵ و شەش مانگی ڕابردوودا!

کۆمپانیاکە لە سەرجەم ڕاپۆرتەکانیدا، ئاماژەی بەوە کردووە کە لە گرێبەستەکەیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وردبینی لە دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی کوردستان لە نێوان ساڵانی 2014 بۆ 2016ەش دەکرێت، بەڵام تا ئێستا ئەنجامی کارە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیاکە تەنیا پەیوەست بووە بە دوو ساڵی ڕابردوو و ساڵانی پێشتر دیار نییە چ گوزەراوە؟

جگە لەوانەی گرێبەستەکەیان لەگەڵ کۆمپانیای دیلۆیت کردووە، ڕای گشتی نازانێ ئەو گرێبەستە بە چەند کراوە و تا کەی بەردەوام دەبێ؟ ئایا بۆچی حکومەت هەوڵی نەداوە لەڕێگەی عێراقەوە ئەم کارە بکات؟ لەکاتێکدا بەشێکی زۆری تێچووی خەرجییەکانی وردبینی نەوتی عێراق لەچوارچێوەی دەستپێشخەری شەفافیەت لەلایەن بانکی جیهانییەوە دابین دەکرێت.

بەچاوخشاندنێک بۆ ناوەڕۆکی چوار ڕاپۆرتی بڵاوکراوەی پێشووتری دیلۆیت، چەندین هەڵە و کەموکورتی وردبینی دەردەکەون کە لەم نووسینەدا ئاماژە بەو حەوت لەو کەموکڕیانە دەدەم.

1- لەو چوار ڕاپۆرتەی تا ئێستا بڵاوکراونەتەوە، هەموو جارێک خاڵێک کۆپی و پەیست کراوەتەوە، ئەویش ئەوەیە :"هیچ بەیانێکی نادروستمان بەدی نەکردووە لە زانیارییەکانی هەناردەکردن و بەکاربردن و فرۆشتنی نەوت". بەڵام ئایا بەیانی ناڕاست بەدینەکراوە یان بڵاوناکرێتەوە؟ چونکە من گومانم نییە جگە لەو ڕاپۆرتانەی دەخرێتە بەردەم ڕای گشتی، دیلۆیت ڕاپۆرتی جیاواز لەوەی بڵاوی دەکاتەوە دەداتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئایا ئەو ڕاپۆرتانە بۆچی ناخرێنە بەردەست میدیا و پەرلەمان و پسپۆڕانی ئابووری؟! مادام هیچ بەیانێکی نادروست لە زانیارییەکانی هەناردن و فرۆشتنی نەوتی کوردستاندا نییە، تاکەی حکومەت بە ناوی وردبینییەوە پارە دەداتە کۆمپانیای دیلۆیت؟

2- لەوەتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای دیلۆیت کردووە، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، بە بیانووی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیتەوە، بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی داهات و هەناردەی نەوتی ڕاگرتووە کە پێشتر مانگانە بڵاوی دەکردنەوە و پڕ بوون لە وردەکاریی لە بارەی پرۆسەی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی تێدابوو، لەکاتێکدا پرۆسەی وردبینی دیلۆیت و ڕاپۆرتەکانی پێشووی حکومەتی دوو شتی جیاوازن! بۆیە دەکرێت ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت ساڵانە بڵاوبکرێنەوە و بەوردەکارییەکی زیاتر، نەک بەو شێوەی ئێستا کە کاتی بڵاوکردنەوەی نادیارە . هەروەها بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکانی سامانە سرووشتییەکان بەردەوام بن، یان ماڵپەڕێکی تایبەتی بۆ بکرێتەوە و ڕۆژانە داتاکانی بەرهەمهێنان و هەناردە و فرۆشتنی نەوتی تێدا بڵاوبکرێتەوە .

3- لە یاسای ژمارە 22ی تایبەت بە نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی روون ئاماژە بەوە کراوە کوردستان پابەند دەبێت بە پێوەرەکانی EITI، بەڵام بەچاوخشاندنێک بە ڕاپۆرتەکانی دیلۆیت هیچ یەکێک لە ڕاپۆرتەکان لەگەڵ ئەو پێوەرانە یەکناگرێتەوە، هەروەها دیلۆیت و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرێککەوتنیان لەسەر ئەوەی کۆمپانیاکە تەنیا بەرامبەر حکومەت بەرپرسیارە، ئەوەندەی دیکە گومانەکانیان لەسەر ئەم هەنگاوە زیاتر کردووە .

4- لە ڕاپۆرتەکانی دیلۆیتدا بەهیچ شێوەیەک ئاماژە بە بڕی ئەو پارە نەکراوە کە حکومەت لە قۆناغی ڕابردوو بەناوی شیرینی گرێبەستە نەوتییەکان وەریگرتووە، ئایا بڕەکەی چەندە؟ چۆن خەرجکراوە؟ ئایا بۆچی هەوڵنادرێت لە ڕاپۆرتێکی جیاوازدا ئەم پرۆسەیە روونبکرێتەوە کە لە ڕابردوو و ئێستاش زۆرترین قسەی لەسەرکراوە؟

-5 بەهیچ شێوەیەک لە ڕاپۆرتەکاندا ئاماژە بە کڕیارانی نەوتی کوردستان لەڕێگەی بۆری و تەنکەرەوە نەکراوە . دیارنییە کڕیارەکان کێن و نرخەکانی فرۆشتنی نەوت بەچی شێوەیەک دیاریکراون .

6- هەرچەند مانگانە کۆمپانیا نەوتییەکان بڕی ئەو شایستە داراییانەی کە وەریدەگرن لەڕاپۆرتی مانگانەی خۆیان بڵاوی دەکەنەوە، بەڵام لەچوارچێوەی ڕاپۆرتەکانی دیلۆیتدا ئەم پرۆسەیە بەهیچ شێوەیەک روون نەکراوەتەوە .

7- بەرپرسانی حکومەت لە چەندین بۆنە و گفتوگۆی ڕۆژنامەڤانی ئاماژەیان بەوەکردووە پارەیەکی زۆری کۆمپانیاکان قەرزارین، دیارنییە ئایا قەرزەکان چۆنن؟ ئایا پارەی نەوت ڕاستەوخۆ وەرگیراوە؟ ئایا شایستەی داراییە؟ ئایا پارەی نەوتی پێشوەختی فرۆشراوە یان بابەتی دیکەیە؟ لەکاتێکدا پێویستە ئەم بابەتە لە ڕاپۆرتەکانی دیلۆیتدا روونبکرێتەوە، ئایا بڕەکەی چەندە؟ چەندی دراوەتەوە و چۆن دراوەتەوە؟



کۆمپانیای دیلۆیت تاوەکو ئێستا چوار ڕاپۆرتی لەبارەی نەوتی کوردستان بڵاوکردووەتەوە (فۆتۆ: AFP)




## دڵنیاخان نوێیان دەکاتەوە

**رووداو- هەولێر**

خانمە گۆرانیبێژی رۆژهەڵاتی کوردستان، دڵنیاخان، ئێستا کار بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلبوومێکی گۆرانی بە ناوی "ئاسکە جوانەکە" دەکات کە سەرجەم گۆرانییەکان فۆلکلۆرین و پێشتر لەلایەن هونەرمەندی دیکە گوتراونەتەوە. دڵنیاخان هونەرمەندە بە (رووداو)ی راگەیاند :"ئەلبوومەکەم لە ئاواز و تێکستی فۆلکلۆری کوردی پێکهاتوون کە ئێستا بەشێکی زۆر لە گۆرانییەکانم تۆمارکردوون". ئەم خانمە دەشڵێت"لەم ئەلبوومەدا بەشێک لە میوزیک و گۆرانی رەسەنی ئێزدییەکانم بەکارهێناوەتەوە، هەروەها سوودم لە میوزیکی دەرسیمی باکووری کوردستان وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند تراکێک لە گۆرانییەکان بەشێوزاری موکریانین، چەند حەیرانێکی دەشتی هەولێریشمان دووبارە کردووەتەوە".

## سانا مەحموود، شاجوانی 2018ی کوردستان بۆ (رووداو):

# بۆ هێرشی سۆشیالمیدیا ئامادەم



تەمەنی 22 ساڵە و هەڵەبجەییە، بەڵام لە ستۆکهۆڵم لەدایکبووە. سانا مەحموود لە مانگی ئەیلولی ئەمساڵ بۆ بەشداریی لە هەفتەی نمایشی جلوبەرگی کوردستان گەڕایەوە هەولێر، دواتریش خۆی ناونووس کرد بۆ کێبڕکێی شاجوانی کوردستان بۆ ساڵی 2018. سانا کە ژمارە 13ی لە مەچەکی بەستبوو، لەگەڵ 13 کچی دیکە کێبڕکێی لەسەر ناسناوەکە دەکرد، ئەو قسە باوەی بەتاڵ کردەوە کە دەڵێت 13 ژمارەیەکی شوومە و شەوی 21/12/2018 تاجی شاجوانی کوردستانی لەسەر نا.

هەڤپەیڤین: دەرباز یونس
رووداو – هەولێر

### پرۆژەی تایبەتم بۆ هەڵەبجە دەبێت

**رووداو: ئەگەر خوێنەران بیانەوێت پرۆفایلی تۆ بزانن، چۆن باسی خۆت دەکەی؟**

**سانا مەحموود:** ناوم سانا مەحموودە، لە هەڵەبجە لەدایکبووم. تەمەنم 22 ساڵە، باڵام 168 سانتیمەترە، لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد دەژیم، حەزم لە نمایشکاری جلوبەرگە، شارەزایی زۆرم لە سەماکردن هەیە.

**رووداو: ئەو ماوەیە کە شاجوانی کوردستانیت لە کوێ دەبیت؟ دەگەڕێیتەوە سوێد؟**

**سانا مەحموود:** ئەو ساڵە لە هەولێر دەمێنمەوە و خەریکی پرۆژەکانم دەبم. جار جارەش دەگەڕێمەوە ستۆکهۆڵم.

**رووداو: شاجوانی کوردستان لای تۆ چی دەگەیەنێت؟ چۆن خۆت ناونووس کرد؟**

**سانا مەحموود:** شاجوانی کوردستان پرۆسەیەکی جوان و مۆدێرنە، سوپاس بۆ

### بنەماڵەکەم زۆر پشتگیرییان کردم

ڕێکخەرانی پرۆژەکە، من بۆ بەشداریی لە هەفتەی نمایشی جلوبەرگی کوردستان هاتمەوە هەولێر، دواتریش خۆم بۆ بەشداری لە شاجوانی کوردستان تۆمارکرد و بەربژێر بووم. دواتریش سوپاس بۆ خوا ناسناوەکەم بردەوە، من شانازی بە خۆم و کچانی هەر چوار پارچەی کوردستانەوە دەکەم، شاجوان دەبێت پارێزەری ناسناوەکە بێت، هەروەها دەبێت خزمەتکاری خەڵکی کوردستان بێت.

**رووداو: کار و پرۆژەکانت لە چ بوارێک دەبێت؟**

**سانا مەحموود:** دەمەوێت پرۆژەکانم زیاتر لە بواری منداڵان بێت، کار و خزمەت پێشکەشی منداڵان بکەم، چونکە منداڵانی کوردستان شایستەی باشترین ژیانن.

**رووداو: تۆ کە یەکەم شاجوانی خەڵکی هەڵەبجەیت، پرۆژەت بۆ هەڵەبجە دەبێت؟**

**سانا مەحموود:** من فەخر و شانازی بە خەڵکی هەڵەبجەوە دەکەم، شانازی بەخۆشمەوە دەکەم کە خەڵکی هەڵەبجەم، بێگومان پرۆژەی تایبەتم بۆ هەڵەبجەییەکان و بۆ شاری هەڵەبجەش دەبێت.

### حەز دەکەم وەکو نمایشکاری جلوبەرگ بەردەوام بم

**رووداو: تا ئەو کاتەی کە بوویت بە شاجوانی کوردستان هیچ جوانکارییەکت نەکردبوو؟.. بۆتۆکس یا فیلەر؟**

**سانا مەحموود:** نەخێر هیچ جوانکارییەکم نەکردووە، چونکە متمانەی تەواوم بە روخساری خۆم هەبووە.

**رووداو: لە داهاتوودا نەشتەرگەریی جوانکاری دەکەیت؟**

**سانا مەحموود:** نەخێر، من متمانەی تەواوم بە جوانییە سروشتییەکەی خۆم هەیە، بۆیە هیچ پلانێکم نییە بۆ ئەوەی نەشتەرگەریی جوانکاری بکەم، خۆم جوانم و پێویستم پێی نییە.

**رووداو: شاجوان لە سۆشیالمیدیا هەمیشە هێرشی دەکرێتە سەر، بەشێک لە خەڵکی کوردستان ئەم پرۆسەیە و ئەو کەسەی کە ناسناوەکە بەدەست دەهێنێت رەتدەکەنەوە، تۆ تا چەند بۆ ئەوە ئامادەیت؟**

**سانا مەحموود:** من دەڵێم ڕێوڕەسمی هەڵبژاردنی شاجوانی کوردستان ڕێوڕەسمێکی مۆدێرن و نوێیە، لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیا ئەم ڕێوڕەسمانە دەکرێن، بۆیە دەبێت لە کوردستانیش هەبن. هەروەها من بۆ هێرشی خەڵکی لە سۆشیالمیدیا زۆر ئامادەم، من کچێکی بەهێزم و دەتوانم بەرامبەر ئەو هێرشانە بوەستم و بە کار و پرۆژەکانم وەڵامیان بدەمەوە، بۆیە ئەوانە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر من نابێت.

**رووداو: چیت هەیە بۆ شاجوانانی پێش خۆت؟**

**سانا مەحموود:** هەموویان کچی باش و بەهێز و سەرکەوتوو بوون، هەموو پێکەوە بەردەوام دەبین لە هەڵگرتنی پەیامی شاجوانی کوردستان. خۆشەویستیم بۆ هەموویان هەیە.

**رووداو: بنەماڵەکەت تا چەند پشتیوانت بوون بۆ ئەوەی ببیتە شاجوان؟**

**سانا مەحموود:** بێگومان ئەگەر ئەوان

### حەز دەکەم لە بواری منداڵاندا خزمەت بکەم

پشتگیرییان نەکردبام نەمدەتوانی بەشداربم و سەرکەوتوو بم، ئێمە ماوەی چەند ساڵە لە سوێد دەژین، هەموویان زۆر پشتگیری منیان کرد تا بەشداری بکەم، ئێستاش کە سەرکەوتنم بەدەستهێناوە، بەشێکی بەهۆی پشتگیریی خێزانەکەمە.

**رووداو: حەز دەکەی تەنیا شاجوان بیت یان دەتەوێ ببیتە ئەکتەر یان گۆرانیبێژ؟**

**سانا مەحموود:** من ئەمساڵ تەنیا شاجوان دەبم، دواتریش حەز دەکەم وەک نمایشکارێکی پرۆفیشناڵی جلوبەرگ بەردەوام بم.

**رووداو: لە سوێد چیت کردووە؟ هیچ کار و پرۆژەت هەبووە؟**

**سانا مەحموود:** لە سوێد زیاتر خەریکی خوێندن بووم، ئێستاش هەر لە قۆناغی دواناوەندی دەخوێنم لەوێ، لە زۆر فێستیڤاڵ وەک نمایشکاری جلوبەرگ بەشداریم کردووە.

**رووداو: چەند زمان دەزانیت؟**

**سانا مەحموود:** کوردی، ئینگلیزی و سوێدی، حەز دەکەم خۆم فێری عەرەبیش بکەم.

### نەشتەرگەریی جوانکاریم نەکردووە و نایکەم

## ئەردیان بیوپیە، گۆرانیبێژی کۆسۆڤی- ئەڵمانی بۆ (رووداو):

# لە ئەڵمانیا لە گەڕەکێکی کوردیدا گەورە بووم



کۆسۆڤۆیم و لەگەڵ کورد یەک کێشەمان هەیە

ئەردیان بیوپیە، گۆرانیبێژێکی ئەڵمانی- کۆسۆڤییە. دوای ئەوەی بووە سێیەمی بەرنامەی بەهرەکانی ئەڵمانیا لە 2011 دا ناوبانگی پەیداکرد. ئەردیان بە شێوازی پۆپ گۆرانی دەڵێت و تا ئێستا چوار ئەلبوومی بڵاوکردووەتەوە لەگەڵ شەش ڤیدیۆ کلیپ. یەکەمین گۆرانیشی "This is My Time" بوو کە لە ماوەی هەفتەیەکدا زیاتر لە یەک ملیۆن بینەری لە یوتیوب هەبوو. هەروەها کلیپێکی بەناوی چیکا چیکا زیاتر لە 67 ملیۆن و 700 هەزار بینەری لە یوتیوب هەبووە. ئەردیان ساڵی 1991 لە کۆسۆڤۆ لەدایکبووە، ساڵێک دواتر خێزانەکەی چوونەتە ئەڵمانیا. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە شاری هایدڵبێرگ تەواو کردووە. هەفتەی رابردوو کلیپێکی بەناوی (گوڵ و گوڵلە) لەگەڵ خانمە گۆرانیبێژی کورد هێلی لەڤ بڵاوکردەوە.

هەڤپەیڤین: ئالا شالی
رووداو - ئەڵمانیا

**رووداو: چۆن بوو بیرتان لەوە کردەوە لەگەڵ هێلی لەڤ، ئەم دوێتە بکەن؟**

**ئەردیان بیوپی:** چیرۆکی ئەمە درێژە، خەڵکی کوردستان دەناسم و ناسیاویم لەگەڵ هێلی لەڤیش سێ ساڵ لەمەوبەر دەستیپێکرد، ئەویش بەهۆی میوزیکەوە بوو. هەموو کەس لێرە چیرۆکی هێلی لەڤ دەزانێ. دواتر بینیم، ئەو حەزی لە میوزیکی منە. ئیدی ئەوە بوو کە فۆلۆی یەکدیمان کرد و دوای ئەوە پەیوەندیمان بەردەوام بوو، باسی خەونەکانی خۆمان دەکرد، بیرمان لەوە دەکردەوە پێکەوە گۆرانییەک بڵێین. کارگێڕی کارەکانی من سەردانی کوردستانی کرد و لەگەڵ کارگێڕی کارەکانی ئەودا کۆبووەوە. پاشان یەکدیمان بینی. کارەکان زۆر بە خێرایی و جوانی بەڕێوەچوون.

**رووداو: پێش ناسینی هێلی لەڤ پەیوەندیت لەگەڵ کورد هەبوو؟**

**ئەردیان بیوپی:** من لێرە لە هایدڵبێرگ لەگەڵ کورد گەورە بووم، لە باشووری ئەڵمانیا خەڵکی کوردمان زۆرە، من لەگەڵ کورد هەست بە هاوبەشی دەکەم، چونکە خەڵکی کۆسۆڤۆم، ئێمە و کورد هەمان کێشەمان هەیە، کۆسۆڤۆش هەتا شەش ساڵ لەمەوبەر بە تەواوەتی دەوڵەت نەبوو. ئینجا من هەموو هاوڕێکانم کوردن، بۆیە زۆر وشەی وەکو "چۆنی، باشی، مامۆ، چ دکەی" دەزانم. ڕێزێکی زۆرم بۆ خەڵکی کورد هەیە.

**رووداو: کارکردن لەگەڵ هێلی لەڤ سەخت نەبوو؟**

**ئەردیان بیوپی:** کاتێک کارێکی هاوبەش لەگەڵ

### دەنگی هێڵی لەڤ زۆر تایبەتە

پیاواندا دەکەیت، شتەکان ئاسانترن، چونکە پیاو زۆر گوێی لەوە نییە چۆن دەردەکەوێ، هەر ئەوەندەیە دەچینە بەردەم کامێرا و دەستپێدەکەین. بەڵام هێڵی ئافرەتە و پێویستی بە کاتە، بەڵام زۆر بە باشی لەبەردەم کامێرادا دەجووڵێتەوە و دەیەوێ هەموو شتێک لەوپەڕی باشیدا بێت. بە نیوە رازی نابێ، بەڵکو کارەکە دەبێ سەتاسەت باش بێ. ئێمەش لەگەڵ ئەوە راهاتین. هەموو جارێک لە کاتی خۆماندا لەوێ دەبووین، ئەگەر راستیت دەوێ هەندێکجار من دوادەکەوتم، بەڵام ئەو هەموو جارێک لە کاتی خۆیدا لەوێ بوو، ئەمەش پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی ئێمە بوو. جلوبەرگی تەواو بوو، زانیارییەکی باشی لەسەر ستایل هەبوو، لەوانەش ستایلی دەرکەوتنی لە ڤیدیۆکاندا. ئەو زۆر حەزی لە ئیشەکە بوو، بۆیەش کارکردن لەگەڵی زۆر خۆش بوو، ئەوەش بڵێم کە ئەو زۆر میهرەبانە.

**رووداو: دەنگ و ستایلی هێڵی لەڤت پێ چۆنە؟**

**ئەردیان بیوپی:** دەنگی هێڵی زۆر تایبەتە، هەتا نەهاتە ناو ستۆدیۆ نەمدەزانی چۆن دەنگی ئەو لەگەڵ دەنگی مندا دەگونجێ. زۆر سەرنجڕاکێش بوو، چونکە کاتمان هەبوو بۆ ئەوەی ستایلی میوزیکی ئەو بدۆزینەوە، ماوەی سێ ساڵ دەبوو ئەو خۆیشی هیچ میوزیکێکی ئامادە نەکردبوو، بۆیە خۆیشی دەبووایە ستایلی خۆی بدۆزێتەوە. هەندێک یارمەتیمان دا، دواجاریش گۆرانییەکی زۆرباشمان بە ستایلێکی زۆر باش ئامادە کرد. دەنگێکی زۆر سەرنجڕاکێشی هەیە، دەنگێکی نەرمی وەکو دەنگی ریهانا، ئێستا دەنگی ئەوم زۆر پێخۆشە و ئەو کارەشم خۆشدەوێ کە پێکەوە کردمان.

**رووداو: تۆ دەڵێی زۆربەی هاوڕێکانت کوردن، فێری زمانی کوردی نەبووی؟**

### هەموو هاوڕێکانم کوردن

**ئەردیان بیوپی:** چەند وشەیەک فێر بووم، وەکو :چ دکەی مامۆ"، "بژی بژی کوردستان"، "سڵاو بۆ کوردستان"، "چۆنی، باشی". ئەم وشانە و هەندێکی دیکەش دەزانم.

**رووداو: چاوەڕێی ئەوە دەکەی، کلیپەکەتان پێشوازییەکی باشی لێ بکرێت؟**

**ئەردیان بیوپی:** کە دەستمان بە پرۆژەکە کرد، بیرمان لە پرۆژەیەکی گەورە دەکردەوە، واتە دەمانویست ڤیدیۆ کلیپەکە و دەنگی گۆرانییەکە لە ئەورووپا باشترین بێ، بۆیەش هاتینە کۆستا ستودیۆ لە ئەڵمانیا کە یەکێک لە باشترین ستودیۆکانی ئەڵمانیایە. ویستمان ئەو لە کوردستانەوە بهێنینە ئاستێکی نوێ، هیوادارین خەڵک هەست بەمە بکەن، هەموو توانای خۆمان بۆ کواڵیتی بەرهەمەکە خستووەتەگەڕ، هیواداریشم ئێوە لە کوردستان بە دڵتان بێت، چونکە ئێمە خۆمان زۆرمان پێخۆشە.

**رووداو: پەیامی گۆرانییەکە چییە؟**

**ئەردیان بیوپی:** پەیامی گۆرانییەکە ئەوەیە کە تۆ هیچت نەبێ و ئەگەر بە جدی هەوڵبدەی دەتوانی بە شتێک بگەیت. هەردووکمان لە دەرەوەی وڵاتی خۆمان دەستمانپێکردووە، ئەو لە فینلاند و من لە ئەڵمانیا. من وەکو پەنابەرێک دەستمپێکرد، لە کاتێکدا هەموو خێزانەکەمان لە ناو یەک ژووردا دەژیان، هەموومان لەسەر زەوی دەخەوتین. دەمانویست ئەو پەیامە بگەیەنین کە ئەگەر مرۆڤ بڕوای بە خەونەکانی هەبێ، پێیدەگات.

### هێڵی لەڤ دەنگێکی نەرمی وەکو ریهانای هەیە

### لە رێگەی میوزیکەوە هێڵی لەڤم ناسی

## ئارمین لاشێت، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی نۆردراین ڤێستفاڵن بۆ (رووداو):

# مافی پەنابەری بۆ ئەو کەسانە نییە کە بۆ ژیانێکی خۆشتر دێنە ئەڵمانیا



(فۆتۆ: رووداو)

سەرۆکی گەورەترین هەرێمی ئەڵمانیایە کە هەرێمی نۆردراین ڤێستفاڵنە. ئارمین لاشێت لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی پرسی کۆچبەران لە هەرێمەکەی دەکات و دەڵێت ئەو کوردانەی رۆژئاوای کوردستان کە ناوچەکانیان لەلایەن تورکیاوە داگیرکراوە وەکو عەفرین، یان لەژێر هەڕەشەی داگیرکاریی تورکیادایە، چانسی وەرگرتنی مافی پەنابەرییان زیاترە. هەروەها دەڵێت ئەو کۆچبەرە کوردانەی روویان لە هەرێمەکەی ئەوان کردووە، زۆر زوو فێری زمانی ئەڵمانی دەبن و رێز لەو ئازادییەش دەگرن کە لەوێ هەیە. جگە لەوەش ئاسانتر لە کۆچبەری وڵاتانی دیکە خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەڵمانی دەگونجێنن.

**هەڤپەیڤین: ئالا شالی**
**رووداو - دوسڵدۆرف**

**رووداو: لە هەرێمی نۆردراین ڤێستفاڵنەوە دەستپێدەکەین کە بە بەهێزترین هەرێمی ئەڵمانیا ناودەبرێت. ئێوە گەشەی ئابووری و ئاستی بژێویی خەڵکی هەرێمەکەتان چۆن پێناسە دەکەن؟**

**ئارمین لاشێت:** لەوەتەی ئەڵمانیای فیدراڵ دامەزراوە، هەرێمی نۆردراین ڤێستفاڵن بزوێنەری گەشەی ئابووریی ئەڵمانیا بووە. پیشەسازیی ئاسن و کانی خەڵووز لێرە بوون. ئێستا ئەم هەرێمە لە گۆڕانکارییەکی گەورەدایە. دوایین کانی خەڵووز لێرە داخرا. بەمەش مێژووی زیاد لە دوو سەت ساڵی پیشەسازی کۆتایی دێت. ئەم ساتە زۆر خەمهێنەرە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئێستا کاتی ئەوەیە بزانین چۆن دەتوانین لە داهاتوودا گەشە بکەین و پێشبکەوین، چۆن ئابووریمان بەهێز بکەین. ئەمڕۆ پیشەسازیی ئەلەمنیۆم و ئاسنمان هەیە، پیشەسازیی کیمیاییمان هەیە، هەروەها زۆربەی ئەو کۆمپانیایانەی کە پارچەی ئۆتۆمۆبێل هەناردە دەکەن بنکەکانیان لێرەیە. ئەوەی ئێستا گرنگە ئەوەیە کە لە پێشکەوتنی دیجیتاڵی و ستات ئەپس لە پێشی پێشەوە بین، لێرەدا چانسمان هەیە، چونکە نزیکەی حەفتا زانکۆمان هەیە و باشترین تۆڕی پەیوەندییان هەیە لە هەموو ئەوروپا. لەڕێگەی ئەوانەوە دەتوانین باشترین بیرۆکە و پێشکەوتن لەو بوارەدا بەدەستبهێنین.

**رووداو: ئابووریی هەرێمی کوردستان، دوای کزبوونی شەڕی داعش رووی لە گەشە کردووەتەوە، هەندێک لە کۆمپانیا ئەڵمانییەکان دەیانەوێ لەوێ وەبەرهێنان بکەن، هەندێکیان پێش شەڕی داعش لە کوردستان کاریان کردووە، هەروەها هەندێک خەڵکی کورد لەم هەرێمەوە چوونەتەوە کوردستان بۆ کارکردن. بەگشتی پەیوەندییەکانی ئێوە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆنە؟**

**ئارمین لاشێت:** راستە کە زۆر لە کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنانیان کرد. چونکە لەوێ باشترین هەلیان دۆزییەوە و مەرجەکان زۆر باش بوون. ئەڵمانیا هاوکاریی هەرێمی کوردستانی کرد لە شەڕی دژی داعشدا. ئێستا هەرچەندە داعش بەتەواوی لەناونەبراوە و تێکشکێنراوە، بەڵام ئەمە هەمووی ئازایەتیی کورد بوو کە لەو شەڕە سەختەدا دلێرانە شەڕی کرد. هەر بۆیە ئێستا زۆر گرنگە لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستاندا ئەڵمانیا و هەرێمی نۆردراین ڤێستفاڵن لەوێ بن.

**رووداو: چۆن دەتانەوێ پەیوەندییە سیاسییەکانتان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەهێزتر بکەن؟**

**ئارمین لاشێت:** پەیوەندیی زۆرباش لەنێوان حکومەتی ئەڵمانیا و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە. هاوکات پەیوەندییەکی باش لەنێوان هەندێک سیاسەتمەداری هەرێمەکانی ئەڵمانیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا هەیە. هەروەها هەندێک هەل دێنەپێشەوە کە تێیاندا چاویان بەیەکدی دەکەوێ. دیداری داهاتوومان لە کۆبوونەوەی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن دەبێت کە هەمیشە کوردستان بە شاندێک بەشداریی تێدادەکات. هەروەها لە کۆبوونەوەی یەکێتیی دیموکراتی مەسیحی لە هامبۆرگ، شاندێک لە کوردستانەوە هاتبوو. بەوشێوەیە ئەوان پیشانیدەدەن کە ئارەزوویان هەیە بزانن چی لە ئەوروپا و ئەڵمانیا روودەدات.

**رووداو: بەڕێز سەرۆکوەزیران بابەتێکی زۆر تایبەت قەیرانی کۆچبەرانە. هاتنی بە لێشاوی کۆچبەران، کە هەرێمی نۆردراین ڤێستفاڵن و ئەڵمانیای گرتەوە، ئێوە چۆن دەرگاتان کردەوە بەڕووی کۆچبەراندا و لەو سێ ساڵەدا چەند کۆچبەری وەک پەنابەر وەرگرتووە؟**

**ئارمین لاشێت :** نۆردراین ڤێستفاڵن بە شێوازێکی زۆر تایبەت کۆچبەری وەرگرت. زۆرترین کۆچبەر لە ئەڵمانیا هاتنە نۆردراین ڤێستفاڵن و لێرە وەرگیران. تەنیا لەدوای ساڵی 2015 تاوەکو 2016 نزیکەی 300 هەزار کەس وەرگیران. ئەمەش گوشارێکی زۆرە بۆ هەرێمێک. ئێمە لێرە بەبێ کۆچبەرانیش کێشەی خانوومان هەیە لە شارەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا توانیمان جێگە و خزمەتگوزارییان پێشکەش بکەین. ژمارەیەکی زۆر پەنابەرمان وەرگرت. ئێستاش هەندێکیان دەیانەوێت بگەڕێنەوە وڵاتەکانیان. دەڵێن لە وڵاتەکەمان شەڕ کۆتایی هاتووە و دەمانەوێ بەشداربین لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەماندا.

> کورد لە زۆر خەڵکی دیکە زووتر خۆیان لەگەڵ ژیانی ئێرە دەگونجێنن

**رووداو: ئەو کۆچبەرانەی هاتوون خەڵکی کام وڵاتانەن؟**

**ئارمین لاشێت:** زۆرترین کۆچبەر کە روویان کردە ئەڵمانیا خەڵکی سووریا بوون. ئەوانەی وەریشگیراون زۆرترینی هەر خەڵکی سووریا بوون. هەروەها لە وڵاتانی دراوسێی سووریاوە زۆر کۆچبەر هاتبوون، وەک عێراق. هەروەها بەهۆی کێشەکانی ئەو ناوچەیەوە زۆر کۆچبەری ئەفغانی و وڵاتانی دیکە هاتبوون، هەرچەندە هەندێکیان ژیانیان لە مەترسیدا نەبوو. لەوێدا ئەرکی ئەڵمانیا بوو بەوریایی جیایان بکاتەوە و بڵێت کێ پێویستی بە پاراستنە و کێ شایانی مافی پەنابەرییە و کێ شایان نییە. بۆ نموونە ئێزیدییەکان ژیانیان لە مەترسیدایە و کورد ژیانی لە مەترسیدایە. ئەوانە هاوکارییان دەکرێت و مافی مانەوەیان هەیە، بەڵام زۆرکەسیش بەهۆی چەند هۆکارێکی دیکەوە هاتبوون. ئەوانە دەبێ ئێستا دیپۆرت بکرێنەوە.

**رووداو: ئەڵمانیا بەنیازە پەنابەرانی سووریا بنێرێتەوە، دوای ئارامبوونەوەی بارودۆخی سووریا؟**

**ئارمین لاشێت:** بەڵێ، من لەو باوەڕەدام ئێستا هەندێ ناوچە هەیە لە سووریا ئاسایشی تێدایە، بەڵام ئێمە ئێستا لەسەر بنەمای راپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی خۆمان بڕیاردەدەین. ئەوان شیکردنەوە بۆ رەوشەکە دەکەن. وەزارەتی دەرەوە دەڵێت ئێستا کەس بۆ سووریا ناگەڕێنینەوە، تا رەوشەکە باشتر نەبێت. بەڵام ئەگەر دۆخەکە باشتر بوو و پرۆسەی ئاشتی دەستپێکرد و هەڵبژاردن بکرێت، ئەوکات دەبێ زۆربەی سوورییەکان بگەڕێنەوە.

**رووداو: ستەمێکی زۆر هەیە لەسەر خەڵکی ناوچەی عەفرین لە سووریا، هەروەها ناوچەکانی حەسەکە و قامشلۆ لە سووریا کێشەیان هەیە و لەژێر هەڕەشە بەردەوامەکانی حکومەتی ئەنقەرەدان، ئایا بەڕێزتان زانیاریتان هەیە و ئەوە لەبەرچاو دەگرن بۆ داواکاری مافی پەنابەری؟**

**ئارمین لاشێت:** بەڵێ لەبەرچاو دەگیرێت. جارێ کەس ناگەڕێنینەوە سووریا، بەڵام دەبێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گوشار بخەنە سەر تورکیا بۆ ئەوەی ئەو ناوچانەی ئێستا تورکیا لە سووریا داگیری کردووە، کاتێک پرۆسەی ئاشتیی سووریا دەستپێکرد چۆڵ بکرێن. نابێ رێگە بدرێت هیچ گۆڕانکارییەک لە ناوچەکە بکرێت. دیمۆگرافیا نابێ بەهیچ شێوەیەک تێکبدرێت و ناوچەکە داگیربکرێت. سووریا دەبێ بە یەکگرتوی بمێنێتەوە و لە چوارچێوەی سوریادا کورد مافەکانیان وەرگرن، هەم لەڕووی زمانەکەیانەوە و هەم لەڕووی سیاسییەوە.

**رووداو: ژمارەیەکی زۆری کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، ئەوانەی لە عێراق، ئێران، تورکیا و سووریاوە هاتوون لە هەرێمەکەی ئێوەدا دەژین. ئێوە بەرنامەیەکی تایبەتتان هەیە بۆ ئەو کوردانەی لێرە سەرکەوتوون. دەگوترێت کورد زووتر لە خەڵکی دیکە تێکەڵی کومەڵگەی ئەڵمانیا دەبن و بە رای ئێوە ئینتیگراسیۆنێکی سەرکەوتوو چۆنە؟**

**ئارمین لاشێت :** ئێمە لێرە ژمارەیەکی زۆر کوردمان هەیە کە زۆر زوو فێری زمانی ئەڵمانی بوون. بەڕاستی کوردەکان خواستێکی گەورەیان هەیە خۆیان تێکەڵی کۆمەڵگەی ئەڵمانی بکەن. ئینتیگراسیۆنی سەرکەوتوو مانای ئەوەیە کە ئەوانەی دێنە ئەم وڵاتە، هەلی خوێندن یان فێربوونی پیشەیەک لەدەستنەدەن. خۆیان لەگەڵ بازاڕی کاردا بگونجێنن و کاربکەن. نەک بکەونە ناو سیستەمی سۆسیالەوە. بەڵکو بتوانن لەڕێگەی کارەوە بژێویی ژیانی خۆیان و خێزانەکەیان پەیدابکەن. زۆر چیرۆکی سەرکەوتنی کوردمان هەیە لە هەرێمەکەمان. لەلای زۆربەیان شتێک بەدی دەکرێت. ئەویش ئەوەیە کە کاتێک دەگەنە ئێرە، زۆر رێز لەو ئازادییە نوێیە دەگرن، بۆیە باشتر لە هەندێک گرووپی دیکە تێکەڵی کۆمەڵگەی ئەڵمانی دەبن.

**رووداو: بەڕێزتان وەک سەرۆکوەزیرانی ئەم هەرێمە بەنیازن یان دەتانەوێت پشتگیری لە کولتوور و خوێندنی کوردی بکەن؟**

**ئارمین لاشێت:** بەپێی زانیاریی من ئەمە تاوەکو ئێستا نەبووەتە مژار، بەڵام ئەوە پەیوەندیی بە ژمارەی منداڵانەوە هەیە و دەتوانین لە چ ناوچەیەک دەست پێبکەین. ئەمە بە بەردەوامی یەکێکە لە بابەتەکانی گفتوگۆمان لەگەڵ رێکخراوە کوردییەکاندا. ئێستا بەداخەوە لە هەموو شوێنێک وانەی زمانی کوردی نییە و بەتەواوی جێبەجێ نەکراوە.

**رووداو: لە زۆربەی قوتابخانەکاندا زمانی کوردی نییە، کەچی دەگوترێت بۆ ئینتیگراسیۆنێکی سەرکەوتوو، خوێندنی زمانی دایک گرنگە؟**

**ئارمین لاشێت:** پرەنسیپی بنەڕەتی کە دەبێت خوێندنی زمانی دایک گرنگی پێبدرێت یەکێکە لە بیرۆکە بنەڕەتییەکانی سیاسەتی ئینتیگراسیۆنی ئێمە، بەڵام زمانی کوردی تاوەکو ئێستا بەتەواوی پەرەی پێنەدراوە.

> گرنگە ئەڵمانیا لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا بەشداربێ

**رووداو: دەچینە سەر باسی تورکیا. لەو باوەڕەدان ئێستا تورکیا رۆژ لە دوای رۆژ لە ئەوروپا دووردەکەوێتەوە؟**

**ئارمین لاشێت:** سیاسەتی تورکیا لە ساڵانی رابردوو زۆر بەرز و نزمیی بەخۆیەوە بینیوە. رەجەب تەیب ئەردۆغان کە بوو بە سەرۆکوەزیران، هەوڵیدا پەیوەندی لەگەڵ کورد باشتر بکات. زمانی کوردی رێگەی پێدرا و زۆر شت گۆڕدرا. ئەوەی مرۆڤ باوەڕی نەدەکرد، رێگەی پێدەدرا. دوای چەند ساڵێک دۆخەکە گۆڕدرا و گرژیی تێکەوت. لەدوای کودەتاکە لە تورکیا کە کەس تاوەکو ئێستا بەتەواوی نازانێت کێ بەرپرسە، ئازادیی میدیا و رادەربڕین سنووردار کرا، مافی کەمینەکان سنووردار کرا . پەیوەندیی نێوان تورکیا و ئەوروپا لەوکاتەدا زۆر خراپ بوو. بە تێڕوانینی من، لەم دواییەدا، بەتایبەتی لەدوای سەردانەکەی ئەردۆغان بۆ ئەڵمانیا، ئەو هەوڵدەدات دووبارە پەیوەندیی نێوان ئەڵمانیا و ئەوروپا باشتر بکات، بەڵام هیچ گۆڕانکارییەک رووینەداوە، پێویستمان بە هەنگاوی زیاتری دیموکراسییە لە تورکیا.

**رووداو: رۆژ بە رۆژ کوردێکی زۆر لە تورکیا هەڵدێن. ئایا سیاسەتی ئێستای حکومەتی تورکیا لەگەڵ کورد، تاوەکو چەند بووەتە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر کورد بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری روویکەنە ئەڵمانیا؟ بەڕێزتان چۆن دەڕواننە ئەو کێشەیە؟**

**ئارمین لاشێت:** زۆر راستە، ئەو کەسانەی ئێستا روو لە ئەڵمانیا و هەرێمی نۆردراین ڤێستفاڵن دەکەن و داوای مافی پەنابەری دەکەن، ئەو کەسانەن کە کێشەی سیاسی بەهۆکاری هەڵاتنەکەیان ناودەبەن. ئەمانە ژمارەیان زیادیکردووە. ئەوانە زۆربەیان نووسەرن، رۆشنبیرن، رۆژنامەنووسن. لەژێر گوشارێکی زۆر گەورەدا بوون، بۆیە تورکیایان بەجێهێشتووە. ئامانجی ئێمە دەبێت ئەوەبێت کە وا لە تورکیا بکەین پەیڕەوی بکات لە پێدانی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، ئەوانەی لە چوارچێوەی چارتەری مافە بنەڕەتییەکانی یەکێتیی ئەوروپا قبوڵی کردووە.

**رووداو: ئەڵمانیا لە شەڕی دژی داعشدا هاوکارییەکی زۆری کوردستانی کرد. راهێنانی بە هێزەکانی پێشمەرگە کرد، هەربۆیە ژمارەیەکی زۆری کوردی ئەڵمانیا دەنگیان دا بە پارتەکەی ئێوە. چۆن پارتەکەی ئێوە دەتوانێت بەردەوام رۆڵی هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا؟**

**ئارمین لاشێت:** بەڵێ پارتەکەی من ناڕاستەخۆ رۆڵی هەیە، چونکە پارتی (CDO) پەیوەندیی خۆی هەیە، بەڵام ئەوە پرسی سیاسەتی دەرەوەیە کە لە کارەکانی راوێژکاری ئەڵمانیا، خاتوو مێرکلدا رەنگدەداتەوە. واتە هەرکەسێک کارەکانی بەرز نرخاند، ئەوکاتە رێزیش لە سیاسەتەکەی دەگیرێت. من لەو باوەڕەدام کە دەبێ هەموو پارتەکان لە ئەڵمانیا ئەو رۆڵە گرنگەی کوردیان لەبیربێت، ئینجا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پشتگیرییان بکەن. هیچ یارمەتیدەرنابێت تەنیا لەکاتی مەترسیدا گرنگییان پێبدرێت و تەنیا بەڵێنیان پێبدرێت، وەک ئەوکاتەی داعش پەیدابوو و گرنگیی کورد دەرکەوت. کات هەیە کە دەبێ بەشێوەی کۆنکرێتی یارمەتییان بدرێت. لە شەڕی داعش لێرە ناکۆکی هەبوو کە ئایا چەک بنێرین بۆ کوردستان یان نا، چونکە ئەو ناوچەیە بەپێی یاساکانی ئێمە ناوچەیەکی پڕ لە سەرکێشیە. نەماندەزانی ئایا دەتوانین چەک بنێرین، بەڵام بەهۆی مەترسیی دۆخەکەوە و ئەو کۆمەڵکوژییانەوە کە داعش دەیەویست بیکات و کردیشی، ئەوکاتە ئەڵمانیا بڕیاری دا چەک بداتە کورد. ئێمە تەنیا چەکمان نارد، بەڵام لەوێ ئەو مرۆڤە بەتوانا و بە جەرگانە بوون کە ژیانی خۆیان خستە مەترسییەوە و چوونە مەیدانی شەڕی دژی داعش. لێرەدا دەبێ ئەڵمانیا و ئەوروپا سوپاسگوزار بن کە بەوشێوەیە توانرا داعش بوەستێنرێت.

**رووداو: با بگەڕێینەوە سەر بابەتی ئەوروپا و پرسی پاکێجی کۆچبەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆچی ئەو پرسە ئەوەندە گفتوگۆ و ناڕەزایی لێکەوتەوە؟**

**ئارمین لاشێت:** منیش ئەو پرسیارە دەکەم، ئەوە پرسیارێکی باشە. بەداخەوە ئەوانەی دژی ئەو بڕیارەبوون توانییان لە سۆسیال میدیاکاندا ترسێکی وا بڵاوبکەنەوە کە گوایە ئەو بڕیارە ژمارەی کۆچبەران دە قات دەکات. ئەوە دروست نییە و بەپێچەوانەوەیە.

> خوێندن بە کوردی لەنێو کوردی ئەڵمانیا نەبووەتە مژار

ئەو رێککەوتنە گلۆباڵییە یەکەم شت پرسی کۆچ دەکاتە پرسێکی نێودەوڵەتی، هەروەها مافەکانی کۆچبەران بەوردی رووندەکاتەوە، لە هەمانکاتدا داوا لەو وڵاتانە دەکات، ئەوانەی دەبنە هۆی دروستبوونی کۆچ، سیاسەتی وڵاتەکانیان بگۆڕن. پاشان ئەو رێککەوتنە لە بەرژەوەندیی ئەڵمانیایە. پاشان ئەوە منی زۆر نیگەران کرد کە زۆر لە وڵاتانی ئەوروپا لەپڕ ئەو رێگەیان نەگرتەبەر، بەڵکو بەداخەوە لە کۆتاییدا نەمسا کە ئێستا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی یەکێتیی ئەوروپا دەکات رێکەوتنەکەی واژو نەکرد. ئەوە ئاماژەیەکی زۆر خراپ بوو بۆ ئەوروپا.

**رووداو: من لە زۆرینەی کۆبوونەوەکانی لوتکەی یەکێتیی ئەوروپا ئامادەبووم، قەیرانی کۆچبەران یەکێتیی ئەوروپای خستە ژێر پرسیارەوە. یەکێتیی ئەوروپا لە پرسی کۆچبەراندا شکستی هێنا و پاشان برێکزیت بووە هۆی ئەوەی کە یەکێتییەکە ئەوەندەی دیکە لاوازببێت. بەرای ئێوە ئەوروپا ئێستا پێویستی بەچییە تا بتوانێت بەهێزی و پێگەی خۆی پیشان بدات؟**

**ئارمین لاشێت:** ئەوروپا پێویستی بە ئەوروپایی بوونە. کێشەکان لەکاتی لوتکەکاندا ئەوە نین کە ئەوروپا ناتوانێ دەستبەکار بێت یان بڕیاردەربێت. بەڵکو کێشەکە لەوەدایە کە هەندێ لە وڵاتانی ئەندام ئامادەنین ئەو رێگەیە بگرن و لەگەڵ یەکێتییەکە بڕۆن. لە قەیرانی کۆچبەراندا وڵاتانی رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئەوروپا بوون کە ئامادە نەبوون یەکگرتوویی پیشانبدەن. ئەوان تاوەکو ئەمڕۆ سیستمی دابەشکردنی کۆچبەران بە یەکسانی قبوڵ ناکەن. ئێمە رێککەوتین لەسەر پاراستنی سنوورەکانی دەرەوەی یەکێتییەکە کە هەمووان دەیانەوێت بەشداربن، بەڵام هەردوو بڕیارەکە بەیەکەوە بەستراون. لەلایەکەوە هاوکاریی ئەو کۆچبەرانەی هاتون دەبێ بە یەکسانی بێت و لەلایەکی دیکەوە پاراستن و توندوتۆڵکردنەوەی سنوورەکانی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا دەبێ بەیەکسانی بێت.

ئینجا زۆر بەداخەوە برێکزیت زیانێکی زۆر گەورە بە ئابووریی ئەوروپا دەگەیێنێت. برێکزیت زیان بە بەریتانیا دەگەیەنێت و بە ئەوروپاشی دەگەیەنێت، بەڵام دوای برێکزیت، دەبێ هەر 27 وڵاتی ئەندام زۆرتر پێکەوە کاربکەن و یەکگرتووبن. چونکە زۆر پرس لەم جیهانەدا ناتوانرێت لەسەر ئاستی تەنیا وڵاتێکدا چارەسەر بکرێت، بەڵکو تەنیا پێکەوە دەتوانرێت چارەسەر بکرێن. وەک پرسی سیاسەتی دەرەوە، پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ، پرسی کۆچبەران، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، ئامێرە زیرەکەکان، کە ئێستا چین زۆر پێشکەوتووە، ئەمریکا بە هەمانشێوە پێشکەوتووە. لێرەدا دەبێت ئێمەی ئەوروپی زیاتر هەوڵبدەین خۆمان ماندووبکەین تا بتوانین لە کێبڕکێدابین.

**رووداو: لەو باوەڕەدان کە کێشەی کۆچبەران بووەتە هۆی لەیەکترازاندنی کۆمەڵگەی ئەڵمانیا و ئەوروپا؟**

**ئارمین لاشێت:** وا دەڵێن و دەتوانرێت بگوترێت هۆکاری دروستبوونی لەناکاوی پارتە پۆپۆلیستەکان پەیوەندیی هەیە بەو قەیرانەوە. ئەوان پرسی کۆچبەرانیان کردە مژار. بەڵام لەلایەکی دیکەوە دەبێ بڵێین 80%ی خەڵکی ئەڵمانیا جیاواز بیردەکەنەوە و دەنگیان نەدا بە پارتێکی پۆپۆلیست. بە بۆچوونی من ئێستا کە لەدوای ئەوەی ئێمە هەنگاو دەنێین پرسی کۆچ کۆنترۆڵ بکەین، لەلایەک بە یاسای هێنانی هێزی کار بۆ ئەوانەی خاوەنی پیشەن لەلایەکی دیکەوە بە یاسای پەنابەری، کاریگەریی پارتە پۆپۆلیستەکان زۆر کەمدەبێتەوە. دەنگ و هێزی ئەوانەی بۆ ئەوروپان و هەڵگری دروشمی داکۆکی لە مافی مرۆڤی نێودەوڵەتین بەهێزدەبێت.

**رووداو: بەڕێزتان باسی یاسای هێنانی هێزی کارتان کرد، ئەوە دەتوانێت هاتنی کۆچبەرانی نایاسایی سنووردار بکات؟**

**ئارمین لاشێت:** یاسای هێنانی هێزی کار یاسایەکە کە هانی هاتن لەڕێگەی یاساییەوە دەدات. واتە کاتێک کەسێکی خوێندەوار و شارەزا و پیشەزان کە رێگەی یاسایی هەیە بۆ هاتنە ئەڵمانیا، ناچێت رێگەی نایاسایی بگرێتەبەر ، بۆیە گرنگە جیاوازییەکی باش بکەین لەنێوان کۆچبەریی کار و مافی پەنابەریدا. مافی پەنابەری تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە کە ژیانیان لە مەترسیدایە، نەک بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت ژیانیان خۆشترکەن. ئەوان دەبێت لەڕێگەی یاسای هێزی کارەوە بێنە ئەڵمانیا.

> جارێ هیچ کۆچبەرێک نانێرینەوە سووریا

> ژیانی کورد و ئێزدییەکان لە مەترسیدایە

> دەبێ ئەڵمانیا و ئەوروپا سوپاسگوزاری کورد بن کە داعشی شکاند

> دەبێ هاوکارییەکانمان بۆ کوردستان پاش داعشیش بەردەوام بن



ژنان
ڕووداو
ژمارە (535) - دووشەممە 2018/12/24

## باندێکی دەستدرێژیکەر دەستگیردەکرێن

**ڕووداو- سلێمانی**

هێزەکانی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی چوار تۆمەتباریان دەستگیرکرد کە بەناوی نووشتە و جادوو پارەیان لە ئافرەتان وەرگرتووە و دەستدرێژییان کردووەتە سەریان.
ڕۆژی 2018/12/9 ئافرەتێک لە بنکەی پۆلیسی کوردسات سکاڵای تۆمارکرد لەسەر کەسێک بەناوی (ج، م،ح) کە چووەتە لای جادووی بۆ بکات، بەڵام دەستدرێژی کردووەتەسەری. پۆلیسی سلێمانی دەڵێت "پاش بەدواداچوونی هێزەکانی پۆلیش توانرا ڕۆژی دواتر تۆمەتبار دەستگیربکرێت و دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا ئیعترافی کردووە و گوتویەتی دەستدرێژی کردۆتە سەر سکاڵاکار و ئافرەتێکی دیکە و پارەی لە چەند ئافرەتێکی دیکەش بەناوی جادوو وەرگرتووە". پۆلیس دواتر سێ کەسی دیکەشی دەستگیرکردووە کە هەمان کاریان کردووە.









### سێوان چیرۆکی سووتانی خۆی و منداڵەکانی بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە:

# توخوا با کەیسەکەم دانەخرێ

**دیمەن بوورهان**
**ڕووداو- سلێمانی**

لەبەر دەرگای نەخۆشخانەکەیە، ئۆقرە ناگرێ و زوو زوو دەچێتەوە ژووری سووتاوەکان و تەماشای ئافرەتێک دەکات کە هەموو گیانی بە لەفاف پێچراوە. ئەو دڵنیایە لەوەی مەگەر موعجیزەیەک کچەکەی لە مەرگ ڕزگار بکات: "کچە جوانەکەم ڕۆیی و ئەژنۆی شکاندووم". ئەو پیاوە باوکی سێوانە. ئەو ژنەی شەوی یەکشەممە 2018/12/16 لە گەڕەکی ئاسوودەی چەمچەماڵ بەهۆی کەوتنەوەی ئاگر لە ماڵەکەیدا هەر سێ منداڵەکەی دەستبەجێ مردن و خۆیشی 90%ی جەستەی سووتاوە و ئەگەری زیندوومانەوەی زۆر کەمە.

سێوان، لەسەر قەرەوێڵەیەکی نەخۆشخانەی سووتاوی و جوانکاریی سلێمانی ڕاکشاوە، جار جار چاوەکانی دەکاتەوە. هەندێکجار بە ئێش و ئازاری جەستە سووتاوەکەیەوە دەڵێ: "وەی (د) چیت لە من کرد؟ جەهەننەمت لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی هێنا".

ئەو هێشتا بۆنی نەوت و ئاگر لەلاشەی سەرتاپا بە لەفاف داپۆشراوی دێت. بۆریی ئۆکسجینی لەسەر دەمە و براکەی لێی دەپرسێ: "سێوان دەتەوێت شتێک بڵێی؟". بە ئاماژەکانی روخساری بەلێیەکی بێدەنگ

> **(د) نەوتی پێداکردین و غازی ماڵەکەشی کردەوە**

دەکات و داوا دەکات لێی نزیک ببینەوە. ئینجا بە پاڕانەوە دەست بە قسە دەکات: "توخوا با ئەم کەیسە دانەخرێ. توخوا با چیدی ژن نەکوژرێن. لە (د) خۆشنابم و لەو کەسەش کە بوو بە هۆکاری تێکدانی ماڵم".

سێوان هێشتا نازانێ منداڵەکانی لەژیاندا نەماون، هەر ئەوەشە جاروبار تەزوویەکی هیوا بە دڵیدا دەگێڕێ و داواکاریی دووەمی ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە: "توخوا با خۆم و منداڵەکانم لە دەرەوەی وڵات چارەسەر بکەن". بەڵام دارین و لارین و دەروون، هەر ئەو شەوە لەنێو دووکەڵ و ئاگری ماڵەکەدا بوونە خەڵووز.

سێوان قادر نووری، تەمەن 23 ساڵ، لەگەڵ کەسێک بەناوی (د.م). شەش ساڵ بەر لە ئێستا خێزانیان پێکهێنا و ماوەی 5 ساڵ لەگەڵ ماڵی باوکی (د) پێکەوە ژیان. ساڵێک پێش ئێستا بوونە خاوەنی ماڵی خۆیان و لە گەڕەکی ئاسوودە خانوویەکیان دروستکرد: "بەڵام لەو خانووە هیچ هەستم بە ئاسوودەیی نەکرد، کەسێک هاتبووە نێو ژیانمانەوە و هەموو شتێکی تێکدا".

### "(د) ئاگری تێبەرداین"

لە دەرەوە، سەرما خەریکە دەست و پەنجە لە جوولە بخات، بەڵام جەستەی سێوان بەدەم ئازاری سووتانەوە دەکولێ. کاژێر هەشتی شەو لەگەڵ هاوژینەکەی دەبێتە شەڕیان. سێوان باسی ئەو شەوە دەکات و دەڵێت: "(د) هەستا و بەتووڕەیی نەوتی کرد بە ماڵەکەدا، ویستم هەڵبێم، بەڵام نەوتی بەمنیشدا کرد و ئاگری تێبەرداین. کوڕەکەم بینی بە ئاگرەوە رایدەکرد، منیش ڕامکرد دەرگای مەدخەلەکە بکەمەوە، نەمزانی قوفڵی غازەکەشی کردووەتەوە، ئیدی ماڵەکە تەقییەوە و دوای ئەوە هیچم بیرنایەت".

هەر زوو چیرۆکی ماڵە ئاگر گرتووەکەی سێوان شۆک و تاسانی بەنێو خەڵکدا بڵاوکردەوە. لێکدانەوە جۆراوجۆرەکانی نێو خەڵک بەردەوام بوون، تاوەکو ئەو کاتەی کەسوکاری سێوان هاوژینەکەیان تۆمەتبار کرد.

ڕۆژی دوای ڕووداوەکە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تویتەر، تویتێکی لەبارەی ڕووداوەکە کرد و نووسی: "کارەساتی ئاگرکەوتنەوەی شەوی ڕابردووی ماڵێکی چەمچەماڵ کە تێیدا سێ منداڵ گیانیان لەدەستدا و دایکیان بە سەختی بریندار بوو، لە ناخەوە هەژاندمی. هاوبەش و هاوخەمی خانەوادەیانم. چی پێویست بێت، هاوکار دەبین. داوای ئاگایی و خۆپاراستنی باشتر لە هاووڵاتیان دەکەم".

بەڵام ئێستا وەکو سێوان و کەسوکارەکەی دەگێڕنەوە، ڕووداوەکە بە ڕێکەوت نەبووە، بەڵکو بەدەستی ئەنقەست بووە.

ڕۆژی 2018/12/23 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان فەرمانی دەرکرد ئەو ژنەی لە چەمچەماڵ سووتا ڕەوانەی تورکیا بکرێت و لە باشترین نەخۆشخانەی ئەو وڵاتە چارەسەری پزیشکی وەردەگرێت.

نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بە ناوی نێچیرڤان بارزانییەوە قسەی لەگەڵ بنەماڵەی سێوان قادر کردووە و

> **ئەو ئافرەتەی پەیوەندی لەگەڵ هاوژینی سێواندا هەبووە دادگایی دەکرێ**

پێیانگوتوون، سەرۆکوەزیران هەرچی پێویستە لەپێناو چارەسەر و چاکبوونەوەی سێوان-دا دەیکات، ئەگەر پزیشکەکان ڕازیبن و تەندروستی ڕێگەبدات بە فڕۆکەیەکی تایبەت دەنێردرێ بۆ تورکیا تاوەکو باشترین چارەسەر وەربگرێت و ژیانی ڕزگاربکرێت.

لە تەنیشت سێوان، ژنێک بەسەر پشکۆی داگیرساوی ئاگرەوە دانیشتووە و بێ ئۆقرەیە "ئەی کوێربم". هەرچەندە لە پزیشکەکان دەپاڕێتەوە کەمتەرخەمی بەرامبەر چارەسەرکردنی کچەکەی نەکەن، بەڵام لە دڵدانەوە زۆرتری دەستناکەوێ.

دایکی سێوان دەڵێ دوای جیابوونەوەی ماڵی کچەکەی لە ماڵە خەزوورانی ژیانی گۆڕا و خانووی تازە بۆ ئەو بوو بە بەڵا. (د) مۆبایلفرۆش بوو، زۆر بێ کێشە بوو: "بەڵام بەهۆی ژنێک ژیانیان وێران بوو، سێوان چەند جار بەو ژنەی گوتبوو وازیان لێ بهێنێت، هەرچەند خاوەنی سێ منداڵ بوو، بەڵام ژنەکە بە سێوانی دەگوت ئێمە یەکدیمان خۆشدەوێت".

دایکی زۆرتر دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "ماوەی شەش مانگە ئەو بەزمە هەیە و ئێستا بۆم باسدەکات کە شەوێک دەرمانی بۆ کردووەتە نێو شەربەتەوە، بەڵام گومانی کردووە و نەیخواردووەتەوە".

گۆنا، هاوڕێی سێوانە. بەو جلوبەرگە ڕەشانەی پۆشیویەتی، دەیەوێت دڵی تازیەباری خۆی پیشانی هاوڕێکەی بدات کە چاوەڕێی مەرگی دەکات. گۆنا دەڵێت: "شەوی جەژن چووم بۆ ماڵیان سێوان باوەشی پێداکردم و زۆر گریا، ئێمەش بە (د) مان گوت و بۆ وادەکەی؟ بەڵام (د) گوتی پارەی لێ دزیوم و 1100 دۆلاری لە 10 هەزار دۆلار کە لە ماڵەوە دامناوە بردووە. سێوانیش پێیگوت تۆ منت دەرکرد لەماڵ، مۆبایلت لێسەندم و فرۆشتت، بەبێ ئاگاداری من ئاڵتوونەکانت برد و فرۆشتت، دواتر داوای حەقی خۆم کردووە نەتداوەتەوە پێم و بەخۆت و ماڵی باوکیشتم گوتووە کە پارە بۆ کڕینی مۆبایل دەردەکەم".

گۆنا زۆرتر لەبارەی ئەو شەوە دەگێڕێتەوە کە چووەتە ماڵی سێوان، بینیویەتی دەمی بریندارە و لێی پرسیوە کێ برینداری کردووی؟: "گوتی ئەو ژنەی (د)ی خۆشدەوێ وای لێکردم، چووم بۆلای و پێمگوت واز لە (د) بهێنێ، کەچی پەلاماری دام و گوتی ئێمە یەکدیمان خۆشدەوێ و دەبێ تۆ لەژیانمان دەرچیت، ئەگەر ڕێگری لە (د) بکەی بێت بۆ لام، من دەچم لە دووکانەکەی دەیبینم، لەبەردەم (د) پەلاماری دام و (د) هیچ بەرگری لێنەکردم".

> **لەو ژنە پاڕامەوە واز لە مێردەکەم بێنێ کەچی ئەو دەیگوت تۆ وازمان لێ بێنە**

شەفیق نووری، مامی سێوان داوا لە سەرۆکی حکومەت دەکات برازاکەی بباتە دەرەوە بۆ چارەسەر "بەڵام دەبوو وەزارەتی تەندروستی لیژنەیەکی بناردایە، هەر هیچ نەبێت تاوەکو دڵی ئێمە سوکنایی بێت، نەوەک وەک نەخۆشێکی ئاسایی سەیربکرێت، دەبوو ئێستا تاوانبارەکە لە زیندان بووایە".

بەڵام سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی دەڵێ: "هێشتا لێکۆڵینەوە بەردەوامە و پۆلیس لە هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگەدان و هیچ شتێکی تازە نییە ڕاییبگەیەنین".

مامی سێوان گرتەیەکی ڤیدیۆیی لەلایە کە دەڵێ لە کامێرای بەرامبەر ماڵی سێوان وەرگیراوە. شەفیق تۆماری نێو کامێراکە ئاوا باس دەکات: "هاوژینەکەی دەبەیەک نەوت دەباتە ژوورەوە، دوای چەند چرکەیەک دەڕواتە دەرەوە و بەبێ ئاوڕدانەوە ماڵەکە بەجێدەهێڵێت. دواتر ئەو ژنەی پەیوەندی لەگەڵ سێوان هەبووە، یەکەم کەس بووە چووە بۆ ماڵیان بۆ کوژاندنەوەی سێوان تاوەکو بێتاوانیی خۆی لە ڕووداوەکە دەربخات، دەرگاکە دەکاتەوە و سێوان بە ئاگرەوە خۆی بە کۆڵاندا دەکات".

### پزیشکەکان کات دەژمێرن

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) حکومەتی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەک بەرپرس و قایمقامی چەمچەماڵ لەهەوڵی ئەوەدان سێوان بۆ چارەسەر ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکرێ، بەڵام بەهۆی سووتانی بەڵگەنامە و ناسنامەکانیان لە ماڵەکەدا، تاوەکو ئێستا نەتوانراوە ڤیزای بۆ وەربگیرێ.

شاخەوان سائیب، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی سووتاوی و جوانکاری لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە دۆخێکی گراندایە، ئێمە هەموو هەوڵێکی خۆمان لەگەڵی داوە، دەرمان و هەموو پێویستییەکی بۆ دابین کراوە، بەڵام هیچ شتێک لە دەستی پزیشک و دەرماندا نەماوە و تەنیا بەزەیی و شیفای خوای گەورە ڕزگاری دەکات: هیوای زیندوومانەوەی قورسە لە هەر جێگایەک بێت".

### خۆشەویستەکەی (د) دادگایی دەکرێ

هاوژینی سێوان، ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرا، ئەو سەرەتا دەڵێت سێوان و منداڵەکانی بەهۆی شۆرتی کارەباوە سووتاون، بۆیە ئازاد دەکرێ، بەڵام بەهۆی گومانی کەسوکاری سێوان لە ڕووداوەکە، دیسان دەستگیر دەکرێتەوە. وا بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2018/12/24 یەکەم دانیشتنی دادگا لەبارەی ئەو دۆسیەیە بەڕێوەبچێ. (د) و ئەو ژنەی پەیوەندی لەگەڵ (د) هەبووە، وەکو تۆمەتبار لە دانیشتنەکەی دادگا ئامادە دەبن.



سێوان تا ئێستا نازانێت سێ منداڵەکەی مردوون



## خۆی و براکەی کوشت

**رووداو- گەرمیان**

گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان رایگەیاند، دوای ئەوەی هەفتەی رابردوو شەڕەتەقە لەنێوان سێ برا روویدا و یەکێکیان کوژرا، ئەو گەنجەی کە تەقەکانی کردبوو، بەهۆی سەختی برینەکانی مرد. رائید عەلی جەمال قەدووری، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی گەرمیان بە (رووداو)ی راگەیاند "دوای ئەوەی لە چەند رۆژی رابردوودا لەنێوان چەند برایەک لە گەڕەکی گۆرانی قەزای کەلار شەڕەتەقە دروستبوو؛ یەکێکیان بەهۆی بەرکەوتنی فیشەکەوە لە هەمان شوێن کوژرا، یەکێکی دیکەشیان بریندارببوو. ئەو گەنجەشی تەقەکانی کردبوو سێ گوللەشی بەخۆیەوە نابوو، رۆژی 2018/12/22 لە نەخۆشخانەیەکی سلێمانی گیانیلەدەستدا..



### زۆربەیان لەسەر تیرۆر و ماددەی هۆشبەر سزادراون

# 179 بەندکراوی بیانی لەنێو چاکسازییەکانی کوردستانن

**شکار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

بێجگە لەوانەی رەگەزنامەی عێراقییان هەیە، لەنێو چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر بەندکراوی بیانی هەن، زۆربەشیان بەپێی ماددەی تیرۆر و بازرگانی بە ماددە هۆشبەر سزادراون.

دڵخۆش ئەنوەر مەحموود، بەرپرسی بەشی ئامار لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند: "ژمارەی بەندکراوانی نێو چاکسازییەکانی گەوران، ژنان و نەوجەوانانی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بە سزادراو و راگیراوەکانیشەوە نزیکەی 3600 بەندکراوە، کە 3394یان خەڵکی هەرێمی کوردستان و عێراقن، 179شیان کەسی بیانین کە خەڵکی وڵاتانی ئێران، تورکیا، سووریا، فەرەنسا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، رووسیا، سوید، بەلجیکا، چین، سوودان، یەمەن، میسر و ئەفریقیای باشوورن".

زۆربەی بیانییە بەندکراوەکان لەنێو چاکسازییەکانی هەولێرن، دڵخۆش ئەنوەر دەڵێ: "بەپێی دوایین ئامار تا کۆتایی مانگی 11ی ئەمساڵ، 24 بەندکراوی بیانی لەنێو چاکسازیی ژنان و منداڵانی هەولێر بوون کە 22یان ژنن و پێکدێن لە 8 ژنی تورک، 5ی ئێرانی و ئەوانی دیکەش رووسی، ئەڵمانی، چینی و خەڵکی ئەفریقیای باشوورن. هەروەها 94 بەندکراوی بیانیی لە چاکسازیی گەورانن کە 7 تورک و 62 ئێرانی و 17 سووری و 8ی وڵاتانی دیکەن".

هێمن نانەکەلی، بەڕێوەبەری چاکسازی گەورانی هەولێر دەڵێت: "لەنێو چاکسازیی گەورانی هەولێردا بەندکراوی ئێرانی، تورکی، سووری، فەرەنسی، بەریتانی، سویدی، رووسی و بەریتانی هەن"..

دوای هەولێر زۆرترین کەسی بیانی لەنێو چاکسازییەکانی گەوران و ژنان و منداڵانی دهۆکدان، دڵخۆش ئەنوەر رایگەیاند: "لەنێو چاکسازی گەورانی دهۆک 42 بەندکراوی بیانی هەن: 13 تورک، دوو ئێرانی، 26 سووری و بەندکراوێکی بیانی دیکەشی تێدایە. هەروەها لە چاکسازی ژنان و منداڵانی دهۆکیش 5 بەندکراوی بیانی هەن هەموویان سوورین".

هەموو ئەو بەندکراوە بیانیانەی لەنێو چاکسازییەکانی سلێمانیدان ئێرانین کە 13 بەندکراویان لە چاکسازی گەورانن و ژنێکی ئێرانییش لە نێو چاکسازیی ژنانە.

بەشێک لە بەندکراوە بیانییەکان تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە. دڵخۆش ئەنوەر دەڵێ: "لەنێو ئەو 24 بەندکراوە بیانییەی لە چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر، دوو لە رەگەزی نێر و 22 بەندکراویش لە رەگەزی مێن، حەوت لەو بەندکراوە بیانیانە تەمەنیان لە خوار 18 ساڵییەوەیە. هەروەها لەنێو چاکسازی ژنان و منداڵانی دهۆکدا لەکۆی 5 بەندکراوی بیانی 4 بەندکراویان تەمەنیان لە خوار 18 ساڵییەوەیەن کە سوورین".

وڵاتان داوای گواستنەوەی هاوڵاتییە بەندییەکانیان لەنێو چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بۆ وڵاتەکانیان دەکەن. هێمن نانەکەلی، بەڕێوەبەری چاکسازی گەورانی هەولێر دەڵێت: "بەشێک لەو بەندکراوانە لەلایەن وڵاتەکانیان و بەتایبەت لەڕێگەی کونسوڵخانەکانیانەوە لە هەرێمی کوردستان داوا دەکرێت کە بیانگەڕێنینەوە وڵاتی خۆیان و سزاکانیان لەنێو چاکسازییەکانی ئەوێ تەواوبکەن، بەڵام ئەو کەسانە بەپێی یاسای سزادانی عێراقی سزادراون، بۆیە بەپێی یاسا رادەستیان ناکەین و دەبێت سزاکەیان لەنێو چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان تەواو بکەن".

بەڵام چەند جارێک ئاڵوگۆڕی بەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران کرا. لەمبارەیەوە هێمن نانەکەلی دەڵێت: "راستە ئەم ئاڵوگۆڕە پێشترکراوە و بەپێی رێککەوتنی نێوان هەردوو وڵات بووە، ئێستاش هەردوو وڵات ئامادەکاری دەکەن بۆ ئەوەی ژمارەیەکی دیکەی بەندکراو ئاڵوگۆڕ بکەن، تاوەکو ئێستاش ئەم ئاڵوگۆڕە تەنیا لەگەڵ ئێران کراوە".

لەبارەی ئەو بەندیانەش کە ئاڵوگۆڕەکە دەیانگرێتەوە، بەڕێوەبەری چاکسازی گەورانی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئاڵوگۆڕەکە ئەو بەندیانە ناگرێتەوە کە بە تاوانەکانی کوشتن، تیرۆر، سیخوڕی، ماددەی 156ـی ئاسایشی نیشتمانی گیراون، بەڵکو تەنیا ئەوانە دەگرێتەوە کە تاوانی سووکیان کردووە یان بەهۆی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر گیراون".

# خۆشەویستەکەیان نەدایێ، خۆی خنکاند

**تریسکە شێرزاد**
**رووداو- هەولێر**



عەدنان پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێکی عەرەبدا هەبوو

عەدنان، رووخسەتی لە باوکی وەرگرت و گوتی: دەچمەوە ماڵ دەنووم. بەڵام لە ژوورەکەیدا بە پەتێک خۆی هەڵواسی. ئامۆزایەکی عەدنان دەڵێت: "عەدنان کچێکی عەرەبی خۆشدەویست، بەڵام باوکی کچەکە رازی نەبوو بیداتێ، بۆیە خۆی خنکاند".

رۆژی 2018/12/16 گەنجێکی تەمەن 20 ساڵ، بەناوی عەدنان سلێمان کە دانیشتووی گەڕەکی عەسکەری شاری کەرکووک بوو، لە ژوورەکەی خۆیدا بە پەت خۆی خنکاند.

عەقید ئەفراسیاو کامیل، گوتەبێژی پۆلیسی کەرکووک، هەواڵی خۆخنکاندنی ئەو گەنجەی بۆ (رووداو) پشتڕاستکردەوە و گوتی: "لە لایەن کەسوکاری کوڕەکە ئاگادار کراینەوە کە کوڕەکەیان لە ژوورێک لە ماڵەکەیدا بە پەتێک خۆی هەڵواسیوە. ئیفادەمان لێوەرگرتوون. ئەوان دەڵێن کوڕەکەیان هیچ کێشەیەکی نەبووە و نەخۆشیش نەبووە، تەنیا داوای کچێکی کردووە، باوکی کچەکە گوتبووی کچەکەم نادەمە کوردێک، رەنگە هەر لەبەر ئەوەش خۆی خنکاندبێ".

تاکە ئاواتی عەدنان ئەوە بوو لەگەڵ ئەو کچەدا لە ماڵێکدا بژی کە خۆشی دەویست، بەڵام باوکی کچەکە کە عەرەب بووە، بە بیانووی ئەوەی عەدنان کوردە، رازی نەبووە کچەکەی بداتێ، بۆیە کەسوکارەکەی پێیانوایە لەبەر ئەو هۆکارە خۆی کوشتووە.

عەزیز شەریف کە ئامۆزای عەدنانە بە (رووداو)ی گوت: "عەدنان کوی گەورەی ماڵ بوو، وازی لە خوێندن هێنا بوو لەگەڵ باوکیدا لە دووکانی فرۆشتنی پۆشاک کاری دەکرد. کوڕێکی بێ کێشە بووە و هیچ نەخۆشییەکیشی نەبووە، تا بڵێین بەهۆی نەخۆشییەکەی، خۆی خنکاندبێ".

عەدنان ئەو رۆژە لە دووکانەکەی باوکی بووە، بە باوکی گوتووە زۆری خەو دێت، دەچێتەوە ماڵەوە بۆ ئەوەی سەرخەوێک بشکێنێ، بەڵام عەدنان بە یەکجاری چاوی لێکنا.

عەزیز دەڵێت: "عەدنان سەعات سێی دوای نیوەڕۆ چووبووەوە ماڵەوە، بە دایکی گوتبوو دەچێتە ژوورەکەی دەخەوێت و کەس بانگی نەکات، بەڵام دەرگا لەسەر خۆی دادەخات و دیجەی هەڵدەکات. دایکیشی پێی سەیر دەبێ کە چۆن لەگەڵ ئەو دەنگە بەرزە خەوی لێدەکەوێت. لە دەرگا دەدات، بەڵام عەدنان دەرگای لێناکاتەوە".

لە خەیاڵی دایکیدا عەدنان خەوتووە، ماوەیەکی زۆری پێدەچێ عەدنان هیچ هەواڵی نییە، بۆیە دایکی گومانی بۆ دروست دەبێ کە شتێکی بەسەرهاتبێ، دووبارە دەچێ لە دەرگا دەدات، بەڵام عەدنان لێی ناکاتەوە. هەوڵدەدات بە شتێک دەرگاکە بکاتەوە، بەڵام ناتوانێت، بۆیە پەیوەندی بە باوکی عەدنانەوە دەکات.

باوکی عەدنان بە پەلە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، زۆر بانگی عەدنان دەکات، بەڵام وەڵامی ناداتەوە، بۆیە بانگی دراوسێیەکیان دەکات دەرگاکەی بۆ بشکێنێ، کاتێک دەرگاکەیان شکاندووە، بینیویانە عەدنان بە پەتێک خۆی هەڵواسیوە.

عەزیز باسی هۆکاری خۆ خنکاندنی ئامۆزاکەی دەکات و دەڵێت: "ماوەیەک لەمەوبەر عەدنان داوای کرد ژنی بۆ بهێنین، داوای کچێکی عەرەبی کرد، چووینە داوای کچەکە، مامم لەلای گرنگ نەبوو کچەکە لە چ نەتەوەیەکە و دەیگوت گرنگ ئەوەیە کوڕەکەم خۆشبەخت بێ، بەڵام باوکی کچەکە پێیگوتین: من کچ نادەمە ئێوە، چونکە کوردن". زیاتر لە جارێک دەچنە داوای کچەکە، بەڵام باوکی کچەکە هەر رازی نابێ.

عەزیز گوتی: "ماوەیەک بەسەر ئەو باسەدا تێپەڕی، ئێمە لەبیرمان کرد. عەدنانیش باسی ئەو کچەی نەکردەوە گوتمان دیارە لەبیری کردوە. وەک پێشتر لەگەڵ باوکی دەچووە دووکان، بەڵام تێکەڵی کەس نەدەبوو. کە دەگەڕایەوە ماڵەوەش، لە ژوورەکەی خۆی نەدەهاتە دەرەوە. ئێمە لەو باوەڕەداین هەر لەبەر ئەو کچە خۆی کوشتبێ".

عەدنان کوڕی گەورەی ماڵەوە بووە، سلێمانی باوکی قەت دڵی کوڕەکەی نەشکاندوە. عەزیز دەڵێت: "لەو رۆژەوەی مامم و مامۆژنم کوڕەکەیان بە خنکاوی بینیوە شۆک بوون. رەوشی تەندروستیان زۆر خراپ بووە، تەنانەت نەیانتوانیوە لە پرسەی کوڕەکەشیان ئامادەبن. دایکی بەردەوام دەگریت و کوڕەکەم لە ئیشە و دەگەڕێتەوە".

دوای تەواو بوونی پرسەکەی، کەسوکاری عەدنان لە هاوڕێکانی دەپرسن بۆ ئەوەی بزانن ئایا کوڕەکەیان لەلای ئەوان باسی هیچی نەکردووە. عەزیز دەڵێت: "هاوڕێکانی دەڵێن عەدنان شتێکی تایبەتی بۆ باس نەکردوون، بەڵام لەدوای ئەوەی کچەکەیان نەداوەتێ، کەمتر هاتوچۆی ئەوانی کردووە".

# پێشمەرگەیەک لە گەراجی ماڵەکەیدا خۆی دەخنکێنێ

**تریسکە شێرزاد**
**رووداو – هەولێر**

حەسەن پێشتر هەڕەشەی کردبوو کە لە نێو گەراجی ماڵەکەیاندا خۆی دەخنکێنێ، ساڵێک لەمەوبەریش نەوتی بەخۆیدا کرد و ئاگری لە خۆی بەردا، بەڵام چاک بووەوە. دواجار هەڕەشەکەی خۆی بردەسەر و لە گەراجی ماڵەوەیان، خۆی خنکاند.

رۆژی 2018/12/8 حەسەن محەممەدی 35 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی زانیاری لە شارۆچکەی سۆران، لە نێو ماڵەکەیدا بە پەتێک خۆی هەڵواسی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. حەسەن پێشمەرگەبوو. لە دوای خۆی منداڵێکی جێهێشت.

رائید سەعدوون هاودیانی، گوتەبێژی پۆلیسی سۆران لە بارەی خۆ خنکاندنی ئەو پێشمەرگەیە بە (رووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی ئیفادەی کەسوکارەکەیمان وەرگرت، بۆمان دەرکەوت ئەو پێشمەرگەیە ماوەیەکی زۆرە، تووشی نەخۆشی دەروونی بووە و پێشتریش هەوڵی خۆلەناوبردنی داوە، بەڵام نەمردووە".

کەسوکاری حەسەن دەڵێن حەسەن نزیکەی 12 ساڵ بە دەست نەخۆشیی دەروونییەوە دەیناڵاند، بۆیە بەردەوام چاودێریان کردووە، نەوەک بەڵایەک بەسەر خۆی بێنێ، ئەو رۆژەش کە خۆی خنکاندووە، ئاگایان لێبڕاوە

نەرمین ئەحمەد، هاوژینی حەسەن بە (رووداو)ی گوت: "ئەو شەوە حەسەن باری دەروونی زۆر خراپ بوو، تا سەعات چواری بەرەبەیان خەوم لێنەکەوت. حەسەن خەوت ئینجا خەوتم".

نەرمین سەعات 10ی بەیانی لە خەو هەڵدەستێ دەبینێ حەسەن دانیشتووە، لێی دەپرسێ نانی بەیانی ناخۆی، ئەویش دەڵێت: برسیم نییە و دەچمە ماڵی باوکم کە دراوسێیانە، بۆیە نەرمین خەریکی ئیشی ناو ماڵ دەبێ.

نەرمین بە خەیاڵی ئەوەی حەسەن لە ماڵی باوکیەتی، ئاگای لە حەسەن دەبڕێ، تا ئەوکاتەی خەزووری دێت پرسیاری حەسەن دەکات. نەرمین دەڵێت: "خەزوورم پرسی کوا حەسەن؟ منیش گوتم: بۆ ئەی لە ماڵی ئێوە نییە. ئەویش گوتی: لەوێ بوو، بەڵام مێوانم هاتن لەبەر میوانەکان ئاگام لە حەسەن نەما، ئێستا دیار نییە".

محەممەد چاوشین کە باوکی حەسەنە دەڵێت 14 ساڵ لەمەوبەر کوڕەکەی ویستوویەتی بچێتە ئەوروپا، لەگەڵ دوو برادەریشی رێککەوتبوو کە بە یەکەوە بڕۆن، بەڵام دواتر پەشیمان بووەتەوە.

محەممەد چاوشین دەڵێت: "کوڕەکەم بیرۆکەی سەفەرکردنی لە خەیاڵی خۆی دەرهێنا، بۆیە ژنمان بۆ هێنا، بەڵام 12 ساڵ لەمەوبەر باری دەروونی تێکچوو. سەردانی چەندین پزیشکمان کرد، بەڵام سوودی نەبوو".

حەسەن ئەوکاتەی باری دەروونی تێکچووە، پێشمەرگە بووە، هەر بۆیە لەلایەن بەرپرسەکەیەوە نێردراوەتەوە ماڵەوە، نەوەک لە کاتی دەوامدا بەڵایەک بەسەر خۆی و هاوڕێکانیدا بهێنێ، بەڵام بەدرێژایی ئەو ماوەیە مووچەکەیان داوەتێ.

وەک باوکی حەسەن ئاماژەی پێدەدات حەسەن چەند جارێک هەڕەشەی خۆکوشتنی کردووە و گوتوویەتی رۆژێک دێت لە گەراجی سەیارەکەمان خۆم دەکوژم، هەر ئەو هەڕەشەیەش وایکردبوو کە حەسەن بەردەوام لەژێر چاودێری خێزانەکەیدا بێ. محەممەد دەڵێت: "بۆ یەک خولەکیش جێمان نەدەهێشت، یان من یان هاوژینەکەی لەگەڵی دەبووین".

محەممەد باسی ئەو رۆژە دەکات کە کوڕەکەی، خۆی خنکاندووە و دەڵێت: "حەسەن لە ماڵی ئێمە بوو لە ژووری دواوە خەوتبوو، من میوانم هەبوون، ئاگام لە حەسەن نەما، دواتر تەماشام کرد حەسەن لەوێ نەماوە، بە پەلە چوومە ماڵەکەی، لە هاوژینی حەسەنم پرسی: حەسەن لە کوێیە؟ ئەویش گوتی: هات بۆ ماڵی ئێوە".

محەممەد ئەو قسەیەی کوڕەکەی بیر دەکەوێتەوە کە گوتوویەتی: رۆژێک دێت لە گەراج خۆم دەکوژم، بۆیە بە پەلە دەچێتە گەراجی ئۆتۆمبێلەکەیان. محەممەد دەڵێت: "کە چووین بۆ گەراج تووشی شۆک بووین، حەسەنمان بینی بە پەتێک خۆی هەڵواسیوە. پەتەکەمان لە ملی کردەوە، بەڵام گیانی دەرچووبوو".

نەرمین قسەکانی خەزووری پشتڕاستکردەوە و دەڵێت مێردەکەی پێشتر نەک هەڕەشەی خۆکوشتنی کردووە، بەڵکو هەوڵیشی داوە. نەرمین گوتی: "ساڵێک لەمەوبەر نەوتی بەخۆیدا کرد و ئاگری لە خۆی بەردا، تا بانگی باوکیم کرد، زۆربەی جەستەی سووتا، تەندروستیی زۆر خراپ بوو، لە نەخۆشخانە پێیانگوتین ئەگەری زیندوومانەوەی کەمە".

کەسوکاری حەسەن، چاوەڕێی مەرگی ئەویان دەکرد، بەڵام دوای دوو مانگ لە چاک بووەوە. نەرمین دەڵێت: "چەندین جار کە حەسەن باری تەندروستی باش نەبووە، چەندین شەو بەدیارییەوە دانیشتووم، نەوەک شتێک لە خۆی بکات". بەڵام رەنجی 12 ساڵی کەسوکاری حەسەن لەگەڵ حەسەن، تەنیا لە ماوەی 30 خولەکدا کە ئاگایان لە حەسەن نەما، بە باداچوو.



حەسەن پێشتر ئاگری لە خۆی بەردابوو

زۆربەی گومانلێکراوەکان لە کاتی لێپرسینەوەدا دەمرن، یان لەسەر شەقام تۆڵەیان لێدەکرێتەوە

پارە نەدەیتە حەشد ناوت دەخرێتە نێو داتابەیسی تیرۆروە

دادوەر مونیر حەداد: ڕۆژانە لە دادگاکانی تیرۆر سزای مەرگ بۆ 25 کەس دەردەچێ



# بەغدا تۆڵەی داعش لە سوننەکان دەکاتەوە

ئەحمەد ئەو گەنجەی تۆمەتبارە بە یارمەتیدانی داعش، لەژێر پۆستاڵی هێزەکانی سواتدا

ڕووداو – هەولێر

عێراقی پاش داعش بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ، نەک هەر لەبەر ئەوەی جموجۆڵەکانی داعش لە ناوەڕاست و باکووری عێراق دەستیان پێکردووەتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی حکومەتی بەغدا بۆ لێکەوتە سیاسی، یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانی چوار ساڵ دەسەڵاتی داعش بەسەر ناوچەکانی عەرەبە سوننەکان ئامادە نییە. هەر ئەمەش دەتوانێ کاریگەریی ترسناک لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و کۆمەڵگای سوننەدا و سەرهەڵدانەوەی گروپە تەکفیرییەکان دروست بکات. گۆڤاری (نیویۆرکەر)ی ئەمریکی لە ڕاپۆرتێکی مەیدانیدا پەردە لەسەر هەڵمەتی تۆڵەی بەغدا لە کۆمەڵگای سوننەی عێراقی و ئاکامەکانی ئەو هەڵمەتە لادەدات.

## دادگاییە بەپەلەکانی تیرۆر

کاتژمێرەکەی ژووری ژمارە دووی دادگای ناوەندیی تاوان 10ی بەیانی پیشان دەدا. سوهەیل عەبدوڵڵا، دادوەرێکی عێراقی، لەگەڵ دوو دادوەری دیکە هاتنە ژوورەوە، کە پەیامنێرەکەی (نیویۆرکەر)یش ئامادە بووە تێیدا. سوهەیل 21 کەیسی لەبەر دەستبوو، کە 16 دانەیان پەیوەندییان بە "تیرۆر"ەوە بوو. پاش ماوەیەک لەبەر خۆیەوە ناوی "ئەحمەد .ئا"ی خوێندەوە کە تۆمەتبار کرابوو بەوەی لە شارۆچکەی گەیارە، لە باشووری مووسڵ، پەیوەندی بە داعشەوە کردووە.

ئەحمەد کە لەنێو قەفەسێکی داردا وەستابوو، سوێندی دەخوارد و دەیگوت "هەرگیز نەچوومەتە گەیارە". بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، دادوەرەکان دانپێدانانی نووسراوی ئەحمەدیان بە پەنجەمۆرەوە لەبەردەست بوو. ئەحمەد گوتی "گەورەم، سوێند دەخۆم کە من وەرەقەیەکی سپیم مۆر کردووە، (بۆ ئەمەش) دەزگا ئەمنییەکان ئەشکەنجەیان داوم". سوهەیل لە وەڵامدا ناوی دەستوپەیوەندەکانی ئەحمەد لەناو داعشی خوێندەوە، ئەحمەد ڕەتیکردەوە هیچ کامیان بناسێ.

داواکاری گشتی ڕایگەیاند: "بەڵگەی پێویست لەبەردەستە، داوای بڕیاری دادگا لەسەر تاوانبار دەکەم". بەپێی ڕاپۆرتەکە، ئەحمەد جگە لە پارێزەرێکی حکومی بەناوی حوسێن هیچ پارێزەرێکی نەبوو، ئەویش تەنیا داوای: "نەرمی نواندن لە بڕیاری دادگای دەکرد. هەموو دانیشتنەکە تەنیا چوار خولەک و نیوی خایاند.

تۆمەتباری دواتر کە پارێزەری تایبەتی خۆی هەبوو، باسی ئەوەی دەکرد بە هەڵە دەستگیرکراوە، چونکە ناوی لە ئەندامێکی داعش دەچێ، پارێزەرەکەشی بەپێی تاقیکردنەوەی پزیشکی، جەختی لەوە دەکردەوە کە بە زەبری ئەشکەنجە، دانپێدانان لە موەکیلەکەی وەرگیراوە. ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دادوەرەکان گوێیان بۆ پارێزەرەکە نەدەگرت، بەڵکو بەدەم نوکتە گێڕانەوەوە دۆکۆمێنتەکانیان واژۆ دەکرد، سوهەیلیش باوێشکی دەدا. هەموو دانیشتنەکە هەشت خولەکی خایاند.

تۆمەتباری سێیەمیش کە تەمەنی 23 ساڵ و خەڵکی گوندێکی نزیک مووسڵ بوو، گوتی بە چاوی بەستراوەوە ناچارکراوە کاغەزەکان مۆر بکات. بەڵام وەڵامی داواکاری گشتی بۆ ئەو و پارێزەرە تایبەتەکەی هەمان شت بوو: "بەڵگەی پێویست لەبەر دەستە، داوای بڕیاری دادگا لەسەر تاوانبار دەکەم". دادگاییەکە تەنیا نۆ خولەکی خایاند و تۆمەتبارەکە بە دەم دەرچوون لە ژوورەکە بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە هاواری دەکرد: "ڕقم لە داعشە، ئەوان خانووەکەی منیان تەقاندووەتەوە".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، دادوەرێکی تایبەت دەکرێ ئاماژەیەک بێ بۆ ئەوەی تۆمەتبارەکە بێتاوانە، چونکە زۆربەی پارێزەرەکان ناوێرن کەیسی ئاڵۆزی پەیوەندیدار بە تیرۆر بگرنە ئەستۆ، نەکا دەزگا ئەمنییەکان تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ داعشیان بدەنە پاڵ. تەنیا ساڵی ڕابردوو دادگای عێراق بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ 15 پارێزەر دەرکردووە و تۆمەتباری کردوون بەوەی پەیوەندییان لەگەڵ داعشدا هەیە.

کاژێر 12ی نیوەڕۆ بوو و سوهەیل 10 دانیشتنی لە کۆڵ کردبووەوە و بڕیاری لەسەر 12 کەس دەرکردبوو، تەنانەت ئەو دوو جارەش کە کارەبا بڕا، سوهەیل دەستی لە کار هەڵنەگرت و بە لایتی مۆبایلەکەی سەیری کاغەزەکانی بەردەستی دەکرد. دوایین دانیشتنی پێش نانی نیوەڕۆ لەسەر کەیسی سێ تۆمەتبار بوو کە وەکو پەیامنێرەکەی (نیویۆرکەر) باسی دەکات هەرسێکیان ئاسەواری برین و پێکانیان پێوە دیاربوو.

یەکەم تۆمەتباریان کە پرسیاری لێکرا حەیدەرە کە بە تۆمەتی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو دەستگیرکرابوو و بە گوتەی پارێزەرەکەی لە ژێر ئەشکەنجەدا ناوی لوئەی داوە کە بەشدارێکی دیکەی دانیشتنەکە بووە و

> لە هەندێک لە کەمپەکانی مووسڵ لە بەرامبەر سێکس یارمەتی ئاوارەکان دەدرێ
>
> ڕێکخراوێکی ناحکومی

بە دارشەقە هاتبووە ژووری ژمارە دوو. پارێزەرەکەی لوئەیش لە لێدوانێک بۆ گۆڤارە ئەمریکییەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە موەکیلەکەی لەژێر ئەشکەنجەدا دانی بەوەدا ناوە کە لە دوورەوە ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوی تەقاندووەتەوە. لە کاتێکدا ڕاپۆرتی پۆلیس خۆی باس لەوە دەکات تەقینەوەکە خۆکوژی بووە. لوئەی چوار ساڵی لە گرتووخانە بەسەر بردبوو، بەڵام دوای دوو بۆ سێ خولەک ئەویش هەمان شتی لە دەمی سوهەیلەوە بیستەوە "بەڵگەی پێویستمان لەبەر دەستە". پاش نانی نیوەڕۆش بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو.

## بە دەگمەن پابەندی یاسا دەبین

داعش تەنیا ڕێکخراوێکی سەلەفی جیهادی نەبوو کە جار نا جارێک لێرە و لەوێ تەقینەوەیەک بکات، بەڵکو لە هەڕەتی دەسەڵاتی خۆی لە 2014دا نیوەی خاکی سووریا و یەک لەسەر سێی خاکی عێراقی بەدەستەوە بوو و چاودێری ژیانی ملیۆنان خەڵکی ئەو ناوچانەی دەکرد.

ئیدارەکردنی ئەو ناوچانە، داعشی ناچار کرد دامەزراوە عێراقییەکان هەڵنەوەشێنێتەوە، بەڵکو تەنیا لەگەڵ ئامانجەکەی خۆیدا ڕێکیان بخاتەوە، بۆیەش هەزاران پزیشک، مامۆستا و کەسی تێکنۆکرات لە شوێنەکانی خۆیان مانەوە. ژمارەیەکی زۆریشیان دەبووایە دواتر لە مەیدانەکانی جەنگدا یارمەتی بریندارەکانی داعش بدەن. مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هەزاران کەسە تەحەدای گەورەی بەردەم دەزگا ئەمنی و دادوەرییەکانی حکومەتی نوێی عێراقە.

بەرپرسێکی باڵای هەواڵگریی عێراق لە دیمانەیەکی گۆڤارە ئەمریکییەکەدا باس لە تاوانکارییەکی سیستەماتیک لەناو دەزگا ئەمنییەکان دەکات، لەوانەش لە سێدارەدانی خەڵک لە مەیدانەکانی جەنگ یان کوشتنیان لە بنکەکانی دەستبەسەرکردن و داپۆشینی دۆسییەکانیان. کاربەدەستە عێراقییەکە خۆیشی لەو هەڵمەتەدا بەشدار بووە و لە ترسی دروستبوونی گومان لەسەری نەیتوانیوە ڕێگە لە پێشێلکارییەکان بگرێ.

کاربەدەستەکە کە ناوی ئاشکرا نەکراوە پێیوایە پێشێلکارییەکانی حکومەتی عێراق خزمەتی گوتارە باوەکەی جیهادییەکان دەکات کە دەڵێن سوننە کەمینەن لە عێراق و ناتوانن لەژێر حوکمێکی شیعیدا بە ئارامی بژین. بەرپرسەکە هەواڵگری لەمبارەوە دەڵێ "کاردانەوەی حکومەت تۆڵەکردنەوەیە و بە باشی بیری لێنەکراوەتەوە. ئێمە بە دەگمەن پابەندی یاسا دەبین".

لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەزاران پیاو و کوڕ تۆمەتی هاوسۆزی لەگەڵ داعشیان خراوەتە پاڵ، سەدان کەسیان لەسێدارە دراون. بەم حاڵەشەوە کاربەدەستە عێراقییەکە ئاشکرای دەکات کە ئەوەی بە ئاشکرا باسدەکرێ تەنیا بەشێکی بچووکە لەو خەڵکەی کە دەستبەسەر کراون، لە کاتێکدا: "تەنیا ژمارەیەکی کەمی گومانلێکراوان ڕەوانەی دادگا دەکرێن، ئەمەش تەنیا بۆ ئەوەیە وەهمی ئەوە دروست بکەین کە ئێمە سیستەمێکی دادوەریمان هەیە".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، یاسای عێراق جیاوازی ناکات لە نێوان ئەوانەی هاوکاری داعشیان کردووە لەگەڵ ئەوانەی لە توندوتیژییەکاندا بەشدار بوون. خێزانی تۆمەتبارەکانیش ناوێرن لە دانیشتنی دادگادا بەشدار بن، لە ترسی ئەوەی نەکا ئەوانیش دەستگیر بکرێن. بەرپرسە عێراقییەکە پێیوایە ئەمە سڕینەوەی هەزاران خێزانی سوننەی عێراقییە: "ئەمە تەنیا تۆڵە نییە لە داعش، بەڵکو تۆڵەیە لە سوننە".

## حەشد لە سەروەی یاسایە

پلانی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی هەموو پارێزگای نەینەوا لە پاییزی 2016 دەستیپێکرد کە تێیدا هێزەکانی پێشمەرگە، پۆلیس و سوپای عێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بەشدار بوون. حەشدی شەعبی کە میلیشیایەکی زۆرینە شیعەی عێراقییە، لەدوای هێرشەکانی 2014ی داعش و نزیکبوونەوەیان لە بەغدا دروستبوون، لە چەند ساڵی ڕابردووشدا تۆمەتبار کراون بەوەی توندوتیژییان لەدژی کۆمەڵگای سوننەی عێراقی بەکارهێناوە.

بەرپرسە هەواڵگرییەکەی عێراق، بەدەم هەڵقوڕاندنی چا و هەڵمژینی دووکەڵی جگەرەکەی، بە پەیامنێرەکەی (نیویۆرکەر) دەڵێ "بەبێ حەشدی شەعبی هیچ ئاسایشێک لە وڵاتدا نامێنێ، بەڵام بەوانەوە هیچ یاسایەکیش لە وڵاتدا نییە. ئەوان لەسەرووی سوپا، یاسا و سەروەریی عێراقن".

## حکومەت پشتی لە ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ کردووە

شەڕی نۆ مانگەی مووسڵ کە بە گەورەترین شەڕی ناو شار لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی لە قەڵەم دەدرێ، لە هەفتەی سێیەمی مانگی تەممووزی 2017 کۆتایی هات. لە سەرەتای حوزەیرانەوە پێشڕەویی هێزە عێراقییەکان لە کۆڵانە تەنگەبەرەکانی مووسڵی کۆن وەستابوو، لە هەشت مانگی پێشتری شەڕەکەشدا هەزاران سەرباز و فەرماندەی پۆلیس و سوپای عێراق کوژرابوون. فەرماندەکانی سوپای عێراق و هاوپەیمانان لەژێر گوشاردابوون بۆ ئەوەی هەرچی زووترە شەڕەکە یەکلابکەنەوە.

سێ هەفتەی کۆتایی شەڕەکە بۆ هەردوو لایەنی شەڕەکە خوێناوی بوو، لە کاتێکدا بۆردومانی چڕیش زۆرینەی شارەکەی تەخت کرد. بەگوێرەی ڕاپۆرتی

> کاردانەوەی حکومەت تۆڵەکردنەوەیە. ئێمە بە دەگمەن پابەندی یاسا دەبین
>
> بەرپرسێکی هەواڵگریی عێراق

نەتەوە یەکگرتووەکان 10 ملیۆن تۆن خۆڵ و خاشاک لە شاری مووسڵدا کەڵەکە بووە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە بۆنی تەرمی گەنیو کۆڵانەکانی داگرتووە و کۆنەشاری مووسڵ شێوەی گۆڕستانێکی بێ کێلی وەرگرتووە.

محەممەد یەکێکە لەوانەی لەدوای تەواوبوونی شەڕەکە گەڕاوەتەوە کۆنەشار و لە بەرگریی مەدەنی ناوچەکەدا دەستبەکار بووەتەوە، ڕۆژانەش خەڵک ڕوویان تێدەکەن بۆ ئەوەی یارمەتییان بدرێ تەرمێکی دۆزراوە لە ژێر خۆڵ و خاشاک دەربکەن. فەرمانگەکەی محەممەد ناوی خێزانەکان تۆمار دەکەن و وادەیەکیان بۆ دادەنێن بۆ ئەوەی تەرمەکەیان بۆ دەربکەن. ساڵێک لەمەوبەر ئاژانسی (ئەسۆشێیتید پرێس)ی ئەمریکی ئاشکرای کرد 10 تەرم تۆمار کراون.

بەڵام بەرگری مەدەنی و مەیتخانەی مووسڵ ئەو تەرمانە دەرناکات کە نەناسراون. محەممەد لەمبارەوە بە (نیویۆرکەر) دەڵێ: "هەندێکجار خەڵک دێنە لامان و باسی تەرمی خزمەکانیان لە کۆنەشار دەکەن، بەڵام ئێمە دەزانین ئەوان خەڵکی کۆنەشار نین، بەڵکو لە گەیارە و شرگاتەوە هاتوون"، هەر بۆیەش گومان دەکەن تەرمەکان هی داعش بن و بەرگری مەدەنی تەرمەکانیان دەرناکات.

بەپێی هەڵسەنگاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان تەنیا ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ دەیان ملیار دۆلاری دەوێ، بەڵام وەک لە ڕاپۆرتەکەدا دەردەکەوێ پێناچێ حکومەتی عێراق هیچ بەرنامەیەکی بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە هەبێ، بەڵکو وازی لێهێناوە بۆ ئەوەی بەو وێرانییە بمێنێتەوە "ئەمەش وەکو جۆرێک لە سزادانی خەڵکی ناوچەکە. عەبدوڵڵا دانیشتووی مووسڵ باس لەوە دەکات هیچ نیشانەیەک بەدی ناکات کە هەوڵێکی دامەزراوەیی پاککردنەوەی کۆنەشار هەبێ، هەر ئەوەندە نەبێ کە ڕێکخراوە ناحکومییەکان تابلۆی ئاگادارکردنەوە لە مادەی تەقینەوەیان لە شوێنە جیاجیاکان داوە.

## دەستگیرکردنی هەڕەمەکی

بەهۆی شەڕی مووسڵەوە یەک ملیۆن کەس لە خەڵکی پارێزگای نەینەوا ئاوارەی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراق بوون. ڕاپۆرتەکەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات دەزگا ئەمنییەکانی کوردستان و عێراق داوایان لەو ئاوارانە کردبوو لەسەر دراوسێ و ناسیاوە داعشەکانی خۆیان زانیاری بدەن، دواتریش زانیارییەکان دەخرانە ناو داتابەیسێکەوە کە لەبەردەستی سوپا و حەشدیشن، بەڵام وەک بەرپرسە هەواڵگرییەکەی عێراق باسی دەکات لەگەڵ گەورەبوونەوەی داتابەیسەکە زانیارییەکانیش چیدی جێی متمانە نەدەبوون، لەبەر ئەوەی زۆرجار خەڵک لەسەر بنەمای کێشەی خێزانی یان عەشایەری ناوی کەسێکیان دەدا.

بەرپرسە عێراقییەکە لەمبارەوە دەڵێ "هەزاران گومانلێکراومان لایە کە بە هەڵە ناویان دراوە". ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە حەشد داوای هەزاران دۆلار لە خەڵکی مەدەنی ناوچە سوننەکان دەکات و ئەگەر پارەکە نەدەن ناویان دەخاتە ناو داتابەیسی تیرۆرەوە.

لە چوار ساڵی شەڕی دژی داعشدا هێزە عێراقییەکان لە چەندەها دیمەنی سەربڕین، کوشتن و سووتاندنی گومانلێکراو یان ئەندامی داعشدا دەرکەوتوون. بەپێی یاسا هەموو گومانلێکراوێکی داعش دەبێ ڕەوانەی هێزەکانی دژەتیرۆر بکرێن بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێ، بەڵام وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە زۆر لەو گومانلێکراوانە هەر لەسەر شەقامی شار و شارۆچکەکان تۆڵەیان لێدەکرێتەوە.

بەرپرسە هەواڵگرییەکەی عێراق پێیوایە "هەموو پێشێلکارییەکانی حەشد لە هەموو پارێزگاکان بە زانیاری و ڕەزامەندی دەزگاکانی ئاسایشی نیشتمانی دەکرێن. حکومەت ڕۆژنامەنووسان کۆدەکاتەوە و پێیان دەڵێ داعش ئەم هاووڵاتیانەی کوشتووە، لە کاتێکدا ئەوە حەشد بووە (کە ئەوانی کوشتووە). واقیع زۆر جیاوازە لەوەی لە میدیاکاندا دەردەکەوێ. هەر هیچ نەبێ داعش ئەوەندە جورئەتەی هەبوو تاوانەکانی خۆی نەشارێتەوە".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە هەڵمەتی دەستگیرکردنی گومانلێکراوانی داعش لە ماوەی دواییدا کەمی کردووە، بە جۆرێک هەفتانە دوو بۆ سێ کەس بەند دەکرێن. هێزەکانی سواتی عێراقی بە هاوکاری ئەمریکییەکان گومانلێکراوەکان دەستگیر دەکەن. بەڵام جگە لە سوات، هێزەکانی حەشدیش لە کۆنەشاری مووسڵ جەولە دەکەن و ناوە بە ناوە خەڵکیش دەستگیر دەکەن. لە مانگی ئابی ڕابردوو، هێزەکانی حەشد پەیامنێرەکەی (نیویۆرکەر)یشیان دەستبەسەرکردبوو، سێ کاژێر لێپرسینەوەیان لەگەڵ کردبوو، وێنەی دەموچاو و پاسپۆرت و ڤیزا عێراقییەکەیان هەڵگرتبوو، دواجاریش هەڕەشەیان لێکردبوو کە ئەگەر بگەڕێتەوە ڕۆژئاوای مووسڵ دەستگیری دەکەن.

## "دادگایی سەدام لە گومانلێکراوەکانی داعش شەفافتر بوو"

ماوەی دەستبەسەربوونی گومانلێکراوان دەکرێ چەندین ساڵ بخایەنێ، هەڵبەت ئەگەر پێش ڕووبەڕووبوونەوەی دادگا لەکاتی لێپرسینەوەدا نەمرن. بەرپرسە هەواڵگرییەکەی عێراق پشتڕاستی دەکاتەوە کە "سەدان کەس لە کاتی لێپرسینەوەکاندا دەمرن"، دواتریش وەزارەتی تەندروستی هۆکاری مردنەکە بە "نەزانراو" یان "جەڵتە" ڕادەگەیەنێ و تەرمەکە لە کۆڵ دەکەنەوە.

مونیر حەداد، دادوەری عێراقی کە سەردەمانێک چاودێری دادگایی سەدام حوسێنی کردووە، پێیوایە

> تەنیا ژمارەیەکی کەمی گومانلێکراوان ڕەوانەی دادگا دەکرێن

دادگایی سەدام حوسێن لە چاو دادگایی گومانلێکراوانی داعش "شەفافتر" بوو، چونکە "سەدام پارێزەری هەبوو، تەنیا شەش بۆ حەوت کەس (لە سەرانی ڕژێمی بەعس) لەسێدارە دران، بەڵام ئێستا لە دادگاکانی تیرۆردا ڕۆژانە لانیکەم 25 کەس سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەردەچێ".

ئێستا مونیر، بە هاوکاری عەلی شەممەری، پارێزەر، بەرگری لەو گومانلێکراوانەی کەیسی تیرۆر دەکەن کە بەبڕوای خۆیان بێگوناهن. شەممەری بە گۆڤارە ئەمریکییەکە دەڵێ "هەموو ئەو شتانەی دادوەرەکان دەیبینن پارێزەرەکانیش دەیانبینن. زۆربەی جارەکان هیچ بەڵگەیەک نییە، ئەوەی هەیە تەنیا دانپێدانانە". سەبارەت بە هەڵوێستی خۆی لەبارەی هەڕەمەکی بوونی پرۆسەکەش دەڵێ "چیم پێدەکرێ، ناکرێ لەگەڵ دادوەر شەڕە دەنووک بکەم. جارێک یان دوو جار دەتوانم سەرنجی دادوەر بۆ لای خاڵێک ڕابکێشم، بەڵام ئەمەش هیچ سوودێکی نییە".

بەبۆچوونی مونیر کە لە خێزانێکی کوردی فەیلی لە بەغدا لە دایکبووە، قەبارەی زۆری قوربانیانی دەستی داعش یەکێک لەو فاکتەرانەیە کە بەرگری لە گومانلێکراوەکانی سەخت کردووە. لێدوانی عەلی عابد ئەلجبووری، گوتەبێژی وەزارەتی دادی عێراق، بۆ (نیویۆرکەر) ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە کاتێک دەڵێ "فۆکەسی گروپەکانی مافەکانی مرۆڤ لەسەر گومانلێکراوەکانە، بەڵام ئەی مافی قوربانیان و خێزانەکانیان چی بەسەر دێ؟".

جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدان چەندین مانگ و هەندێکجار چەند ساڵێکی پێدەچێ، لەبەر ئەوەی پێویستی بە واژۆی سەرۆککۆمارە کە لە مانگی

> دادگایی گومانلێکراوانی داعش لە 10 خولەک تێناپەڕێ

ئۆکتۆبەری ئەمساڵەوە بە د.بەرهەم ساڵح و بە یەکێک لەو سەرکردانە لە قەڵەم دەدرێ کە دژی سزای لە سێدارەدانە. لە ساڵی 2002دا و پاش هەوڵێکی تیرۆر لە دژی خۆی ڕایگەیاند "بە بڕوای من هیچ کەس و حکومەتێک بۆی نییە خەڵک بکوژێ". ئێستاش دیار نییە هەڵوێستی د.بەرهەم لەبارەی کەیسەکانی لە سێدارەدانی گومانلێکراو و تاوانبارانی داعش چی بەسەر هاتووە. جبووری باس لە مەترسییەکانی ئاشکراکردنی ناوی لە سێدارەدراوەکان دەکات و دەڵێ "لە ڕابردوودا هەرکات لەسێدارەدانی کەسێکمان ڕاگەیاندبا، ڕووبەڕووی هێرشێک دەبووینەوە". لەوانەش تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوی قاعیدە لەبەردەم باڵەخانەی وەزارەتەکە لە ساڵی 2009.

## چاندنی تۆوی داعشێکی دیکە

لە بیابانەکانی نزیک گەیارە هەشت کەمپی ئاوارەکان هەن، ژمارەی خێزانەکانی پەیوەندیدار بە داعش تێیاندا ڕووی لە زیادبوونە. بەرپرسی یەکێک لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە گۆڤارە ئەمریکییەکە دەڵێ "ئەمە وەکو کەمپێکی داخراوە، زۆربەی ئەو چەکدارانەی لەبەر دەرگاکە دەیانبینیت میلیشیان". بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە ئیدارەی نەینەوا خێزانەکانی پەیوەندیدار بە داعش لە خواردن و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بێبەش دەکات، لە هەندێک لە کەمپەکان یارمەتییەکان لە بەرامبەر سێکس دان، زۆر ئافرەتیش هەن کە بەهۆی سێکسکردن لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان دووگیان بوون".

بەرپرسی ڕێکخراوەکە دەڵێ "ئەگەر کەسێک تەمەنی 10 ساڵ بێ، خواردنی نەبێ، هاوکاری نەکرێ، دایکی بۆ مانەوەی خۆی و منداڵەکانی بووبێ بە لەشفرۆش و هەموو کۆمەڵگای عێراقیش بەهۆی نزیکبوون لە داعشەوە لۆمەی بکەن... پێتوایە کەسێکی ئاوها لە دوو یان سێ ساڵی داهاتوودا چی بکات؟ ڕوون و ئاشکرایە کە تۆوی شەڕی داهاتوو هەمووی لێرەیە".

> پارێزەرانی عێراقی ناوێرن بەرگریی لە گومانلێکراوانی داعش بکەن



دکتۆر ئاراس برادۆستی

## (رووداو) لە چیدا یەکەمی جیهانە؟

پێش دەستپێکردنی پەخشی کەناڵی (رووداو) لە میدیای بینراوی کوردیدا هەواڵ و بەرنامەی سیاسی، وەرزشی، ئابووری و هونەری هەبوون. (رووداو) بە جیاوازییەکی گەورە و بە ستایلێکی نوێ و جیهانییەوە دەستیپێکرد و بەردەوامیشە، بەڵام یەکێک لە جیاوازییە زۆر زەقەکانی (رووداو) هەواڵە تەندروستی و بەرنامە و بەرهەمی دیکەی تەندروستی بوون. تەندروستی لە (رووداو) بەشێوەیەک دەرکەوت کە میدیای کوردی ئێستاش نەیتوانیوە بگاتە یەکەم بوڵتەنی تەندروستی کە لە یەکەم رۆژی پەخشی (رووداو) پێشکەشکرا، چونکە تاوەکو ئێستا (رووداو) تاکە تۆڕی میدیاییە کە بوڵتەنی تەندروستی هەیە، ئەمە جگە لەوەی بەرنامەی تەندروستی لە لاوەکییەوە گۆڕی بۆ یەکێک لە سەرەکیترین بەرنامەکانی تۆڕێکی سیاسیی هەواڵی.

ئەوسا بە بوڵتەنێکی هەواڵی تەندروستی و بەرنامەی هەتوان دەستمانپێکرد، ئێستا بەرنامەی نۆڕین پڕبینەرترین بەرنامەی تەندروستییە لە میدیای کوردی. یەکێکیشە لە پڕبینەرترین بەرنامەکانی (رووداو). ئەڵقەی بەرنامەی نۆڕین هەیە تەنیا لە فەیسبووک دوو ملیۆن بینەری تێپەڕاندووە، ئەمە لەکاتێکدایە کە بەرنامە سیاسییەکانی میدیای کوردی ناگەنە چارەکە ملیۆنێک بینەریش لە سۆشیاڵ میدیا.

هەواڵە تەندروستییەکان لە تیڤی و رادیۆ رۆژانە پێنج جار پێشکەشدەکرێن. لاپەڕەی (رووداو)ی تەندروستی لەنێو پەیجە تەندروستییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یەکەمی بێ رکابەرە. لاپەڕەی تەندروستی لە رۆژنامە بە جیاوازییەکی گەورەوە بەردەوامە. لاپەڕەی تەندروستی لە سایتی (رووداو) هەواڵی تەندروستی بە پێوەری زانستیی باڵا بڵاودەکاتەوە.

جگە لەمانە، دەستپێکردنی پرۆژەی دکتۆر ئۆنلاین کە ئێستا خەریکی دروستکردنی سایتێکی نوێ و تایبەتین بۆی، زیاتر لە 70 پزیشکی پسپۆڕی کورد لە هەموو جیهاندا بەشێوەی ئۆنلاین و بەردەوام وەڵامی پرسیارەکانی هاووڵاتیان دەدەنەوە.

سپۆنسەریکردنی میدیایی زۆرینەی کۆنفرانس و رووداوە پزیشکییە گرنگەکان لە کوردستان، رووماڵکردنی رۆژ و بۆنە تایبەتە تەندروستییەکان کە لەلایەن رێکخراوی تەندروستی جیهانییەوە دیاریکراون، ئەمە یەکێک لەو خاڵە گەشانەیە کە هیچ کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی جیهانی نەیتوانیوە وەک (رووداو) بیکات.

راگەیاندنی ئەنتیتۆباکۆ قۆناخێکی نوێ بوو لە کاری تەندروستیی میدیایی. (رووداو) لەوەشدا جارێکی دیکە سەلماندییەوە کە تێگەیشتن و دیدگەی (رووداو) بۆ تەندروستی لە پێشی هەموو میدیا جیهانییەکانە.

لە راگەیاندنی کەمپینی ئەنتیتۆباکۆ تاوەکو رۆژی کۆتایی و رێوڕەسمی خەڵاتکردنەکە پڕییەتی لە هەواڵ، زانیاری و بەرنامەی تایبەت بە پرۆژەکە، یەکێک لە بەرنامەکان کە تایبەت بوو بە ئەنتیتۆباکۆ ملیۆن و نیوێک بینەری تەنیا لە فەیسبووک هەبوو، ئەم هەموو بایەخدانە لەپێناو دوورخستنەوەی دوژمنێکە کە هۆکاری تووشبوونە بە شێرپەنجە، ئەمە جگە لە (رووداو) هیچ میدیایەکی جیهانی تاوەکو ئێستا بیریشی لێ نەکردووەتەوە.

کە دەستمان بە پەخشکرد، باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق سەردانیکردین. بەڕێوەبەری گشتی تۆڕی میدیایی (رووداو) پێیگوت: "ئەو وڵاتەی ئێوە لەسەر زەوی دابەشتان کرد، ئێمە دەمانەوێت لە ئاسمان کۆی بکەینەوە". (رووداو) بە وردی و زەحمەتییەکی زۆرەوە لەسەر هەمان خەون و ئامانج بەردەوامە.

ئەوەی (رووداو) لەرێگەی ئەنتیتۆباکۆ کردی کۆکردنەوەی کوردی هەموو جیهانە، بەشداریی کورد لە گوندێکی سەر بە شنۆی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە پەیامێکی ئێجگار گرنگە، لەنێو ئەو هەموو قەیرانە جیاوازانەوە کوردێک لە گوندێکی دوورەدەست بەهۆی پرۆژەکەی (رووداو)ەوە واز لە جگەرەکێشان بهێنێت و بتوانێت بگاتە بانەری ئەنتیتۆباکۆ لە سایتی (رووداو) و ناوی خۆی تۆماربکات سەرکەوتنێکی گەورەیە، هاوکات کوردێکی کورمانجیی قامیشلۆ و یەکێکی ئامەد بێنە سەر بانەرێک کە بە شێوەزاری سۆرانی نووسراوە و ناوی خۆیان تۆماربکەن، لەگەڵ کوردێک کە لە هەولێرەوە وازی لە جگەرە هێناوە و بەشداری لە پرۆژەکەدا کردووە، کۆکردنەوەیەکی جوانی هەر چوار پارچەی کوردستانە، ئەمە جگە لەوەی ژمارەی بەشدارییەکانی کوردی ئەوروپا ئەمساڵ دوو هێندەی ساڵی یەکەم بوو، بەشداریی کوردێک لە ژاپۆن و یەکێک لە مەکسیک کۆکردنەوەی کوردی هەموو جیهانە لە سایتێک و لەگەڵ پرۆژەیەک کە (رووداو) خوڵقێنەریانە... (رووداو) شانازییە.

### 100 کەس خەڵات دەکرێن

# خەڵاتی وازهێنان لە جگەرەکێشان ئۆتۆمبێلێکە



**رووداو – هەولێر**

بۆ ساڵی دووەم لەسەر یەک، پرۆژەی ئەنتیتۆباکۆی دێسکی تەندروستیی (تۆڕی میدیایی رووداو) بۆ وازهێنان لە جگەرەکێشان، گەیشتە قۆناخەکانی کۆتایی. وا بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2018/12/24 رێوڕەسمی خەڵاتکردنی 100 کەس بەڕێوەبچێت کە وازیان لە جگەرەکێشان هێناوە. خەڵاتی یەکەمی پرۆژەکەش ئۆتۆمبێلێکە.

د.مەتین عەبدولڕەزاق، سەرپەرشتیاری گشتی پرۆژەی ئەنتیتۆباکۆ بە (رووداو)ی راگەیاند ئەمساڵ بەشداریی هاووڵاتیان سێ هێندەی ساڵی رابردووە. ژمارەکە گەیشتووەتە زیاتر لە 9000 کەس. دابەش بووە بەسەر باشوور، باکوور، رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستان و وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا.

زۆرترین ژمارەی بەشداربووانی پرۆژەکە لە باشووری کوردستانن کە 8114 کەسن و بەو شێوەیە بەسەر پارێزگاکاندا دابەش بوون: (سلێمانی 3227 کەس، هەولێر 2350 کەس، دهۆک 1735 کەس، کەرکووک 417 کەس و هەڵەبجە 385 کەس).

سەرپەرشتیاری پرۆژەی ئەنتیتۆباکۆ روونیدەکاتەوە، قۆناخی تۆمارکردنی ناوەکانی بەشداربووان کۆتاییهات، ئێستا لە قۆناخی پشکنینی بەشداربووانن، لە دوای پشکنین و دەرچوونی ئەنجامەکان، سەرکەوتووانی پرۆژەکە خەڵاتدەکرێن. گەورەترین خەڵاتی ئەمساڵی پرۆژەی ئەنتیتۆباکۆش ئۆتۆمبێلێک دەبێت کە لەلایەن زنجیرە مارکێتەکانی تیمارت کە سپۆنسەری سەرەکی پرۆژەکەیە، دابینکراوە.

د.مەتین دەڵێت ئامانجی پرۆژەی ئەنتیتۆباکۆ لە دانانی ئۆتۆمبێلێک وەک خەڵاتی یەکەم بۆ ئەوەیە بە بەشداربووان بڵێین ئێوە شایەنی خەڵاتی گەورەن.

هەرچەندە بەپێی گوتەی سەرپەرشتیاری ئەنتیتۆباکۆ "بەدەستهێنانی تەندروستبوونی خۆیان گەورەترین خەڵاتە کە بەشداربووان دەیبەنەوە".

سەبارەت بە قۆناخی پشکنینی بەشداربووانی پرۆژەکە، ژینۆ رەئوف، سەرپەرشتیاری پشکنینی بەشداربووانی کوردستانی ئەنتیتۆباکۆ دەڵێت دوای فلتەرکردنی بەشداربووان و هەڵبژاردنی ئەوانەی لە پێوەرە زانستییەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی دەرچوون، خرانە قۆناخی پشکنینەوە و لیژنەی پشکنین شار بە شار گەڕا تاوەکو بەشداربووانی پرۆژەکە بپشکندرێن. ژینۆ دەڵێت: "لە پشکنینی هەناسە و خوێنی بەشداربوواندا، وردەکاریی گرنگ سەبارەت بە وازهێنانی کەسەکە لە جگەرەکێشان دەزانین، ئەمەش پاڵپشتییەکی باش دەبێت لە هەڵبژاردنی ئەو 100 کەسەی کە خەڵاتەکە دەبەنەوە".

ژمارەی بەشداربووانی تاراوگە ئەمساڵ گەیشتە 320 کەس. سەوسەن عەبدوڵلا کە لە ئەڵمانیاوە سەرپەرشتیاری پشکنینی پرۆژەی ئەنتیتۆباکۆی دەکرد بۆ تاراوگەنشینان دەڵێت داوایان لە بەشداربووان کردووە لە نزیکترین سەنتەری پزیشکی پشکنینەکان بکەن و رەوانەی بکەن بۆ تیمی پشکنینی دەرەوەی وڵات، ئەوانیش بەپێی پێوەرە زانستییەکانی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی سەرکەوتووان هەڵدەبژێرن و دەینێرنەوە بۆ هەولێر.

سەوسەن عەبدوڵلا دڵخۆشە بەوەی "لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا بەشداریی جگەرەکێشەکان بە بەراورد بە ساڵی پار دووهێند بووە". داوا دەکات "بەردەوام بن و جگەرە بکوژێننەوە تاوەکو چرای داهاتوویان دابگیرسێنن".

رێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەمساڵ پاڵپشتییەکی زیاتری پرۆژەکە دەکات. سەرۆکی رێکخراوی تەندروستی جیهانی لە عێراق، سوپاسی تۆڕی میدیایی رووداوی کرد و بیرۆکەی پرۆژەکەی بە "نایاب" ناوزەدکرد. د.ئەدهەم رەشاد، سەرۆکی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە عێراق دەڵێت: "17 ساڵە لە رێکخراوی تەندروستی جیهانی کاردەکەم، بیرۆکەی وام نەبینیوە و بەڕاستی پێی سەرسامم".

سەرۆکی رێکخراوی تەندروستی جیهانی دەشڵێت ساڵی داهاتوو خۆم لە نزیکەوە بەدواداچوون بۆ هاوکاری و سەرپەرشتییە زانستییەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی دەکەم: "دەمانەوێت بە هەموو جیهانی بڵێین لەو هەرێمەی عێراق کاری سەرسوڕهێنەر دەکرێن".

ئەنتیتۆباکۆ زاراوەیەکی تەندروستیی جیهانییە و بە مانای "دژەتووتن" دێت، بیرۆکە و جێبەجێکردنی پرۆژەکە هی دێسکی تەندروستیی تۆڕی میدیایی رووداوە. لە ساڵی یەکەمدا زۆرتر لە 3500 کەس بەشداری پرۆژەکە بوون و وازیان لە جگەرەهێنا، ئەمساڵیش 9170 کەس بەشدارییان کردووە و ناویان بۆ وازهێنان لە جگەرەکێشان تۆمارکردووە. هەموویان بە قۆناخەکانی فلتەرکردن و پشکنیندا تێپەڕیوون، بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2018/12/24 رێوڕەسمی خەڵاتکردنی 100 بەشداربووەکە بەڕێوەبچێت.

**ژمارەی بەشداربووانی پرۆژەی ئەنتیتۆباکۆ:**

| | |
|---|---|
| کۆی گشتی بەشداربووان: | 9170 کەس |
| باشووری کوردستان: | 8117 کەس |
| رۆژهەڵاتی کوردستان: | 335 کەس |
| رۆژئاوای کوردستان: | 173 کەس |
| باکووری کوردستان: | 228 کەس |
| تاراوگە: | 320 کەس |

> سەرسامین بە بیرۆکەی پرۆژەی ئەنتیتۆباکۆ، سوپاس بۆ (رووداو)
>
> تەندروستی جیهانی

# بەر لە گەشتکردن، زیاتر لەسەر تەندروستیی فڕۆکەخانە بزانە

**رووداو – هەولێر**

فڕۆکەخانە، شوێنی هاتوچۆی ئاسمانیی هاووڵاتی و میوانانی وڵاتە. کە لە فڕۆکەخانەیت هەندێک خۆیان بۆ فڕین ئامادە کردووە و هەندێکیش بۆ نیشتنەوە. ئێمە لەوێین بۆ بەدوادچوونێکی تایبەت سەبارەت بە تەندروستیی فڕۆکەخانە و گەشتیارانی هێڵە ئاسمانییەکان.

لە گۆڕەپانی فڕۆکەخانەدا هاتوچۆ بەردەوام بوو، کەشەکە سارد و باراناوی بوو، بەڵام ئاسمان هێشتا رێگەی بە نیشتنەوەی فڕۆکەکان دەدا. ئەڵمانیش بیت دەبێت پابەندی رێساکانی فڕۆکەخانە نێودەوڵەتییەکەی پایتەختی کوردستان بیت، تورکیش بیت هەمان یاسا و رێسات لەسەر جێبەجێدەکرێن، فڕۆکەکان یەک بە دوای یەک بە سەرنیشینی زۆرەوە دەنیشتنەوە، نیشتنەوە لەسەر زەوییەک کە باران بە تەواوی تەڕی کردووە، دوای نیشتنەوە، خاڵی دەکرێن لە گەشتیاران.

هاوکات بە سیستمێکی تایبەت، هێنانەوەی جانتاکان دەستپێدەکات، کۆدەکرێنەوە و دەخرێنە سەر رێڕەوی دروستی خۆیان، بۆ ئەوەی رەوانەی بەشی پێشوازی فڕۆکەخانە بکرێن.

سەرنیشینەکانیش هێندرانە بەشی چێکی پاسپۆرتەکان، ئەوێ یەکەم بەرکەوتنی گەشتیاران و میوانەکانە لەگەڵ کوردستان. من بیرم لای ئەوە بوو چۆن لە یەکەم هەنگاودا رێگری بکەین لە گواستنەوەی نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان، چونکە هەندێک نەخۆشی هەن تەنیا بە تەوقەیەک دەگوازرێنەوە.

بیرم لەوە دەکردەوە پەنجەمۆر رەنگە هۆکاری گواستنەوەی نەخۆشی بێت، ئەگەر کەسێک هەڵگری ڤایرۆسێکی گوازراوە بێت، لەنێو فڕۆکەکە چووبێتە تەوالێت دەستی نەشۆردبێت، کە پەنجە دەخاتە سەر ئامێری پەنجەمۆر ڤایرۆسەکە بەجێدەهێڵێت و ژیانی گەشتیارەکەی دوای خۆی دەخاتە مەترسییەوە.

چێکی پاسپۆرتەکان بەردەوام بوو. ریزی گەشتیارانیش دوور و درێژ بوو کە دێنە ئەودیویش دەبێت چاوەڕێی هاتنەوەی جانتاکانیان بکەن، بەڵام من لەوێش بیرم لای تەندروستیی وڵات بوو، هیچ دوور نییە لەو وێستگەیەدا نەخۆشی بگوازرێنەوە.

لە قۆناخی دوای ئەوەدا بەرەو دەرگای سەرەکی دەرچوون بەڕێدەکەون، من پرسیارم هەیە، ئەگەر کەسێک تووشبووی نەخۆشییە گوازراوەکان بێت چۆن دەناسرێتەوە و چۆن رێگری لێدەکرێت؟

لە دەرگای گەیشتووان، ئامێرێک داندراوە ئەرکی ئەوەیە، تووشبووانی هەندێک نەخۆشی دەستنیشانبکات، ئەگەر کەسەکە پلەی گەرمی جەستەی لە ئاستی ئاسایی بەرزتربووبێتەوە ئامێرەکە دەستنیشانی دەکات و کارمەندەکە رایدەگرێت، پاشان بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیی فڕۆکەخانە زنجیرەیەک پشکنینی بۆ دەکەن بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەبارەی نەخۆشەکە بدەن.

لە راستیدا ئەمە قۆناخێکی گرنگە لە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکانی گەشتیار و میوانان، لەوێ فلتەرێکی بەهێزی زانستی بڕیاردەدات کێ پشکنینی پزیشکی بۆ بکرێت بەر لەوەی رێگە بدرێت تێکەڵی کۆمەڵگەی کوردستان بێت.

بە ئاراستەی پێچەوانەش هاووڵاتیان دەهاتنە نێو فڕۆکەخانە بۆ ئەوەی گەشت بکەن، بەڵام هەندێکیان دەبێت بە فلتەرێکی پزیشکیدا تێبپەڕن بۆ ئەوەی دڵنیابنەوە لەوەی تەندروستی گەشتیارەکە رێگە بە فڕینی بەرەو ئاسمان دەدات، ئەوەی ئەم بڕیارە دەدات کلینیکەکەی تێرمیناڵە.

لەوێ پزیشک و پەرستاران رێکارە پزیشکییەکان دەگرنە بەر و بڕیاری کۆتایی لای ئەوانە.

من لەوێ بووم خانمێک هات، تیمی پزیشکی دەیانەوێت دڵنیابنەوە لەوەی دەتوانێت گەشت بکات یاخود نا، پشکنینە کلینیکییەکانیان بۆ کرد و پاشان بڕیاری کۆتاییان دا. دوو منداڵی گەشتیار هێندران، پزیشکان بڕیاری فڕینی منداڵەکانیشیان لەسەر شانە، هەم ئەرکە و هەم بەرپرسیارییەتی.

من لەوێم و خانمێکی گەنج بەرەو کلینیکەکە هات، قسەم لەگەڵی کرد، دەرکەوت کوردێکی خەڵکی سلێمانییە و لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە، دووگیانە و دەبێت دڵنیابنەوە لەوەی تەندروستی رێگەی فڕینی پێدەدات، فڕینی ئەو فڕینی دوو جەستەیە، دەبێت هەردووک جەستەکە و رۆحەکانیان بە سەلامەتی لە ئەڵمانیا بنیشنەوە، بانە دەڵێت دەیەوێت لە ئەڵمانیا منداڵەکەی لەدایکببێت.

دوای پشکنین و شیکارییە پێویستەکان، بڕیاری رێگەپێدان بۆ بانە دەرچوو، بە دڵخۆشییەکی زۆرەوە بەڕێکەوت.

کارمەندێکی یەکێک لە هێڵە ئاسمانییەکان هات، دەڵێت هەست بە بێهێزی و سەرسوڕان دەکات، ئەگەر چارەسەرنەکرێت ناتوانێت کاری گەشتیاران بە باشی رایی بکات، ئەرکی کلینیکەکەی تێرمیناڵە ئەمە یەکلابکاتەوە. بە هەمانشێوە پشکنینە پزیشکییەکانی بۆ کران و چارەسەری پێویستی وەرگرت، دوای کاژێرێک سەرێکم لە شوێنی کارکردنی دا، گوتی زۆر باشم و خەریکی کارم.

لەدوای ئەو قۆناخە جانتاکانیان رەوانەدەکرێن و خۆشیان دەبێت بە پشکنینی دیکەدا تێبپەڕن، هەمووان بەنێو ئامێرێکدا تێدەپەڕین، خۆیان و کەلوپەلەکانیشیان دەپشکندران، تیشکی X_rey رێگە لە تێپەڕینی ئەو کەلوپەلانە دەگرێت کە رێگەپێنەدراون، بەڵام تۆبڵێی ئامێرەکە کاریگەری تەندروستی خراپی بەسەر گەشتیاران و کارمەندەکانی ئێرەوە نەبێت؟

بەدواداچوونێکی وردم بۆ کرد، ئەوەی چنگم کەوت ئەوەبوو کە تیشکەکە بە تەواوی کۆنترۆڵکراوە و نە گەشتیار و نە کارمەندی ئێوە تیشکەکەیان بەرناکەوێت، ئامێرەکانی دیکەی پشکنینیش دەنگین و کاریگەری خراپیان نییە.

خۆراک لە فڕۆکەخانە هەیە، تامداریشە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەک دروست و سوودبەخشە؟

د.میران قادر کە پزیشکی کلینیکەکەی تێرمیناڵە دەڵێت وا باشترە دوو کاژێر پێش فڕین خۆراک بخورێت، ئەو پێی باش نییە گەشتیاران بە سکی برسییەوە بێنە فڕۆکەخانە: "لێرە زۆر دەخۆن و لەنێو فڕۆکە تووشی کێشە دەبن".

تاکە شوێنی نێو فڕۆکەخانەکە من دوژمنداریم لەگەڵی هەیە، شوێنی جگەرەکێشانە، هەرچەندە بە شێوازێکی سەردەمییانە رێکخراوە، بەڵام ئەمە هیچ لەوە ناگۆڕێت کە شوێنێکە بۆ سووتاندنی هەناو و هەناسەی مرۆڤ.





دلاوەر عەلائەددین
سەرۆکی ئینستیتیوتی مێری

# بڕیاری ترەمپ و ئەگەرەکانی بەردەم رۆژئاڤا

بە بڕیارێک و چەند تویتێکی لەناکاو، دۆناڵد ترەمپ نەک تەنیا زەلکاوەکەی سووریا و ناوچەکەی شڵەقاند، بەڵکو تەواوی دامەزراوەکانی حوکمڕانی وڵاتەکەشی هەژاند و خۆشی خستە بەر هەڕەشەی فشاری ناوەکی و دەرەکی. لەوانەیە، خەڵک و سیاسەتمەدارانی کوردی سووریا ئومێد لەسەر ئەو فشارانە هەڵچنن، بەڵام نەخێر، ئەگەری گۆڕینی بڕیارەکان زەحمەتە. ترەمپ زۆر لەوە سەرسەختترە کە خۆی تووشی شەرمەزاریی پەشیمانبوونەوە بکات. تەنانەت، رێگەی لەوەش گرتووە کە بەرپرسەکانی پێنتاگۆن فێڵی نوێ بدۆزنەوە بۆ خاوکردنەوەی کشانەوەی هێزەکان.

بۆیە، تەنیا ئومێدێک کە لە ئارادابێ بۆ کوردی سووریا ئەوەیە بە هەوڵی خۆیان و دۆستەکانیان ئەڵتەرناتیڤێکی مامناوەندی بهێننە ئاراوە.

دۆناڵد ترەمپ، وەک سەرۆک، دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە سەرجەم فشارەکان پشتگوێ بخات. خۆشی دوور لە سۆز و بەها ئەخلاقیەکان، زیاتر گوێی لەوەیە ئایا تورکیا ئامادەیە لەجیاتی مووشەکی رووسیی زەمین- ئاسمانی S400، مووشەکی پاتریۆتی ئەمەریکی بە بەهای زیاتر لە سێ ملیار دۆلار بکڕێ. دەشزانێ کە دەنگدەرەکانی (بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی) گرنگی بە کەمکردنەوەی خەرجیە دەرەکیەکان و گەڕاندنەوەی لەشکرەکەیان بۆ ناوماڵ دەدەن، نەک شەڕی داعش یان پاراستنی چارەنووسی هاوپەیمانێکی ناحکومی لە وڵاتێکی بیانی.

بۆیەش، لە پەیوەندیە تەلەفۆنیەکەدا، سەرۆک ترەمپ وەک بزنسمانێکی خراپ هاتە پێش. سەرۆک ئەردۆگان میچی داواکارییەکانی بایی ئەوەندە بەرزکردبووەوە کە خۆشی بڕوای نەبوو ترەمپ بێ دوودڵی پێیان رازی بێ، وای دانابوو کە لە ناوەڕاستدا یەکتر دەگرنەوە و ترەمپ داوای سەبرگرتن و دواخستن یان رێککەوتنی دیکەی لێ بکات. کەچی ترەمپ ئەردۆگانیشی تووشی شۆک کرد لەوەی کە، بە پێچەوانەی راوێژی راوێژکارەکانی، بە هەموو داواکارییەکان رازی بوو. تەنانەت ئەردۆگان ترسی لێ نیشت و ئامۆژگاری ترەمپی کرد لەوەی کە کشانەوەکە نابێ لەناکاو بێ. دیارە تورکیاش هێشتا ئامادە نییە وا زوو هێرش بکاتە سەر رۆژئاڤا. بێگومان ئەوەش وا دەکات کە تورکیا پەلە لە ئامادەباشیی سەربازی بکات، بەڵام مانای ئەوە نییە کە جارێ وازوو هێرش دەکات. هاوکات، رەنگە سیاسەتی تورکیا ئەوە نەبێ کە هەتا قووڵاییەکی زۆر هێزەکانی پەیەدە بڕەتێنێ، بەڵکو تەنیا بە قووڵایی 20 هەتا 30 کیلۆمەتەر زنجیرەیەکی سنووری داگیر بکات و بە هاوکاریی (لەشکری سووریای ئازاد) ئیدارەیەکی هاوشێوەی عەفرین دابمەزرێنێ و پەناهەندەکانی ناو تورکیا بگەڕێنێتەوە ناو سووریا. ئەوجا لە گفتوگۆیەکانی لەگەڵ ئێران و رووسیا بۆ نەخشەکردنی ئایندەی سووریا رۆڵی بڕیاردەرێکی سەرەکی ببینێ. ئەوەش بێجگە لەوەی دەتوانێ گورزێکی مەزن لە پەیەدە بدات و لەنێو دوو بەرداشی هێزی تورکی لە باکوور و هێزەکانی داعش و رژێمی سووریا لە باشوور، بیگوشێ و زۆربەی خاک و سامانەکانی ناوچەکەیانی لەدەست دەربێنێ.

بێگومان ئێران و رووسیا و رژێمی ئەسەد بە دەرئەنجامی ئەو کارانە سوودمەندن، چونکە دەمێکە هەرسێکیان کەمپەینیان بۆ وەدەرنانی ئامەریکا لە سووریا کردووە، بەڵام چاوەڕوان نەبوون کە تورکیا وا بە ئاسانی بەدیاری بۆیانی مسۆگەر بکات. ئەگینا، هیچکام لەو سێ لایەنە لە دژی هێزە کوردیەکان نەبوونە. هەرسێک لەوانەش جیددیترن لە شەڕی داعش بە بەراورد لەگەڵ تورکیا، چونکە دەزانن ئەو پازدە هەزار شەڕکەرەی داعش کە لە دیوی سووریا ناوچەکانیان لەدەستداوە، دەتوانن بەخێرایی ناوچەکانی وەک رەققە داگیر بکەنەوە. ئەوەش دەرگایەک بەکراوەیی بەجێدەهێڵێ بۆ ئەوەی هێزی سووریای دیموکرات (هەسەدە) روو بکاتە ئەو سێ وڵاتە و دەست بە گفتوگۆی چارەنووسساز بکات. بێگومان ئەوەش باجی خۆی هەیە و هەسەدە مەجبوور دەکات کە چارەنووسی هەتا ئایندەیەکی نادیار بە رژێمی ئەسەدەوە ببەستێتەوە.

لێرەدا، پێویستە ئاماژە بە رۆڵی ئەوروپیەکان بکرێت. ئەوانە نزیکترین دراوسێی ناوچەکەن کە ئامانجی هیجرەتی پەنابەران و لەگەڵیشیاندا ئامانجی تێرۆریستانن. بۆیەش ترسیان لەوەیە کە بە ئاڵۆزبوونی بارودۆخ و دواتر سەرهەڵدانەوەی داعش، دیسانەوە ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەران روو لە ئەوروپا بکەن. دەشترسن کە ئەو هەزاران شەڕکەرەی داعش کە لە بنەڕەتەوە ئەوروپایین و لە ناوچەکەدا قەتیس ماون، یان لای پەیەدە زیندانین، دەرفەتی ئازادبوونیان دەستکەوێ و بگەڕێنەوە ئەوروپا. بەریتانیا و فەرەنسا بە ئاشکرا نیگەرانیی خۆیان لە بڕیارەکەی ترەمپ دەربڕیوە، بەڵام هێشتا نزیک نین لە بڕیارێک بۆ ئەوەی هێزی وڵاتەکانیان بنێرنە سووریا و بۆشایی هێزی ئەمەریکی پێ پڕ بکەنەوە. ئەوروپاییەکان هەتا ئێستا باجی سیاسەتەکانی ئەمەریکایان داوە بەبێ ئەوەی خۆیان بتوانن رۆڵی رابەر لە سیاسەتی ناوچەکەدا ببینن. دامەزراوەکانی یەکێتی ئەوروپا بە شێوازێک دروستکراون کە نەتوانن سیاسەتی دەستێوەردان یان هەنگاوی لەشکرکێشی بهاوێن، بۆیە رۆڵەکە بۆ ئەندامە گرنگەکانی یەکێتی ئەوروپا ماوەتەوە. ئەوان دەتوانن رێگە لە سەرهەڵدانی شەڕێکی قورسی نێوان هاوپەیمانێکی ستراتیژی وەک تورکیا (ئەندام لە ناتۆ) و هاوپەیمانێکی تاکتیکیی لۆکاڵی (دژ بە داعش) بگرن. ئەوەش مانای وانییە کە تورکیا بە قسەیان دەکات، بەڵام توانای فشاری نەرمیان لەسەر هەیە.

جا لەو نێوەدا، ئایا کوردی رۆژئاڤا چی بکەن؟ جارێ زووە کاردانەوەی نێگەتیڤ بەرامبەر ئەمەریکا نیشان بدەن، یان تۆمەتی خیانەتیان بدەنە پاڵ، چونکە پرۆسەی بڕیاردان لە ئەمەریکا ئاڵۆزە و رۆژگاریش هێشتا زۆری پێوە ماوە. بە واتایەکی دیکە، لەوکاتەی کە ئامادەباشی بۆ رۆژی رەش دەکەن، هەوڵی کردنەوەی دەرگای زیاتر یان ئەلتەرناتیڤ بدەن.

شاراوە نییە کە لە رابردوودا کوردی رۆژئاڤا لە پاراستنی پارسەنگی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ رۆژهەڵات و رۆژئاوا سەرکەوتوو بوونە. لە چوارچێوەی شەڕی داعشدا، لە یەک کاتدا پەیوەندی باشیان لەگەڵ ئەمەریکا و ئەوروپا و سعودیە و ئێران و رووسیا و رژێمی ئەسەد هەبووە، بەبێ ئەوەی لە هەناودا متمانەی هاوبەش لەگەڵ هیچکام لەوانە پەیدا بووبێ. ئەو دەرەنجامەی ئێستا بۆ کورد هەموو کاتێک پێشبینیکراو بووە. هاوکات، هیچکام لە هێزە جیهانیەکان پەیوەندیەکانیان لەگەڵ هەسەدە نەپچڕاندبوو. ئێستاش، دیارە کە گفتوگۆی راستەوخۆ لەنێوان هەسەدە و تورکیا کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو بەلای تورکیاوە مەحاڵە. بەڵام لە دوای کشانەوەی ئەمەریکا، رەنگە ئێران و رووسیا ئامادەبن پشتگیری لە کوردی رۆژئاڤا بکەن بە مەرجێک لەگەڵ رژێمی ئەسەد رێکبکەون. ئیمڕۆ کاتی بیرکردنەوەی چڕو پڕ و زیادکردنی دۆست و کەمکردنەوەی نەیارە، سەرکردەکانی رۆژئاڤا زیاد لە هەموو کاتێک پێویستیان بە حیکمەت و هونەری لۆبیکردنە.



هۆگر ئیبراهیم حەکیم
ماستەر لە زانستە سیاسییەکان

# سووتانی کارتەکانی گوشار لە هاوکێشە نوێیەکانی بەرژەوەندیدا

هەموو ئەو کۆمەڵگەیانەی فرەئەکتەرن و پەیوەندییەکان تێیاندا ئاڵۆز و پڕ کێشەیە، جەنگ و ململانێ تێیاندا دۆخێکی نادیار وەردەگرێ بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئامانج و ئامرازی ئەکتەرەکان. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرەرای ئەوەی ئەکتەرە گەورەکانی دیارن، بەڵام لە هەمان کاتدا پڕە لە ئەکتەری بچووک کە بەجۆرێک لە جۆرەکان پەیوەستن بە ئەکتەرە گەورەکانەوە. سەرەڕای ئەوەی هەندێ لەو ئەکتەرە بچووکانە لە هەناوی ئەکتەرە گەورەکانەوە دروستبوونە یان بە پاڵپشتیی یەکێک لەو ئەکتەرە بالایانە دروستبوونە، بەڵام هەندێ کات جووڵەی ئەکتەرە بچووکەکان پێچەوانەی بەرژەوەندیی ئەکتەرە گەورەکانە، ئەو جووڵەیەی پێچەوانەی شەپۆلی بەرژەوەندییەکان بێت، گەورەترین زیان لە پێگەی ئەکتەرە بچووکەکان دەدات.

ژینگەی نێودەوڵەتی لە سەقامگیرترین دۆخیدا کۆمەڵێک هاوکێشەی ئاڵۆزی پڕ لە ململانێی تێدایە کە سروشتی جەنگێکی لەسەرخۆی وەرگرتووە. ئەگەر دوو ئەکتەری زلهێز هەردوو جەمسەری جەنگە لەسەرخۆیەکەیان گرتبێ، ئەکتەرە بچووک و لاوەکیەکان لە خوارەوە خەریکی جۆرێک لە جەنگ دەبن کە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا پێی دەڵێن جەنگی بە وەکالەت، یان "Proxy war"، ئەوانیش جۆرێک لە بەرژەوەندیی لاوەکی بۆخۆیان دروست دەکەن کە لەپاڵ بەرژەوەندیە باڵاکەی ئەکتەرە زلهێزەکاندا هەوڵ دەدەن بگەنە ئامانجە تایبەتەکانی خۆیان، بەڵام پێویستە ئاراستەی بەرژەوەندیەکە هەمان ئاراستەی بەرژەوەندیی زلهێزەکانی هەبێت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت. ئەوەی لێرەدا پێویستە بپرسین، پێگەی ئەکتەرە بچووکەکان لەو جەنگە لەسەرخۆیانەدا چییە؟ ئایا دەرفەتی بەردەوامبوونیان هەیە؟

لەگەڵ ئاڵۆزبوونی هاوکێشەکان رۆڵ و پێگەی ئەکتەرە بچووکەکانیش ناڕوونتر دەبێت، بەتایبەت ئەگەر زیاد لە هێزێکی گەورە خەریکی ململانێ بن، لەهەمان کاتدا کۆمەڵێک ئەکتەری هەرێمی پێگە مامناوەندیش جووڵە و ئاراستەی تایبەتی خۆیان هەبێت. لە دۆخێکی ئاڵۆزی لەو شێوەیەدا ئەکتەرە بچووکەکان دەبنە کارتی گوشار بەدەست زلهێزەکانەوە کە بەرامبەر یەک بەکاری دەهێنن. فرەیی کارتەکانی گوشار و سەقامگیرنەبوونی ئەکتەرە بچووک و مامناوەندەکان دەبێتە هۆی ئەوەی تەمەنی جەنگە لەسەرخۆیەکان درێژتر بێت، لەدۆخی بەردەوامیی ئەم جۆرە جەنگەشدا ستراتیژی بەشێک لەلایەنەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بۆیە زۆرجار بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ستراتیژی نوێ، کارتەکانی گوشاریش گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەشێک لە ئەکتەرەکان ناچارن بەشێک لەکارتەکانی بەردەستیان بسووتێنن لەبەر دوو هۆکار: یەکەم، بەشێک لەو ئەکتەرە بچووکانە رۆڵێکی کاتییان هەیە و چیتر لەچوارچێوەی هاوکێشەکەدا جێگەیان نابێتەوە، ئەو ئەکتەرانەی لەسەر شێوەی گروپی چەکدارین لە نموونەی ئەو ئەکتەرانەن کە بۆ ماوەیەکی کاتی دروستبوونە. دووەم، زلهێزەکان بەشێک لە کارتە بێکارەکانی بەردەستیان لەناو دەبەن بۆ ئەوەی لەکۆی هاوکێشەکەدا نەبنەوە بە کارتی گوشار لەسەریان، هێز و گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان لە نموونەی ئەو ئەکتەرانەن.

لێرەدا دووبارە دەکەوینە بەردەم پرسیارێکی جەوهەری، چ جۆرە ئەکتەرێک زیاتر ئەگەری ئەوەی هەیە وەک کارتێکی گوشار لەناوبچێت؟ ئایا ئایندەی هێزە بچووکەکان بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕوات؟ کۆمەڵێک فاکتەر هەن کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەوەی ئەکتەرەکان ببنە کارتی گوشاری کاتی یان کارتی گوشاری بەردەوام، لەوانە: یەکەم- پێگەی جیۆپۆلیتیکی ئەکتەرە بچووکەکان، بەتایبەت ئەکتەرە نادەوڵەتەکان، چونکە هەندێ پێگەی جیۆپۆلیتیکی هەیە دەکەوێتە چوارچێوەی ستراتیژیەتی درێژخایەنی ئەکتەرە زلهێزەکانەوە، بۆیە دەبینین زۆرجار بەردەوامبوونی بەشێک لە ئەکتەرە بچووکەکان بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و باڵادەستیەتی بەسەر ئەو ناوچەیەدا.

دووەم- دونیابینی ئەو ئەکتەرە بچووکانە، تێڕوانینی ئەکتەرەکان بۆ سروشتی هاوکێشەکان رۆڵی هەیە لە بەردەوامبوونیان، چەندە بتوانێ خوێندنەوەی دروست بۆ هاوکێشەکان بکات، ئەوەندە زیاتر دەتوانێ خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بگونجێنێ و بەم شێوەیە بەردەوام بێت.

ئەگەر بە وردی بڕوانینە رووداوەکانی دوای جەنگی سارد، دەبینین لەو کاتەوە جەنگی بە وەکالەت فۆرمێکی تازەی وەرگرتووە و ئەکتەرە بچووکەکان زووتر دەتوێنەوە، بەهۆی لاوازیی بەشێک لە ئەکتەرە گەورەکان. بەڵام دوای رووداوەکانی بەهاری عەرەبی، ئەگەرچی جەنگ فۆرمێکی توندوتیژی وەرگرت و بە سەدان هەزار مرۆڤ بوونە قوربانی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەکتەرە لاوەکییەکان روویان لەزیادبوون کرد، بە تایبەت لە سووریا و عێراق. لەدوای جەنگی ساردەوە ئاڵۆزترین هاوکێشە لە پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکاندا پرسی سووریا و عێراق بوونە، بەشێوەیەک کە فۆرمی ئەکتەرە بچووکەکانیش گۆڕانکاری ریشەیی بەخۆیەوە بینیوە، بەشێک لەو ئەکتەرانە بوونەتە کارتی گوشار بەدەست زیاتر لەلایەنێکەوە و لە زیاتر لە گەمەیەکدا بەشدارن، ئەم دۆخە ئایندەیەکی ناڕوونی بە بەشێک لەو ئەکتەرانە بەخشیوە، بەتایبەت ئەوانەی فۆرمی گروپی چەکداریان هەیە و دەستیان بەسەر ناوچەیەکی جوگرافیدا گرتووە، هەمیشە لەدانوستاندن و نزیکبوونەوەدان لە هێزە گەورەکان، ئەمانە دەبن بەو کارتەی کە دەسووتێن. ئەگەر لەم گۆشەیەوە بڕوانینە پرسی کورد لە سووریا، دەبینین جگە لەوەی کورد لە سووریا خۆی ئەکتەرێکی بچووکە لەکۆی هاوکێشەی جەنگە لەسەرخۆیەکەدا، لەهەمان کاتدا ئەوانیش بەسەر کۆمەڵێک ئەکتەری لاوەکیی دیکەدا دابەشبوونە، ئەم دابەشبوونەش بەپێی بەرژەوەندیی هێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکانە، بۆیە دەبینین لە چەند وێستگەیەکی گۆڕانکارییەکاندا بوونەتە قوربانی و وەک کارتێکی گوشار بەدەستی لایەنێکی باڵاتر سووتێنراون، پرسی عەفرین دیارترین نموونەیە، کەوتنی عەفرین و بەشێکی زۆری ناوچە کوردنشینەکان پەیوەست بەجۆرێک لە نزیکبوونەوەی هێزە باڵاکانی ئەم گەمە لەسەرخۆیەیە. لەبەرامبەر ئەمەدا هەندێ ئەکتەر ئەم دۆخە ستانداردەیان شکاندووە و توانیویانە پارێزگاری لەپێگەی خۆیان بکەن ئەگەرچی لە قۆناغێکدا کارتی گوشار بوونە.

ئەگەر رۆژئاوای کوردستان بە نموونە وەربگرین دوای نەمانی داعش و ئاڵۆزبوونی هاوکێشە سیاسی و هەرێمییەکان، دەبینین ئایندەیەکی ناڕوون چاوەڕوانی ئەو پارچەی کوردستان و هێزە کوردییەکانی سووریا دەکات، بەتایبەت دوای ئەوەی هەر یەکێک لەو هێزانە لەماوەی رابردوودا ببوونە کارتی گوشاری دەوڵەتێکی گەورە بەرامبەر ئەوانی دیکە. لە دواهەمین پێشهاتیشدا پرسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە رۆژئاڤا دەرگای سیناریۆ هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان واڵا دەکات، بەشێوەیەک کە خاڵی هاوبەشی نێوان سیناریۆکان ئەوەیە کوردی رۆژئاڤا وەک کارتێکی گوشار خەریکە دەکرێنە قوربانیی هاوکێشەیەکی نوێی بەرژەوەندیی نێوان هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەگەری روودانی سیناریۆی دیکە نەبێت. راستییەکی تاڵ هەیە، ئەویش ئەوەیە کە کورد چ لە عێراق و چ لە سووریاش بۆ ئەوەی هەمیشە وەک بەشێکی زیندووی نێو هاوکێشەکان بمێننەوە، دەبێ لەسەر ئەرزی واقع هێزێکی شەڕکەری باشیان هەبێ و دەسەڵاتداریی خۆیان بەسەر خاکێکی دیاریکراودا نیشان بدەن. لەدەرەوەی ئەو هاوکێشەیە کورد وردە وردە دەبنە ئەو کارتەی کە بۆ بەرژەوەندیی باڵاتر بسووتێن.



د. نەوزاد هێتوتی

# کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا: هۆکار و لێکەوتەکانی

دۆناڵد ترەمپ، بە تویتێک لە 19ی کانوونی یەکەمی 2018 دا بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا دا. ئەم بڕیارە لەناکاو و چاوەڕواننەکراوەی ترەمپ، زۆربەی بەرپرسانی ئەمریکا، چاودێرانی سیاسی و دۆست و نەیارەکانی، تووشی جۆرێک لە سەرسوڕمان کرد. بەتایبەتی ئەم گۆڕانە بەپەلەیەی سیاسەتی ئەمریکا، بەپێچەوانەی زۆربەی لێدوان و بۆچوونەکانی بەرپرسانی ئیدارەی ترەمپە کە جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد، هێشتا کاتی کشانەوە لە سووریا نەهاتووە.

لەم رووەوە، جۆرێف دانفۆرد سەرۆک ئەرکانی هاوبەشی هێزەکانی ئەمریکا، لە 6ی کانوونی یەکەمی 2018 دا ئاماژەی بەوە کرد کە هێشتا رێگەیەکی دوور و درێژ ماوە بۆ چەسپاندنی سەقامگیری لەو ناوچانەی لەژێر کۆنترۆڵی هاوپەیمانەکانی ئێمەدان و هێزکانی سووریای دیموکرات HSD کە بڕیار وایە ئەرکی پاراستنی ئاسایش لە ئەستۆ بگرن، تەنیا 20%ی راهێنانیان تەواو کردووە. بە هەمان ئاراستەش، جۆن بۆڵتن راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و جیم جێفری نوێنەری تایبەتی ئەمریکا لە سووریا، لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا، زیاتر لە جارێک جەختیان لەسەر ئەوە کردووە کە مانەوەی هێزی سەربازیی ئەمریکا لە سووریا پەیوەستە بە سێ خاڵی سەرەکییەوە: تێکشکاندنی داعش، سەقامگیرکردنی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی HSD و ئیحتیواکردنی ئێران و دەرکردنی میلیشیاکانی لە سووریا.

کەواتە، بۆچی لە کاتێکدا ئەمریکا هیچکام لەو ئامانجانەی سەرەوەی دەستەبەر نەکردووە، بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا دەدات؟ هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم بڕیارەی ترەمپ لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟ لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی ئەم بڕیارە چی دەبن؟ کورد و بەتایبەت رۆژئاوای کوردستان لەم هاوکێشەیەدا چییان بەسەردێت؟

وێڕای ئەوەی کە زۆربەی بەرپرسانی ئیدارەی ترەمپ، لەوانە وەزیری بەرگری، وەزیری دەرەوە و راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی لەگەڵ ئەم بڕیارە بەپەلەیەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا نین، بەڵام زۆر هۆکار هەن بۆ ئەم بڕیارەی ترەمپ.

یەکێک لە فاکتەرەکان پەیوەندی بەو بۆچوونەی ترەمپەوە هەیە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکات ئەمریکا پارەیەکی زۆری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خەرج کردووە و چیتر ئامادە نییە بێ بەرامبەر ئاسایشی دەوڵەتانی ناوچەکە بپارێزێت. ترەمپ لە 20ی کانوونی یەکەمی 2018 دا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە چیتر ئەمریکا رۆڵی پۆلیس لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نابینێ و کاتی ئەوە هاتووە ئەو پارەیەی کە ئەمریکا لەو ناوچەیە خەرجی دەکات، بۆ بووژاندنەوەی ئابووریی ئەمریکا خەرج بکرێت. لەلایەکی تریشەوە، ترەمپ پێیوایە کە لەناوبردنی داعش تەنیا ئەرکی ئەمریکا نییە، کاتی ئەوە هاتووە دەوڵەتانی ناوچەکە خۆیان ئەم ئەرکە لەئەستۆ بگرن. لەگەڵ ئەوەشدا ترەمپ دەیەوێت بە خەڵکی ئەمریکاش بڵێت کە پابەندە بە بەڵێنەکانی کەمپینی هەڵبژاردن لەبارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە.

بەهەمان ئاراستە، دەکرێت هۆکارێکی تر، پەیوەندی بە هەڕەشەکانی تورکیاوە هەبێت لە رۆژئاوای کوردستان. لە پەیوەندیی تەلەفۆنی نێوان ئەردۆغان و ترەمپدا لە 14ی ئەم مانگە، پێدەچێت تێگەیشتنێک دروست بووبێت بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا. بەپێی هەندێک سەرچاوەش، تورکیا بەڵێنی بە ترەمپ داوە کە لە جیاتی هێزە کوردییەکان شەڕی داعش لە سووریا بکات. هەروەها ترەمپ مەبەستێتی لە رێگەی ئەم بڕیارەوە، تورکیا لە رووسیا دووربخاتەوە و گرێبەستی کڕینی مووشەکی ئێس 400 ی رووسی هەڵبوەشێنێتەوە. لەلایەکی تریشەوە، دەیەوێت تورکیا یارمەتی ئەمریکا بدات لە پرسی سەپاندنی گەمارۆکانی سەر ئێران.

بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع، ئەم بڕیارە بەپەلەیە و بەتایبەت لەم کاتەدا، ئەنجامی پێچەوانەی خواستەکانی ترەمپی دەبێت و کێشە و گرفتی گەورە بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دروست دەکات و بەرژەوەندییەکانی رووبەڕووی مەترسیی راستەقینە دەکاتەوە کە دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان بکەم:

یەکەم: ئەم بڕیارەی ترەمپ بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەبێتە هۆی بەهێزکردنی رووسیا و رژێمی ئەسەد و دەستیان کراوە دەکات لە کۆنترۆڵکردنی تەواوی خاکی سووریا بە ناوچە کوردییەکانیشەوە. رووسیا و رژێمی ئەسەد دەبنە تاکە هێزی بڕیاردەر لەڕووی سەربازی و سیاسییەوە لەو وڵاتەدا و ئەمەش وا دەکات رژێمی ئەسەد هیچ سازشێک بۆ چارەسەری ئاشتییانەی قەیرانی سووریا پەسەند نەکات.

دووەم: بە دەرچوونی ئەمریکا، ئێران و ئەو میلیشیایانەی پاڵپشتییان دەکات، پێگەیان بەهێزتر دەبێت. ئەمە لەکاتێکدایە کە یەکێک لە پایەکانی ستراتیژی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بریتییە لە ئیحتیواکردنی ئێران. جیم جێفری نوێنەری تایبەتی ئەمریکا بۆ سووریا، لە چەندین بۆنەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە میلیشیاکانی ئێران لە سووریا مەترسین لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا. هەربۆیە تا ئەو میلیشیایانە دەردەچن، ئەمریکا لە سووریا دەمێنێتەوە. بۆیە گومانی تێدا نییە کە بە دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا، پێگەی میلیشیاکانی سەر بە ئێران بەهێزتر دەبێت و دەستیان کراوە دەبێت بۆئەوەی هەڕەشە لە ئاسایشی ئیسرائیل بکەن. لەلایەکی تریشەوە، میلیشیاکانی هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ناوچە سنوورییەکانی سووریا لەگەڵ عێراق دەدەن. ئەمە لەکاتێکدایە کە زۆربەی سنوورەکانی عێراق لەژێر کۆنترۆڵی ئەو میلیشیایانەدایە. ئەمەش رێگە خۆش دەکات بۆ دروستکردنی ئەو کۆریدۆر و هیلالی شیعەیەی کە ئێران خەونی پێوە دەبینێ.

سێیەم: کشانەوەی ئەمریکا، دەبێتە هۆی دووبارە بەهێزبوونەوەی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکان، بە تایبەت لە ناوچە سنوورییەکانی عێراق و سووریادا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هێشتا داعش لە سووریا بەتەواوەتی تێکنەشکاوە و لە عێراق چالاکی و جموجوڵی هەیە، ئەم بڕیارەی ترەمپ دووبارە بۆشاییەکی گەورەی سیاسی و ئەمنی دروست دەکات، تەنانەت بەدوور نابینرێت کە سیناریۆی هاوشێوەی رووداوەکانی 2014 رووبدات و داعش رووبەرێکی فراوان لە خاکی سووریا و عێراق داگیر بکات.

چوارەم: کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا تەگەرەیەکی گەورە دەخاتە بەردەم سیاسەتەکانی لە عێراق. بەتایبەت کە ئێستا ئەمریکا هەوڵەکانی خۆی چڕکردووەتەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەژموون و کاریگەریی ئێران لە عێراق و ناوچەکەدا و لەڕێگەی گەمارۆی ئابوورییەوە هەوڵی پەکخستنی تواناکانی ئێران دەدات. بەڵام دەرچوونی ئەمریکا لە سووریا و بەهێزبوونی ئێران لەم وڵاتە، کاریگەریی راستەخۆی دەبێت لەسەر بەهێزبوونی پێگەی ئێران و هاپەیمانەکانی لە عێراقدا. ئێران بە هاوکاریی دۆستەکانی هەوڵی دەرکردنی ئەمریکا لە عێراقیش دەدات. ئەمە بەدەر لەوەی کە ئەمریکا بەو سیاسەتەی ئێستای متمانەی لای زۆربەی هاوپەیمانەکانی لاواز دەبێت و کوردی سووریاش پاڵ دەنێت بۆئەوەی بە یەکجاری بچنە پاڵ ئێران و رژێمی ئەسەد.

# ترەمپ گورزێک لە "متمانەکردن بە ئەمریکا" دەدات


بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ماوەی 100 رۆژدا جێبەجێ دەکرێ

**رووداو- هەولێر**

هەفتەی رابردوو دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا بڕیاری دا هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا بکشێنەوە و کۆتایی بە چوار ساڵ هەڵمەتی دژی داعش لەو وڵاتە بهێنن. دوو رۆژ دوای بڕیارەکەش وەزیری بەرگریی ئەمریکا دەستی لەکارکێشایەوە. شارەزایان ئەم هەنگاوە بە گۆڕانێکی گەورە لە ستراتیژی ئەمریکا لە ناوچەکە دەزانن، هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ناوچەکە، لەوانەش کورد، بە نیگەرانییەوە چاوەڕێی ئاکامە مەترسیدارەکانی بڕیارەکەی کۆشکی سپی دەکەن.

سەرۆکی ئەمریکا لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا رایگەیاند: "ئێمە لە شەڕی داعشدا سەرکەوتین". لە کاتێکدا ئەمە پێچەوانەی لێکدانەوە و بۆچوونی ژەنەراڵ و راوێژکارە سەربازییەکانی ئەمریکایە. بەپێی دوایین راپۆرتەکانی پێنتاگۆن، داعش 10 بۆ 15 هەزار چەکداری لە سووریا هەیە و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆشاییەکی سەربازی و ئەمنی دروستدەکات کە داعش دەتوانێ بۆ خۆکۆکردنەوە و هێرشی چەکداری بەکاری بهێنێ. فەرەنسا، ئەڵمانیا و بەریتانیا دوای بڕیارەکەی ترەمپ رایانگەیاند کە داعش کۆتایی نەهاتووە.

بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی، ژەنەراڵ جۆزێف ڤۆتێل، فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندیی هێزەکانی ئەمریکا و برێت مەکگۆرک، نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانی دژی داعش کە رۆژی شەممە دەستی لەکارکێشایەوە، بە ئاشکرا دژایەتی خۆیان لەگەڵ بڕیارەکە دەربڕیوە. ڤۆتێل دەڵێت بێ قوربانیدانی کورد نەیاندەتوانی داعش تێکبشکێنن و کشانەوە لە سووریا دەبێتە هۆی ئەوەی کوردی رۆژئاوا بکەونە بەردەم هێرشی تورکیا.

بەرپرسانی کۆشکی سپی بە میدیای ئەمریکییان راگەیاندووە کە هەردوو وەزارەتی دەرەوە و بەرگری دژی بڕیارەکە بوون، بە جۆرێک دوای بڵاوبوونەوەی پەیامە ڤیدیۆییەکەی ترەمپ هەوڵی پاشگەزکردنەوەیان دابوو. رۆژێک دوای بڕیارەکەش، جەیمز ماتیس دەستی لەکارکێشایەوە.

کاربەدەستێکی حکومەتی ئەمریکا بە ئاژانسی (رۆیتەرز)ی راگەیاند، هەوڵەکانی وڵاتەکەی لەدژی داعش بەردەوام دەبێ، بۆ ئەم مەبەستەش پێنتاگۆن بیری لەوە کردووەتەوە تیمی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی ئەمریکا لە عێراق بەکاربهێنێ، بەڵام هەتا ئێستا هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەوبارەوە نەدراوە.

بڕیارەکەی ترەمپ چەند رۆژێک دوای گفتوگۆی تەلەفۆنیی نێوان ترەمپ و رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا هات. رۆژی هەینیی رابردوو میدیاکانی تورکیا ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە ترەمپ داوای لە هاوتا تورکییەکەی کردووە لە بری هێزەکانی ئەمریکا ئەرکی لەناوبردنی داعش لە سووریا بگرنە ئەستۆ.

ئەردۆغان لە گوتارێکی رۆژی هەینیی خۆیدا ئەو زانیارییانەی پشتڕاست کردەوە و گوتی: "بەپێی ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ سەرۆک ترەمپ کردوومانە، کار لەسەر پلانی ئۆپەراسیۆنەکانمان دەکەین بۆ لەناوبردنی ئەو چەکدارانەی کە دەگوترێ تاوەکو ئێستا لە سووریا ماون".

هەفتەی رابردوو ئەردۆغان پلانێکی بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەکانی رۆژهەڵاتی فورات راگەیاند کە لەژێر دەستی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)دان، بەڵام سەرۆکی تورکیا لە گوتارەکەی خۆیدا رایگەیاند کە جارێ ئەو ئۆپەراسیۆنە دوادەخەین: "هەتا بزانین ئەنجامی بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا چی دەبێ". وەزارەتی دەرەوەی تورکیا رایگەیاندووە کە تورکیا و ئەمریکا لە مانگی کانوونی دووەمی 2019 لە واشنتن پلانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا تاوتوێ دەکەن.

رۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی، لەسەر زاری بەرپرسانی باڵای کۆشکی سپی ئاشکرای دەکات کە لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا، ئەردۆغان گوتبووی داعش شکستی هێناوە، بۆیە لە هۆکاری مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا تێناگات، ترەمپیش لە وەڵامدا گوتوویەتی: "سووریا بۆ ئێوە، من جێیدەهێڵم".

دوای پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە، بەرپرسانی باڵای ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا هەوڵی پەشیمانکردنەوەی ترەمپیان دابوو، ئەوان پێیانگوتبوو کە ئەوە خراپترین کاتە بۆ کشاندنەوەی هێزەکان لە سووریا، بەڵام سەرۆکی ئەمریکا لە کۆبوونەوەیەکدا پێش راگەیاندنی بڕیارەکە گوتبووی ئەو چەندین مانگ کاتی بە وەزارەتی بەرگری داوە بۆ ئەوەی چارەسەرێکی دۆخی سووریای بخەنە بەردەست، بەڵام هیچ کەس بژارەیەکی نەخستووەتەڕوو.

ئێستا کورد لە رۆژئاڤای کوردستان نیگەرانی هەڕەشەکانی تورکیان، یان هەر هیچ نەبێ ئەو دۆخە سەختەی دەکرێ لەدوای جێبەجێکردنی بڕیارەکەوە بەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کورددا بێت.

بەڵام هۆشیار زێباری، سیاسەتڤانی کۆنەکاری کورد و وەزیری پێشووی دەرەوە و دارایی عێراق، بە (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی راگەیاندووە: "ئەم گۆڕانکارییە لەناکاوەی سیاسەت تەنیا بۆ کوردی سووریا مایەی نیگەرانی نییە، بەڵکو هەموو هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ناوچەکە نیگەرانن. ئەو گۆڕانکارییە پەیامێکی پێیە کە گومان بەرامبەر متمانە (بە ئەمریکا) دروستدەکات. ئەم بڕیارە وادەکات زۆر لە حکومەتەکان چاو بە هاوپەیمانێتی خۆیان و زلهێزێکدا بخشێننەوە کە بە ئاسانی پشتگوێیان دەخات و لەپڕ بەجێیاندەهێڵێ".

هێزەکانی رۆژئاڤای کوردستان هۆشدارییان داوە کە ئەوان بەرەکانی شەڕی دژی داعش جێدەهێڵن. ساڵح موسلیم، گوتەبێژی پەیەدە لە لێدوانێکدا بۆ واشنتن پۆست جەختی لەوە کردووەتەوە کە هێشتا بڕیاری کۆتایی لەوبارەوە نەدراوە، بەڵام ئەگەر تورکیا لە هەڕەشەکانی لەسەر رۆژئاڤای کوردستان بەردەوام بێ، ئەوە ژمارەیەکی زۆر لە شەڕڤانانی هەسەدە بەرەکانی شەڕی دژی داعش جێدەهێڵن. بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا کە بەپێی هەندێک سەرچاوە لە 100 رۆژدا جێبەجێ دەکرێ، شتێکی نوێ نییە. لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا سەرۆکی ئەمریکا بەڵێنێکی هاوشێوەی بڕیارەکەی هەفتەی رابردووی دابوو، بەڵام دواتر لەسەر داوای وەزیرانی بەرگری و دەرەوە و راوێژکارانی ئاسایشی نیشتمانی پاشگەز بووەوە.

پرسیاری سەرەکی لە دوای بڕیارەکەی ترەمپ ئەوەیە ئاخۆ پلانی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست چی لێدێ و ئەمریکا چۆن دەتوانێ لە قۆناغەکانی دواتری قەیرانی سووریادا قسەی خۆی هەبێ، لە کاتێکدا ئێستا ئەمریکا و هێزەکانی سووریای دیموکرات زیاتر لە ٪30ی خاکی سووریایان بەدەستەوەیە و کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا ئەو سەنگە جیۆپۆلێتیکییە لە واشنتن لە بەرامبەر ئێران و رووسیا ناهێڵێ.

ئیسرائیل نیگەرانە لەوەی نەمانی سەنگی ئەمریکا لە سووریا دەسەڵاتی سیاسی وڵاتەکەی لەبەرامبەر رووسیا لاواز بکات کە گەورەترین پاڵپشتی حکومەتی سووریایە و لەلایەکی دیکەشەوە بۆشاییەکی ئەمنی و سەربازی لە سووریا دروستبکات کە ئێران سوودی لێ دەبینێ. رۆژی پێنجشەممەی رابردوو، ئۆفیسی بنیامین نتانیاهو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل رایگەیاند کە نتانیاهو لەگەڵ ترەمپ قسەی کردووە و باسی چۆنێتی بەردەوامیدان بە هاوکارییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێرانیان کردووە.

نتانیاهو لە پەیامێکی تەلەڤزیۆنیدا گوتی: "ئێمە بەنیازنین هەوڵەکانی خۆمان کەم بکەینەوە، بەڵکو بەهێزتریان دەکەین، دەشزانم ئەمە بە پشتگیریی تەواوی ئەمریکا دەکەین"، تاوەکو ئێستا دیار نییە بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ئەو پشتگیرییانە چ فۆرمێکی نوێ وەردەگرن.

هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لەوانەش فەرەنسا و بەریتانیا، بەنیگەرانییەوە چاوەڕێی لێکەوتە ئەمنییەکانی بڕیارەکەی ترەمپ دەکەن، لە کاتێکدا دیاریش نییە چالاکییەکانی داهاتووی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەدژی داعش لە سووریا چی بەسەر دێ. فلۆرانس پارلی، وەزیری بەرگریی فەرەنسا، رۆژی هەینی رایگەیاند: "ئێمە لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتییەکدا بەشداری قەیرانەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووین، بەڵام دیارە دۆخەکە گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هاتووە".

# وەزیری بەرگریی ئەمریکا چۆن وازی هێنا؟

**رووداو- هەولێر**

رۆژێک پێش بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا، کۆبوونەوەیەکی باڵا لە باڵەخانەی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکادا بەڕێوەچوو کە ئامانج لێی ساردکردنەوەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا بوو لە بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا و کەمکردنەوەیان لە ئەفغانستان. رۆژی چوارشەممە بڕیارەکەی سەرۆکی ئەمریکا دەرچوو، بۆ رۆژی دواتر جەمیز ماتیس، وەزیری بەرگریی ئەمریکا، بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەی دا.

لە کۆبوونەوەکەی رۆژی سێشەممەدا هەر یەکە لە مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، جۆن بۆڵتن، راوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانیی سەرۆکی ئەمریکا و جۆ دانفۆرد، سەرۆک ئەرکانی هێزەکانی ئەمریکا هاوشان لەگەڵ ماتیس بەشدار بوون. بەڵام پەیامەکەی چوارشەممەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا سەبارەت بە کشاندنەوەی هێزەکان لە سووریا دەریخست کە هەوڵەکانی هەر چوار بەرپرسەکە شکستی هێناوە.

بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، ماتیس دوای بڵاوبوونەوەی پەیامەکەی ترەمپ سەبارەت بە شکستی داعش و دەرچوونی سوپای ئەمریکا لە سووریا، بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەی دا، تەنانەت دەقی نامەکەی دەستلەکارکێشانەوەکەشی لەناو گیرفانیدا بوو، بۆیەش پاش کۆبوونەوە لەگەڵ پۆمپیۆ و وەزیری دەرەوەی نەرویج و سەیرکردنەوەی ڤیدیۆی پەیامەکەی ترەمپ، یەکسەر سەردانی کۆشکی سپی کردبوو و لەگەڵ ترەمپ کۆببووەوە. بەرپرسانی ئاگادار بە رۆژنامە ئەمریکییەکەیان راگەیاندووە کۆبوونەوە دوو قۆڵییەکەی ترەمپ و ماتیس 45 خولەکی خایاند کە تێیدا باسیان لە جیاوازی جیهانبینی خۆیان سەبارەت کێشە جیاجیاکان کردبوو، لەوانەش ناتۆ، مەترسییەکانی رووسیا و چین و شەڕی تیرۆر، هەروەها بۆ دواجاریش هەوڵیدابوو ترەمپ قایلبکات واز لە کشاندنەوەی هێزەکان لە سووریا و ئەفغانستان بهێنێ، بەڵام بێسوود بوو. ماتیس لە کۆتاییدا بە ترەمپی راگەیاندبوو کە سەرۆکی ئەمریکا پێویستی بە کەسێکە وەک خۆی بیربکاتەوە و نامەی دەستلەکارکێشانەوەی خۆی رادەستی ترەمپ کردبوو.


پنتاگۆن ترسی هەیە دەستلەکارکێشانەوەی ماتیس دەستی ترەمپ واڵا بکات لە کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە وڵاتانی دیکەش

بەگوێرەی راپۆرتێکی (نیویۆرک تایمز)، ماتیس پێش کۆبوونەوەکەی لەگەڵ ترەمپ، داوای لە ستافی وەزارەتی بەرگری کردبوو 50 کۆپی لە نامەی دەستلەکارکێشانەوەکەی ئامادە بکرێ، بۆ ئەوەی بەسەر دامەزراوە جیاجیاکانی حکومەت و دەزگاکانی میدیادا دابەش بکرێ.

وەزیری بەرگری دوای تەواوکردنی کۆبوونەوەکەی کۆشکی سپی گەڕابووەوە پێنتاگۆن و لەگەڵ فەرماندە و بەرپرسانی وەزارەتەکەی کۆبووەوە. چەند خولەکێک دوای کۆبوونەوەکەش ترەمپ لە تویتێکدا وازهێنانی ماتیسی راگەیاند. بەگوێرەی راپۆرتەکەی (جۆرناڵ) لەو کاتەوە نیگەرانییەکانی بەرپرسانی پێنتاگۆن جیدیتر بوون و کۆنگرێسمانەکان پەیوەندییان بە پێنتاگۆنەوە دەکرد و دڵگرانی و نیگەرانی خۆیان دەردەبڕی.

ژمارەیەک بەرپرسی وەزارەتی بەرگری بە (وۆڵ ستریت جورناڵ)یان راگەیاندووە ترسی ئەوان لەوەیە دەستلەکارکێشانەوەی ماتیس دەستی ترەمپ واڵا بکات لەوەی هێزی زیاتر لە وڵاتە جیاجیاکان بکشێنێتەوە. فەرماندەکانی ئەمریکاش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە باس و خواسی کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقیش هاتووەتە ئاراوە کە ئێستا ژمارەیان 5500 سەربازە.

رۆژێک دوای بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکان لە سووریا، ترەمپ بڕیاری دا ژمارەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان نیوە بکات و بۆ 7000 سەرباز کەمیان بکاتەوە. لە چەند ساڵی رابردوودا تاڵیبان جارێکی دیکە هەڵساوەتەوە، جگە لەمە داعش شانەی بەهێزی لەو وڵاتەدا دروستکردووە، هەموو ئەمانەش لە کاتێکدان کە فەرماندەکانی ئەمریکا پێیانوابوو ژمارەی زۆری هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان دەستی حکومەتی ئەفغانستان لە دانوستاندنەکانی ئەمدواییەی لەگەڵ تاڵیبان بەهێز دەکات.

کاربەدەستێکی باڵای پێنتاگۆن بە (واشنتن پۆست)ی راگەیاندووە :"مەسەلەکە تەنیا سووریا نەبوو، بەڵکو کۆمەڵێک بڕیاری پێشتری سەرۆکی ئەمریکا هۆکاری دڵگرانی ماتیس بوو، بەڵام بڕیارەکەی سووریا زۆر هەرەمەکی دیار بوو".

کەسێکی ئاگادار لە بڕیارەکەی وەزیری بەرگریش بە (جورناڵ)ی گوتووە "ماتیس گەیشتبووە ئەو بڕوایەی چیدی ناتوانێ رێگە لە هەنگاوەکانی ترەمپ بگرێ و لەوە تێگەیشتبوو کە ترەمپ تەنانەت رازی نابێ هێزێکی کەمیش لە سووریا بهێڵرێتەوە".

بەگوێرەی راپۆرتەکەی (جورناڵ)، یەکێک لە نیگەرانییەکانی ماتیس لە کۆبوونەوەکەی سێشەممەیدا ئەو پەیامە بوو کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا دەدات، لەوانەش هێزە کوردییەکان کە چەند ساڵ لەپاڵ ئەمریکادا شەڕی داعشیان کردووە، هەروەها ئەو وڵاتانەش کە لەسەر داواکاری ئەمریکا هاتبوونە ناو هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی، ئەم هەڵوێستە لە دەقی نامەی دەستلەکارکێشانەوەی ماتیسیشدا رەنگی داوەتەوە کە تێیدا جەختێکی زۆر لەسەر رۆڵی هاوپەیمانان و هاوبەشەکان لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا دەکاتەوە.

جەیمز ماتیس، تەمەن 68 ساڵ، یەکێک لەو دەگمەن بەرپرسانەی ئەمریکایە کە لەسەرەتای دەستبەکاربوونی ئیدارەی ترەمپەوە لە پۆستەکەی خۆی مابووەوە، بە یەکێک لەو دەگمەن کەسانەش لە قەڵەم دەدرێ کە لە کۆبوونەوەکاندا توانیویەتی بەرەنگاری بڕیار و داواکارییەکانی ترەمپ ببێتەوە، بە تایبەتیش لەو پرسانەی پەیوەندییان بە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە جیهان و وجوودی سەربازیی ئەمریکا لە ناوچە جیاجیاکانی جیهانەوە هەیە. بۆیەش چاوەڕێ دەکرێ ناتۆ و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و رۆژهەڵاتی ئاسیا بە نیگەرانییەوە چاوەڕێی جێگرەوەی ماتیس بکەن.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی (جورناڵ) و (پۆست)، زۆرینەی فەرماندە و بەرپرسانی پێنتاگۆن لەبارەی پاراستنی هاوپەیمانانی ئەمریکا لەگەڵ ماتیس کۆکن، ئەمەش لە لایەکەوە دەتوانێ هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەی ژمارەیەکی زۆری ستافی باڵای پێنتاگۆن بێ و لەلایەکی دیکەشەوە جێبەجێکردنی پلانەکانی ترەمپ خاو دەکاتەوە.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# کێشەی کوردی ڕۆژئاوا لەگەڵ دیمەشقە نەک ئەنقەرە

هەرچەندە بڕیارەکەی دۆناڵد ترامپ سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانیان لە سووریا تا ئەندازەیەکی زۆر چاوەڕواننەکراو بوو، بەتایبەت کە لە یەک دوو هەفتەی ڕابردوودا ژمارەی هێزەکانیان لەوێ زیادکرد و پێش کەمتر لە هەفتەیەکیش لە ئاستی باڵای ناوەندە فەرمییەکانی ئەمریکاوە وەڵامی هەڕەشەکانی تورکیا درایەوە بەوەی ڕێگە نادەن سنووری سووریا ببەزێنێ و ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەو ناوچانە بکات کە هێزی ئەمریکای لێیە. لەگەڵ ئەوەی لە ناوخۆی ئەمریکاش بڕیاری کشانەوەکە کاردانەوەی جۆراوجۆری لێکەوتووەتەوە و بەبڕیارێکی مەترسیداری دەزانن، بەڵام لە حەقیقەتدا ترامپ شتێکی تازەی نەکردووە. ترامپ دەیانجار ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە پێویست ناکات ئەمریکا پاسەوانیی کەس بکات و نابێ سەربازی خۆمان بەکوشت بدەین بۆ ئەوەی گەلانی ناوچەکە بە ئارامی بنوون، پێویستە خۆیان پارێزگاری لەخۆیان بکەن. ساڵی ڕابردووش لە نیوە شەوێکی درەنگدا هەمان بڕیاری دا، ئەوکات بەوە لە بڕیارەکەی پەشیمان بووەوە کە بەشێکی تێچووی مانەوەی سەربازەکانیان سعودیە گرتیە ئەستۆ. ئەو لە دیدێکی ئابوورییانەوە دەڕوانێتە هاوکێشەکان و بەرژەوەندییەکی کاتیی ئابووری لەکوێ بێت، ئەو ڕێگەیە دەگرێتەبەر. بۆیە دەبێت بە ئاسایی ببینرێت کە لە شەو و ڕۆژێکدا چەندین بڕیاری هاوشێوە و پێچەوانەی پرنسیپە گشتییەکانی ئەمریکاش بدات.

ئەوەی نائاساییە چاوەڕوانیی ئێمەیە لە ئەمریکای سەردەمی ترامپ کە بمانەوێ لەگەڵ خواست و بەرژەوەندییەکانی ئێمەدا بێت و بەدڵی ئێمە سیاسەت بکا و پشت بکاتە وڵاتانی سەردەستەی ناوچەکە، لەکاتێکدا بۆ هەر یەکێکیان چەندین بەرژەوەندی و رایەڵە پێکیانەوە دەبەستێتەوە. نەک تورکیا کە بەشێکی گرنگی هێزی ناتۆ پێکدەهێنێ، تەنانەت بۆ سووریا و ئێرانیش رایەڵەی پێکەوەبەستن و بەرژەوەندییان لەگەڵ ئەمریکا ئاسانتر و زۆرترە لە ئێمەی کورد. هیچ بەدوور نازانرێت لە ڕاگەیێندراوێکی کتوپڕدا ڕۆژێک هەڵوێستی ئەمریکا لەمەڕ ئێرانیش بگۆڕێت و ڕێککەوتنێکی نوێی لەگەڵ بکات. یان دان بەوەدا بنێت کە سەقامگیریی سووریا بەمانەوەی ئەسەد دەستەبەر دەبێت و ڕێز لە شکۆی وڵاتەکە بگرێت.

ئەمە حەقیقەتی ترامپ و ستراتیجی کارکردنیەتی، هەموو ناوەندە گرنگەکانی ئەمریکا و خودی حیزبەکەی خۆشی دەزانن و جارێ لەگەڵی دەڕۆن، لەکوێدا ئەمریکا هەڵوەستەیەک دەکات لەنێوان بەرژەوەندی کاتیی ئابووری و بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی، کاری خۆیانە. چاوەڕوانیی ئێمە و هەڵواسینی ئومێد و خەونەکانمان بە سیاسەتی ئێستای ئەمریکاوە، دەمانگەیەنێتە کوێ؟ ئەرکی ئێمە گەڕانە بەدوای وڵامێکی لۆژیکی کە دەستەبەری مانەوەمان بکات لە ناوچەکە. ئەمریکا شوێن بەرژەوەندی خۆی کەوتووە، هاوکێشەکانی ئەم ناوچەیە لە چاوی ئێمە و لە دیدگای ئەمریکاوە وەک یەک نابینرێن، ئەزموونەکانی ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، دوای زیاتر لە چل ساڵ دووبارەبوونەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەر، لە داگیرکردنی عەفرین، سبەینێش چاوپۆشیی ئەمریکا لە تورکیا بۆ داگیرکردنی ناوچەی تر، دەبێ ئەوەندەی لێوە فێربووبین کە بۆ ڕێککەوتنی نێوان ئەم دەوڵەتانە هیچ شتێک مەحاڵ نیە. ئەوەی مەحاڵە ئەوەیە کە ئەمریکا یان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ئێمە نێوانی خۆیان لەگەڵ ئەم دەوڵەتانە تێکبدەن.

هەرچەندە ئێستا بڕیاری کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا لە زۆر ناوەندی ئەمریکی و ئەوروپی وەک جۆرێک لە بێوەفایی ئەمریکا بەرانبەر بە کورد وێنا دەکرێت و دووریش نییە لێکەوتەکانی، بڕیارەکە بە ترامپ بگۆڕێت، یان ئەمریکا ناچار بکات هیچ نەبێت لەم کاتەدا ڕێگە نەدەن تورکیا هێرش بکاتە سەر ڕۆژئاوای کوردستان، بەڵام ئەمە تەنیا شتێکی کاتییە و چارەسەری کێشەکە ناکات. تەنانەت ئەو ئومێدەش کە بە فەڕەنسا و ئەوروپا دروست بووە لەدوای کاردانەوەی بڕیارەکەی ترامپ، هەر جۆرێکە لەو هیوایەی پێشتر بە ئەمریکاوە بەسترابوو. کورد دەبێت دەست بەرێت بۆ ریشەی کێشەکە لەنێوان تورکیا و ڕۆژئاوای کوردستان. دەبێ ئەو پاساوانە نەهێڵین کە بیانووی داوە بە تورکیا بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر ڕۆژئاوا، چونکە دەرکەوت دواجار ئەمریکا و رووسیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، تورکیایان بەلاوە گرنگترە لە ئێمەی بێ دەوڵەت.

پێویستە ڕاشکاوانە بیر بکەینەوە، ئایا باوەڕمان بە مەسەلەی کورد لە چ چوارچێوەیەکدایە، کێشەی کورد یەک کێشەیە؟ یان چەند مەسەلەیەک لە چەند وڵاتێکی ناوچەکەدا؟ ئەگەر بە ڕووکەش و بە خواستی دڵ هەمووشمان پانکوردستانی بین، بەو مانایەی باوەڕمان بە سنووری نێودەوڵەتیی نێوان وڵاتانی داگیرکەری کوردستانیش نەبێت، بەڵام لە واقیع و لە پراکتیکدا هێزێکی سیاسی یان فکرێکی وا لەناوماندا بڵاو نییە. ئەوەی هەیە لە هەر بەشێکی کوردستان هێز و بزووتنەوەی سیاسی و حیزب و ڕێکخراوی فکری و سیاسی تایبەت بەخۆی هەیە. کەواتا پێویستە شتێک وەک حەقیقەت قبوڵ بکەین، کێشەی کورد لەهەر پارچەیەک، کێشەیە لەگەڵ دەوڵەتی سەردەستە نەک لەگەڵ دەوڵەتانی تری داگیرکەر بە مانا فراوانەکەی.

کورد بەیەک ئاست و بەیەک ئەندازە لە هەر چوار وڵاتەکە لەلایەن دەوڵەتی نەتەوەی سەردەستەوە دەچەوسێنرێتەوە، ئەگەر لە بەشێکیاندا کەمێک ئازادی یان پێشڤەچوون لە مەسەلەی کورد بەدیهاتبێ، شاباش و خێری دەوڵەت نەبووە بۆ کورد، بەڵکوو بەخوێن و قوربانی و بارودۆخێکی تایبەت دروستیکردووە. هەرکاتێکیش هەلومەرج بۆ دەوڵەتی نەتەوەی سەردەستە گونجاو بووبێت، درێغی نەکردووە لە زەوتکردنەوەی ئەو کەمە ئازادییەش. بۆیە هیچ جیاوازییەک نیە لە نێوان هیچکام لەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە. بەڵام هەندێجار دەوڵەتەکان بەهۆی ناکۆکیی نێوان خۆیانەوە، کەڵکیان لە بزووتنەوەی کورد وەرگرتووە بۆ ئازاردانی یەکتری و کوردیش سوودی لە ناکۆکیی نێوانیان بینیوە. لێرەوە بزووتنەوەی کوردی لە بەشێکی کوردستاندا بەچاوێکی جیاواز لە دەوڵەتی داگیرکەری بەشێکی تری کوردستانی ڕوانیوە، ئەمەش لە ڕابردوودا دەستکەوتی بۆ کورد هەبووە. بەڵام بەدرێژایی مێژوو ڕووینەداوە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە بەشێکی کوردستان کە هێشتا ماف و ئازادییەکانی لەو پارچەیە دەستەبەر نەکردبێت، یان دەوڵەتەکە دانی بە مافەکانی کوردی ژێردەستەی خۆیدا نەنابێت، بزووتنەوەی کوردی شانبەشانی دەوڵەتی نەتەوەی سەردەستە هەڵگەڕابێتەوە بۆ دوژمنایەتیکردنی دەوڵەتی دووەم.

سەرباری ئەوەی ئەمە هیچ لە پێناسە و عەقڵیەتی تورکیا ناگۆڕێت کە دوژمنی سەرسەختی کوردە، بەڵام پێویستە ئەوەش ڕاست بکەینەوە کە کێشەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ دیمەشقە نەک ئەنقەرە. بەشەڕ، بە ئاشتی، بەهەر ڕێگایەک دەمانەوێ کێشەی ناسنامە، مافی هاووڵاتیبوون، کێشەی خاک، خۆبەڕێوەبەرێتی، شەراکەت لە حوکمڕانی، چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، پێویستە کورد لە ڕۆژئاوا ڕووی لە سووریا بێت نەک لە تورکیا. ئەوەی ئێستا تورکیا کردوویەتی بە پاساو و سەرنجی زلهێزەکانی پێ ڕادەکێشێت، ئەو پاوانخوازییەی پەیەدە و وابەستەییەتی بە پەکەکەوە. چاوپۆشیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستی داگیرکاری عەفرین، بۆ ئەو پاساوە دەگەڕێتەوە.

بۆیە پێش ئەوەی لۆمەی سیاسەتی ئەمریکا بکەین، یان ئومێدمان لەسەر ئەوروپا بێ، پێویستە لۆمەی خۆمان بکەین و ئومێدمان لەسەر پێکەوەیی خۆمان بێ. ناکرێ ڕێگە بەکاری سیاسی چەندین حیزبی تری سیاسی نەدرێت، کێشەی کورد لەو وڵاتە تەحویل بکرێت بۆ کێشە لەگەڵ تورکیا و بشمانەوێ جیهان پشتمان بگرێت.



ئازاد وەلەدبەگی

# سەرکردەکانی کورد و کتێبی ونی بیرەوەری

لە جیهانی ئەمڕۆدا، بە تایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی، نووسینەوەی بیرەوەری، یان یاداشتی ڕۆژانە لەنێو سیاسەتواناندا بووەتە کولتوور، هەریەکە بە شێوازی خۆیان بیرەوەرییەکانیان دەنووسنەوە.

لە چەرخی ڕێنیسانسدا، مرۆڤگەرایی بووە هۆی ڕزگاربوونی مرۆڤ لەو کۆتوبەندانەی کە بە دەوریدا تەنرابوون، هەربۆیە چارەنووسی مرۆڤ وەک تاکێک (نەک ئەندامێکی کۆمەڵگە) بووە جێی بایەخ. بە گۆڕینی ڕۆڵی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییدا، نووسینەوەی بیرەوەری بەم شێوازەی ئەمڕۆ پەرەی سەند. هەربۆیە لە کۆتایی سەدەی حەڤدەیەم، کەڵکوەرگرتن لە بیرەوەری، وەک سەرچاوەیەک بۆ داتا و زانیاریی مێژوویی لەلایەن مێژوونووسانەوە گرنگیی پێدرا، هەرچەندە هەتا ئێستاش هەندێک کەس باوەڕیان وایە کە دەبێ بە پارێز و وشیارییەوە بۆ ئەو زانیارییانە بڕوانین. لەو کۆمەڵگەیانەدا کە ڕێز لە مێژوو دەگیرێت، بیرەوەرییەکان دەبنە مایەی گرنگی و بایەخ. لە ڕۆژئاواش کولتووری نووسینەوەی بیرەوەری ئەو ڕۆژە بووە جێی بایەخ کە گرنگی بە مێژوو درا. لە سەدەی بیستەمدا، ڕۆڵی کتێبەکانی بیرەوەری، نەک هەر گەواهیدانێک بوو لەسەر ڕووداوە مێژووییەکان، بەڵکوو بە دیوێکی تردا خستنەڕووی دەروونناسی و ئەنترۆپۆلۆژیای مرۆڤە لە کات و ساتی نووسینەکەدا.

هەر کەسایەتییەک ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی. هەندێک، بیرەوەری وەک بەرگری لە خۆیان لە مێژوودا بە جێدەهێڵن و هەوڵ دەدەن پاساو بۆ ڕەفتار و کردار و هەڵوێستە سیاسییەکانی خۆیان بهێننەوە. هەندێکی تر، لە پاڵ باسکردنی وێستگەکانی ژیانی خۆیان و ڕۆڵ و کاریگەرییان لەناو ڕووداو و پێشهاتەکاندا، چەردەیەک لە مێژووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی وڵاتەکەیان دەخەنەڕوو. هەندێجاریش، نووسینەوەی ئەو بیرەوەرییانە لەسەر داوای ناوەند و پەیمانگەکانی توێژینەوەی سیاسی و مێژوویی دەبن کە بانگهێشتی سیاسەتوان و کەسایەتییە ناودارەکان دەکەن بۆ نووسینەوە و ڕێکخستنی ژیاننامەیان، یان ئەنجامدانی گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی و تیشک خستنەسەر وێستگەکانی ژیانی ئەو کەسایەتیانە.

هەندێجار، کەسایەتییە ناودارەکان لە سەردەمی خانەنشینیی خۆیاندا، بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیان هەوڵ دەدەن بە باسکردنی ئەزموونی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی خۆیان، هەڵە و کەموکورتییەکانیان بخەنەڕوو، لەم ڕێگەیەوە ئەزموونی خۆیان لە حوکمڕانی و بەڕێوەبردندا بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوازنەوە کە دەتوانین ئەمەیان بە گواستنەوەی ئەزموونی حوکمڕانی لە قەڵەم بدەین. بێگومان ئەمەش گرنگیی تایبەتی هەیە بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو سوود لە هەڵەکانی پێشینانی خۆیان وەربگرن و کارو ئەرکە تەواونەبووەکانی ئەوان تەواو بکەن. یاداشت و بیرەوەرییەکان بە هەر پاڵنەر و ئامانجێک بنووسرێنەوە، بێگومان گەلێک زانیاریی بە سوودی سیاسی، کۆمەڵایەتی، سەربازی و ڕۆشنبیری و هتد لەخۆدەگرن کە لەلایەن مێژوونووسان و توێژەران و تەنانەت هاووڵاتیانی ئاساییشەوە بە بایەخەوە سەیر دەکرێن و کەڵکیان لێوەردەگیرێت.

بەدەر لەوەی کە ئەم جۆرە کتێبانە بەشێکی گرنگی مێژووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی گەلان دەخەنەڕوو، لەهەمان کاتدا زۆر جار گەلێک بەڵگە و دۆکیۆمێنت و وێنەی گرنگ و پێشتر نەبینراویش لەخۆدەگرن، کە ئەو بەڵگانە لەوانەیە تەنیا لە ئەرشیڤە کەسییەکاندا دەستبکەون.

کوردستان بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو گۆڕەپانی گەلێک ڕووداو و پێشهاتی گەورە و سەرنجڕاکێش بووە و گەلێک کەسایەتی گەورە و ناوداری تێدا هەڵکەوتوون، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەمیان بیرەوەرییەکانی خۆیان نووسیوەتەوە و بۆ مێژوو و نەوەکانی داهاتوو بەجێیانهێشتوون. هەربۆیە گەلێک لاپەڕەی گرنگ و شاراوەی مێژوویان لەگەڵ خۆیان بردووەتە ژێر گڵ. لە کاتێکدا ئەو کەسایەتیانە ئەرکێکی گشتییان لەئەستۆ بووە، ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی کە تێیاندا بەشدار بوون و ڕۆڵیان تێدا بینیون، بەشێکن لە مێژووی ئەم وڵاتە و هەق وابوو ئەو بەڕێزانە لایەنە شاراوە و نادیارەکانی مێژووی کوردستانیان بخستایەتە سەر کاغەز و ئەزموونی خۆیانیان بە ئەرێنی و نەرێنی بۆ نەوەکانی داهاتوو بگواستایەتەوە. پێموایە، ئەمە کەمترین ئەرکی ئەو بەڕێزانە بوو بەرامبەر بە گەلەکەیان، لە هەمان کاتدا بۆ خۆشیان پارێزەرێکی بەرگرییان لە مێژوودا بەجێدەهێشت، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کەس بە خواست و ویستی خۆی دەستکاریی مێژوویان نەکات و بێگومان، گەواهیدانی ئەوان لەسەر ڕووداوەکان وەک سەرچاوەیەکی گرنگی مێژوویی سەیر دەکرا.

هەندێ کەسایەتی ناسراو و ناوداری کوردستان، وەک خوالێخۆشبووان مەلامستەفا بارزانی، قازی محەممەد، مام جەلال، د.قاسملوو، د.شەرەفکەندی، نەوشیراون مستەفا (هەرچەند بەشێکی نووسیوەتەوە)، سامی عەبدولڕەحمان و چەندین کەسایەتی دیکەی پلە یەکی کوردستان، کە هەر لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە تاکوو ئەم دواییانە کاراکتەری سەرەکی و گرنگی سەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بوون و لە زۆربەی ڕووداو و پێشهاتەکاندا هەبوون و جێدەستیان دیارە، گەنجینەیەکی گرنگی مێژووی ئەم وڵاتە بوون کە بە داخەوە بەهۆی نەنووسینەوەی یاداشت و بیرەوەرییەکانیان، چەندین سەرچاوەی گرنگ و دانسقە و دەستە یەک سەبارەت بە مێژووی هاوچەرخی کوردستان لەدەستچوون.

هیوادارم بابەتی نووسینەوەی بیرەوەری لەلایەن سیاسەتوانان و کەسایەتییە ناودار و خاوەن ئەزموونەکانی کوردستان ببێتە نەریت، ئەوانەی کە ئێستا لە ژیاندا ماون، قۆڵی هیممەتی لێ هەڵبماڵن و بیرەوەرییەکانیان بە ڕاشکاوی و بە جورئەتەوە بنووسنەوە و، وەک سەرچاوەیەکی گرنگی مێژوویی و سیاسی بۆ نەوەکانی ئەمڕۆ و داهاتووی کوردستانی بەجێبهێڵن، هەتا ئەمانیش سوود لە لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەزموونی ئەوان وەربگرن و هەڵەکان دووبارە و چەندبارە نەکەنەوە. هەروا دەکرێ ناوەندەکانی توێژینەوەی سیاسی و مێژووییش لەم بوارەدا هاندەر و دەستپێشخەر بن و، بە ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ ئەو کەسایەتیانە پاڵنەریان بن بۆ نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیان و لە چاپدانیان، هەتا بکەوێتە بەردەستی خەڵک و بۆ مێژووش بمێنێتەوە.



زریان ڕۆژهەلاتی

# گۆڕانی سەرکردەکان!

ڕێژەی ناوەندیی تەمەنی کەسی یەکەمی 16 حیزبی گرنگی هەر چوار پارچەکەی کوردستان 66 ساڵە و سەرکردایەتی سیاسی کورد لە گرووپێکی تەمەنیدایە (سەرووی 65 ساڵ) کە لە هەموو کوردستان ڕێژەیەکی کەمن و لە هەرێمی کوردستانیش تەنها 4%ی دانیشتووان پێکدەهێنن. ئەگەر ڕێژەی ناوەڕاستی تەمەنی مرۆڤێکیش لە کوردستان 70- 75ساڵ بێت، چاوەڕوان دەکرێت لە ماوەی 5-10 ساڵی داهاتوودا ڕوخساری سەرکردایەتی سیاسی کورد بە تەواوی بگۆڕێت! نیشانەی پیری بە ڕووی زۆرێک لە لیدەرەکانی کوردەوە دیارە و نەوەیەکی نوێش خەریکە بەهێواشی شوێنیان دەگرێتەوە. گەلۆ ئەو گۆڕانەی جیلی سەرکردەکان چ تایبەتمەندییەکی هەیە و دەتوانێت چ کاریگەرییەک لەسەر سیاسەتی کوردی دانێت؟

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین،گۆڕانی جیلەکانی سەرکردایەتی لە ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردیدا زووتر دەستیپێکردووە، بەڵام لیدەری ئەحزابە ئیسلامییەکانی کوردستان هێشتا گەنجترن و چاوەڕوان دەکرێت ئەو گۆڕانە لەنێو ئیسلامییەکاندا زۆرتر بخایەنێت. جگە لەوە، گۆڕانی جیلەکان زیاتر مۆرێکی نەریتی پێوەیە و لە شوێنی باوکان، کوڕەکان یان خزمانی نزیک شوێنیان دەگرنەوە. تەنانەت ئەو حیزبانەش کە ساڵانێکی درێژ ڕەخنەی توندیان لە ڕۆڵی بنەماڵە لە سیاسەتی کوردیدا دەگرت، ئێستا ڕوویان لە هەمان نەریتی موحافزەکارانە کردووە و کوڕەکان لە هەوڵی شوێنگرتنەوەی باوکەکانیاندان.

## کاریگەرییەکانی گۆڕانی جیلەکان

ڕەنگە 5-10 ساڵ ببات هەتا جیلی نوێی سەرکردەکان شوێنی خۆیان قایم دەکەن. ئەمەش واتای ئەوە دەدات کە لەوانەیە ململانێ و ڕکابەریی ناوحیزبی و سەرووحیزبی لەسەر دەسەڵات زیاتر بێت. دوورکەوتنەوەی سەرکردەکانی ئێستا لەبەر تەمەن، ئاسەوارێکی "تەوزیعی" لەسەر دەسەڵاتەکانی ناوحیزب دادەنێت. لیدەرە تازەکانیش پێویستیان بەقۆناغێک هەیە هەتا بتوانن پێگەی خۆیان لەناو حیزبەکانیان و لەناو مەیدانی سیاسیدا پتەو بکەن. لە هەرێمی کوردستان هەڵبژاردن جۆرە یاسا و ڕێسایەکی بۆ ململانێی دەسەڵات لە بەینی حیزبەکاندا دیاری کردووە، بەڵام هەموو شتێک نابڕێتەوە و گەلێک فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی دیکەش لە ململانێی بەینی حزبەکاندا دەوریان هەیە. بۆیە بەگشتی دەتوانین بڵێین کە لەوانەیە لە قۆناغی داهاتوودا، ململانێی ناوخۆیی حیزبەکان گرنگترین ڕووداوی مەیدانی سیاسی کوردستان بێت.

دەشێ لە قۆناغی داهاتوودا لەگەڵ پاراستنی هەندێک لە بنەما گشتییەکانی سیاسەتی ئێستای کوردی، کۆمەڵێک گۆڕانکاریش ڕووبدەن. ململانێی ناوخۆیی لەسەر هێز هەر ئەولەویەتی خۆی دەمێنێت و ڕەنگە لیدەرە تازەکانیش بۆ دەستخستنی هێزی زیاتر هاوشێوەی ئەوانەی پێش خۆیان بجووڵێنەوە. بەڵام لێرەدا بێجگە لە بارودۆخی دەرەکی، هەندێک گۆڕانکاری گرنگی ناوخۆیی هەن کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئەدای سەرکردە تازەکان دابنێت:

## گۆڕانی ئایدیا و ڕەفتارەکان

سەرکردەکانی بزاڤی سیاسی کوردی تا ئێستا سێ قۆناغی گۆڕانیان بڕیوە. جاری یەکەم میر و دەرەبەگەکان بوون کە بەپشتبەستن بەپێگەی نەریتیی خۆیان وەک ماڵە میران، سەرکردایەتی بزاڤی سیاسی کوردیان کردووە. پاش لەناوچوونی میرنشینە کوردییەکان، ئەمجارەیان شێخ و مەلاکان و ئەوانەی لە دامەزراوە ئاینییەکانەوە پێگەیشتبوون جڵەوی سیاسەتی کوردیان گرتە دەست. دوای ئەوانیش، نەوەی سێیەمی سەرکردایەتی سیاسی کورد کە زیاتر هەڵگری تێکەڵەیەک لە ڕەوتی موحافزەکاری و ئایدیۆلۆژیای چەپ بوون تا ئەمڕۆیان هێنا و نەوەی چوارەمیش ئێستا خەریکە شوێنیان دەگرنەوە. نەوەی تازە، زیاتر دنیای دەرەوەی بینیوە، زۆربەیان خوێندەوارن و ڕەوتێکی پراگماتیستانە و هەندێکجاریش پۆپۆلیستانەیان لە سیاسەتدا هەیە. زیاتر پابەندی بیرە لیبراڵییەکانن، بەڵام هەندێکجاریش سەلماندوویانە کە بۆ پتەوکردنی بنەماکانی دەسەڵاتی خۆیان، دەتوانن چاوپۆشییان لێبکەن!

ئەم سەرکردە تازانە ئەوەندە پراگماتیستن کە بتوانن ئاسانتر لەگەڵ یەکتری ڕێکبکەون، بەڵام لەهەمانکاتدا زۆر ئاسانتر لە جارانیش دەتوانن دەستی دەرەکی پەلکێشی کێشە ناوخۆییەکان بکەن و پاساوی بۆ بهێننەوە. بۆیە دۆخی تازە بۆ کورد، وەک شمشێرێکی دووسەر وایە!

## وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی

گۆڕانی جیلەکان تەنها سەرکردایەتی سیاسی کوردی نەگرتووەتەوە، بەڵکوو هەموو کۆمەڵگەی کوردی گرتووەتەوە و کۆمەڵگەی کوردی گەنج بووەتەوە. بۆ نموونە، لە ماوەی نزیکەی سێ ساڵی ڕابردوودا ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ڕێژەیی سێ ئەوەندە زیادی کردووە. گەشەکردنی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان 2.8% و نزیکەی 50% یان لە خوار تەمەنی 20 ساڵییەوەن کە 35%ی ئەوانەش لە خوار 15 ساڵییەوەن. نزیکەی 61%ی دانیشتووان لە بەینی 15-65 ساڵیدان. کورتەی باسەکە ئەوەیە کە زۆربوونی دانیشتووان و گەنجبوونەوەی کۆمەڵگا، ئاسەواری تەوزیعی لەسەر چۆنیەتی دابەشکارییەکانی هێزداری و سەروەت لە هەر کۆمەڵگایەک دادەنێت. نەوەی نوێ داوای دابەشکردنەوەی هێز و سەروەت لە کۆمەڵگا دەکات. ئەگەر گەنجێک کە 1990 لەدایک بووبێت، ئێستا 28 ساڵیەتی و ئەو کاتەی کە ئیدی بنەماکانی دەسەڵاتێکی کوردی و دابەشکردنی هێز و سەروەت لە کۆمەڵگەی کوردی دانراوە، هیچ ڕۆڵێکی نەبووە. بەڵام ئێستا کە لە هەڕەتی گەنجێتی خۆیدایە، زۆر سروشتییە کە لەناو کۆی سیستەمەکەدا بەدوای تەعریفکردنی پێگەی خۆیدا بگەڕێت.

درزی نێوان جیلەکانی کۆمەڵگایەک، لەلایەک زەینییە و لەلایەکی تریش بابەتییە. واتا درزەکان لە دنیابینی و ئایدیۆلۆژی و ئایدیاکانەوە بۆ ناکۆکی و جیاوازی لە بەرژەوەندی و چۆنیەتی دابەشبوونی هێز و سەروەت شۆڕدەبنەوە. (ئاگایی و هۆشیاریی جیلەکان لە تەمەنێکی دەوروبەری 17 هەتا 25 ساڵیدا شکڵ دەگرێ و بەرەبەرە گەشەدەکات). جا ئەگەر بەو پێیە سەیری دۆخی هەرێمی کوردستان بکەین، دەتوانین بڵێین کە ئاگایی و هۆشیارییەکی جیاواز لەنێوان نەوەکاندا دروستبووە. بۆیە ڕەفتاری سەرکردە تازەکان ناتوانێت لەژێر کاریگەری ئەم گۆڕانە گەورە کۆمەڵایەتییەدا نەبێت. ڕەنگە ئەمە لەلایەک ڕەفتاری پۆپۆلیستانەی سەرکردەکان زیاتر بکات و لەلایەکی دیکەش دەرفەتی ڕەفتارێکی هاوشێوەی ڕابەرانی پێشوویان لێوەربگرێت!

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# ئەگەر یەکێتی نەیەتە ژێر بار

## 1

بەهۆی شکستی ئۆپۆزیسیۆن و بەشدارینەکردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی 30ی ئەیلول، پارتی سەرکەوتنێکی کەموێنەی تۆمار کرد. ژمارە تازەکان تا رادەیەکیش پارتییان مەغروور کرد، بەتایبەتیش کە دوای شکستی لە کێبڕکێی وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆمار، لە پێکهێنانی حکومەتی بەغداش مانۆڕە سیاسییەکانی بۆ تۆڵەکردنەوە لە یەکێتی سەرکەوتوو بوون. ئێستا کە نزیکەی سێ مانگ بەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردندا تێپەڕیوە، تەنها یەک دانیشتنی پەرلەمان ئەنجامدراوە و، بە شێوەیەکی نائاسایی بە کراوەیی بەجێهێشتراوە.

لە دانوستاندنەکاندا، یەکێتی هەر سێ سەرۆکایەتییەکە و بەغدا و کەرکووکیشی کردووەتە یەک پاکێج (کە لەوانەدا لە هەمووان زیاتر پارێزگاری کەرکووکی مەبەستە)، گۆڕانیش ئاستی داواکارییەکانی لە پارتی بردووەتە سەرەوە.

ئەو پەیامەی پارتی مەبەستی بوو دوای 2ی ئۆکتۆبەر بیداتە یەکێتی، ئێستا گەیشتووە و، یەکێتی بۆی دەرکەوت کە ئەگەر پارتی مەیلی بەلای بەغدادا هەبێ، هەموو ڕێگاکان دێنەوە هەولێر، بەتایبەتیش کە هەموو هەوڵەکانی یەکێتی بۆ دانانی پارێزگار لە کەرکووک و وەرگرتنی پۆستێکی وەزاری لە بەغدا، لەسەر دەستی پارتی فەشەلیان پێ هێنراوە. بەڵام لێرە بەدواوە پارتی دەبێ لە ئاست بەرپرسیارێتی ئەم قۆناغەی ئێستایدا بێت و، یەکێتیش لەوە تێگەیشتبێت کە ناتوانێ لەپێناوی وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری کەرکووک، ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکە بەسەرشۆڕی بباتەوە کەرکووک. بۆیە ئەگەر بەو شێوەیە یەکێتی لە مەسەلەی پارێزگاری کەرکووک، بەشدارنەکردنی گۆڕان و ڕێککەوتنی دووقۆڵی پێداگر بێت و لەگەڵ پارتیدا نەگاتە چارەسەرێکی هاوبەش، ڕەنگبێ پارتی چیدی چاوەڕێی ئەو دەستی دەستییەی یەکێتی نەبێ و بەبێ یەکێتی هەنگاوی عەمەلی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم بهاوێت.

پارتی نایەوێ یەکێتی لە دەرەوەی حکومەت بێت، بۆیە ئەگەر بزانێ دانوستاندنەکان دەگەنە بنبەست، وەکو جاری پێشوو (کابینەی هەشتەم) کە یەکێتی هاتنە ناو حکومەتی پەیوەست کرد بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی بەغدا و چەند مانگێک خۆی تاخیر کرد، ڕەنگە ئەمجارەش پۆستەکانی یەکێتی لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان و حکومەت بە بەتاڵی بهێڵدرێنەوە و پارتی و گۆڕان حکومەت پێکبێنن.

## گۆڕان لەگەڵ پارتی دەڕوات؟

## 2

لە سەرەتای دانوستاندنەکانی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمدا، شاندی یەکێتی بە سەرۆکایەتیی بەرهەم ساڵح، پێداگرییان لەسەر بەشداریی گۆڕان لە حکومەتدا دەکرد. لەوەشیاندا چەند ئامانجێکیان هەبوو. یەکەمیان ئەوە بوو کە دوای ڕووداوەکانی 17ی شوبات ئارامی و سەقامگیری بۆ ناوچەکانی سلێمانی و گەرمیان بگەڕێننەوە، دووەم لەسەر بنەمای یەکەم لێکتێگەیشتنی دەباشان لە 2012 لە نێوان تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا بەرەیەک لە بەرامبەر پارتی دروست بکەن و سێیەمیشیان ئەوە بوو کە سەرۆکایەتیی شاندی گفتوگۆکاری یەکێتی هەوڵی بچووککردنەوەی دەسەڵاتی بنەماڵەی تاڵەبانییان دەدا و ڕێگربوون لە دووبارەبوونەوەی پەنجا بە پەنجا. هەندێک لەو ئامانجانە ئەنجامی پێچەوانەیان هەبوو، بەڵام ئەوەی کە ئێستا پارتی بۆ بەشداریکردنی گۆڕان لە حکومەتدا پێداگری لەسەر دەکات، هەمان ئەو ئامانجانەیە کە یەکێتی دەیویست دەستەبەریان بکات. بەشداریکردنی گۆڕان لە حکومەتدا، بۆ پارتی مەسەلەیەکی حەتمییە و پاشەکشەی لێ ناکات.

ئەگەرچی پارتی پێیوایە کە گۆڕان ئاستی داواکارییەکانی بردووەتە سەر، بەڵام لەڕاستیدا دوای ئەو تەجرووبە تاڵەی کە گۆڕان و پارتی لە کابینەی هەشتەمدا هەیانبوو، بەدەنگەوە هاتنی گۆڕان بۆ بەشداری لە حکومەت، دەبێ بۆ پارتی دەرفەتێک بێت کە هەم هەڵەکانی ڕابردووی پێ ڕاست بکاتەوە و، هەمیش گەورەتر لە پێدانی پۆستێک یان دوو پۆستی وەزاری بیر بکاتەوە.

گۆڕان پارسەنگێکی بەهێزی ئەم حکومەتەیە و دەبێ یەکێتیش ئەوەی لەبەرچاو بێت کە پارتی ناتوانێ پەراوێزی بخات، بەڵام ئەگەر پارتی لەسەر بنەمایەکی تەندروست و عادیلانە مامەڵە لەسەر پۆستەکان بکات، هەم زەمینەی بەشدارییەکی بەهێز و هەمیش کاریگەر بۆ هەموو لایەک دەڕەخسێنێ. بۆ ئەوەش پێویستە پارتی لەسەر بنەمای خاڵبەندی بۆ پۆستی سێ سەرۆکایەتییەکە و وەزارەتەکان (بە ڕەچاوکردنی قاعیدەی جەماوەریی گۆڕان و ئەو گوشارەی لەسەریانە) بێتە پێشەوە، ئەوەش ئەو کاتەیە کە پارتی بەتەنیا نامێنێتەوە.

## باشوور، ڕۆژئاڤا نییە

## 3

ئەگەرچی هەرێمی کوردستان لە دوای ریفراندۆمی سەربەخۆیی 25ی ئەیلول تووشی پەلامار، ئابڵوقە و گۆشەگیریی دیپلۆماسی بوو، بەڵام قارەمانێتیی پێشمەرگە و دیپلۆماسیەتی نێچیرڤان بارزانی هەموو تەوقەکانیان شکاند. دوای ساڵێک و لە پاش هەموو پیلانگێڕییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، ئەمڕۆ کوردستان بە حیکمەتی سەرۆک بارزانی بەڵگەنامەی سەربەخۆیی بۆ داهاتوو لە باخەڵدایە و، ئەندازیاری بنیاتنانەوەی کوردستانیش هەموو دەرگا داخراوەکانی دوای 16ی ئۆکتۆبەری کردوونەتەوە.

بەراوردکردنی ئەوەی لە ڕۆژئاوا ڕوودەدات، لەگەڵ ئەزموونی کوردستانی باشوور زۆر نامەنتیقی و گێلانەیە، چونکە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی دەستوورییە بە دانپێدانانی نێودەوڵەتی (پێش ئەوەش بە بڕیاری 688ی ئەنجوومەنی ئاسایش ناوچەی پارێزراو بووە)، ئەوەش بەرهەمی پێڕەوکردنی لانیکەمی بنەماکانی مافی مرۆڤ، کاری سیاسی و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بووە لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانەوە. ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان زۆر زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ باڵانسی هێزدا دەکات، لە یەک کاتدا لەگەڵ ڕووسیا، ئەمریکا، ئێران، سعودیە و تورکیادا پەیوەندی و بەرژەوەندیی هاوبەشی دروست کردووە.

کێشەی کانتۆنچییەکان لە ڕۆژئاوا ئەوە نییە کە ئەمریکا بەجێیاندەهێڵێ، بگرە کێشەیان ئەوەیە کە خەڵکی ڕۆژئاوا بڕوایان پێیان نییە. ئەوان بە سیاسەتی ملهوڕی و تاکڕەوانەی خۆیان، هەم دەرفەتی ئاشتییان لە تورکیا خنکاند و هەمیش ڕێگەیان نەدا چارەنووسی ڕۆژئاوا یەکلا ببێتەوە. ئەوەی ڕوودەدات بەرهەمی سیاسەتی فاشیلی پەکەکەیە کە سیاسەتێکە لەسەر خەون و خەیاڵ هەڵچنراوە و هیچ پەیوەندییەکی بە واقیعەوە نییە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# ترەمپ درۆی لەگەڵ نەکردین

دۆناڵد ترەمپ بە بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا و بەتایبەتیش لە ڕۆژئاوای کوردستان ئیشێکی چاوەڕواننەکراوی نەکردووە، بەڵکو ئەوەی کرد کە لەسەرەتاوە ویستوویەتی بیکات و چەندین مانگە دەستوپێوەندەکەی هەوڵیاندەدا دوایبخەن و ئیدی قسەیەکیان بۆ دواخستنی نەمابوو. بۆیەش ئەگەر کوردێک هەبێت بەو بڕیارە شۆک بووبێت، نیشانەی ئەوەیە لەسەرەتاوە ترەمپی نەناسیوە و لەوەش واوەتر مێژووی بێوەفایی هەمیشەیی ئەمریکییەکانی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی نەبیستووە یان لەبیرچووەتەوە. ڕاستییەکەی ئەوەی دەبێ وەک کورد لەسەری ڕابوەستین ئەوەیە کە مادام زانیومانە ئەمڕۆژە هەر دێت، بۆ خۆمان بۆ ئامادە نەکرد؟

ئەو ڕۆژانەی شەڕی سارد کۆتاییان پێدەهات و ئەمریکییەکان مەستی گەیشتنە خەونی سەروەریی دنیا بوون، دۆناڵد ترەمپی گەنجی بازرگان لەسەر شاشەی کەناڵێکی ئەمریکی چاوپێکەوتنی دەکرد و دژی ئەوە بوو ئەمریکا هێندە خۆی بە ئەودیوی سنوورەکانی خۆیەوە سەرقاڵ بکات. هەر ئەو پیاوە لە ساڵانی ڕابردوودا بەبەردەوامی کە باسی سیاسەتی وڵاتەکەی کردبێت، وەک بازرگانێک کە دەیەوێ حیسابی ماڵی زۆرتر بێت لە حیسابی بازاڕ قسەی کردووە. بناخەی کەمپەینی هەڵبژاردنەکەشی لەسەر ئەو مۆتۆیە دانا کە دەیگوت: ئەمریکا لەپێش هەمووان.

پار کە خیانەتی شازدەی ئۆکتۆبەر ڕوویدا و هەرێمی کوردستان کەوتە بەر هەڕەشەیەکی جدی، ڕۆژنامەڤانێک لەنێو کۆشکی سپی پرسیاری ئەوەی لە ترەمپ کرد کە چۆن دەهێڵن هاوپەیمانی سەرەکییان لە شەڕی دژی داعشدا ئاوا هەڕەشەی لێبکرێت؟ وەڵامی ترەمپ، کە بە ماڵباتەوە بەپەلە دەبووایە سواری فڕۆکەکەی بێت، ئەوە بوو کە ئەو قەت لەگەڵ ئەوە نەبووە ئەمریکا خۆی بەو شتانەوە سەرقاڵ بکات و لەبنەڕەتدا هەر لە عێراقیش بێت، ئێستاش ئەوەی ڕوودەدات دەبێ عێراقییەکان لەنێوخۆیاندا چارەسەری بکەن.

ترەمپ لەو قسانەیدا ڕاستگۆ بوو، جاڕی قۆناخێکی نوێی لە مێژووی ئەمریکادا دەدا. ئەو دەیگوت ئەمریکا پێویستی بە کوێخایەتیی دنیا نییە و ئەو وزەیەی لەوێ سەرفی دەکات دەبێ لە نێوخۆی ئەمریکادا بۆ خۆبەهێزکردن و باشترکردنی ژیانی خەڵکەکەی خەرجی بکات. دوای کوژرانی ڕۆژنامەڤانە سعودییەکەش، ترەمپ لە تویتەکانیدا پاساوی بەردەوامیی پشتیوانیکردنی لە شازادە محەممەد بن سەلمان بەوە دەهێنایەوە کە لە سعودییەوە بە فەردە پارەی هێناوەتەوە و هەلی کاری زۆری لە نێو ئەمریکادا ڕەخساندووە. واتە بە ناڕاستەوخۆ دەیگوت ئەوەی لە نزیکەی حەفتا ساڵی ڕابردوودا ئەمریکا بەناوی بڵاوکردنەوەی پرەنسیپەکانی دیموکراسییەوە کردوویەتی تووڕێکی تەڕ ناهێنێت و لەمەودوا ژیانێکی خۆش بۆ ئەمریکییەکان گرنگترە لەوەی لەودیوی سنوورەکان دیموکراسی هەیە یان نییە. دیسان لەوەشیاندا ترەمپ ڕاستگۆیە و بازرگانێکی ڕاشکاوە کە پاساو بۆ هەڵهێنانی هەر هەنگاوێکی لەسەر بنەمای قازانج و زیانی نێو باخەڵی ئەمریکییەکان دەهێنێتەوە.

لەو نێوانەدا دیسان ئێمەین کە شاعیرانە و ئەڤیندارانە چاو لەو دڵشکانە دووبارەیەمان لەگەڵ ئەمریکا دەکەین. بەتایبەتیش لە ڕۆژئاوا لە یەکەمین ڕۆژەوە گوتاری ئەمریکییەکان ئەوە بووە کە کورد ئەو هێزە شەڕکەرە هاوپەیمانەی ئەمریکان لەسەرزەوی شەڕی دژی داعش دەکەن. ئێستا کە شەڕەکە تەواو بووە، ئەمریکا بەشێوەیەکی دینامیکی بەو هاوپەیمانییەدا دەچێتەوە و دەشزانێت کورد بشفرۆشێت هیچ هەڕەشەیەک بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی دروستنابێت. بەپێچەوانەوە ڕازیکردنی تورکیای سەردەمی ئەردۆغان لەجیاتی زیان دەتوانێ قازانجساز و یارمەتیدەر بێت بۆ ئەو هەڵمەتە نوێیەی لەدژی ئێران دەستپێکردووە.

هێشتا دیار نییە ترەمپ چەند بۆی دەچێتە سەر کە نەزمێکی نوێ لە جیهاندا بسەپێنێ، بەڵام هەرچییەک ڕووبدات بۆ ئێمە ئەو ڕووداوانەی ئەمدواییە دوو وانەی گرنگیان تێدایە: یەکەمیان ئەوەیە کە بەداخەوە دۆزەکەمان هێندە بۆ دواوە گەڕاوەتەوە، بۆ پاراستنی خۆمان و لەپێناوی ئایندەی نەوەکانماندا ناچارین لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی تێیاندا دەژین خۆمان بەهێزبکەین و بگونجێنین و باشترین پەیوەندیمان لەگەڵ دراوسێکانی هەر پارچەیەکدا هەبێ، دووەمیش ئەوەیە کە دەبێ بزانین دۆستایەتیی ئەمریکا بەس نییە بۆ مانەوەمان لەم ناوچەیەدا. چونکە وەک لە کەیسی سووریادا دەیبینین، ڕووسیا و ئێران تا کۆتایی لەپشت هاوپەیمانەکەیان ڕاوەستان و مانەوەی ئەسەد یانیش بەزۆر دەرنەکردنیان کردە دیفاکتۆ، بەڵام ئەمریکا هاوپەیمانە کوردەکەی خۆی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا فرۆشت.



د. زوبێر ڕەسوڵ

# لێکەوتە هەرێمییەکانی کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا

ئامادەیی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا ئەگەرچی بەشێکی پەیوەندی بە داعشەوە هەبوو لە سووریا و عێراق، بەڵام بەشەکەی تری پێوەندی بە کۆمەڵێک فاکتەری هەرێمی و نێودەوڵەتییەوە هەبوو بە تایبەتیش ململانێی هێزە هەرێمییەکانی وەک ئێران و تورکیا و وڵاتانی کەنداو لەلایەک و، لەلایەکی تریش ململانێی نێوان ڕووسیا و ئەمریکا بە جۆرێک لە جۆرەکان فاکتەرێکی تری مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بوو لە سووریا. ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە بوو کە لە ئەگەری داڕشتنی هەر فۆرمێک بۆ سیستمی سیاسی ناوچەکە، ئەمریکا بتوانێت بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆی و هاوبەشەکانی بپارێزێت. ئەمریکا ئەگەرچی ئامادەگییەکی زۆر بەرفراوانی نەبوو لە سووریا چ لەڕووی جیۆگرافی و چ لەڕووی ژمارەی سەربازەکانی بەراورد بە هێزەکانی لە ئەفغانستان، بەڵام لە هەمان کاتدا ئامادەبوونێک بوو کە کاریگەریی خۆی هەبوو لەسەر هاوکێشەکانی شەڕ لە سووریا. بەجۆرێک کە هێزە هەرێمییەکانی وەک تورکیا و ئێران و سووریا و عێراق و ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداویش حسابی تایبەتیان بۆ دەکرد، ئەمە جگە لەوەی کە هێزە نێودەوڵەتیەکانی وەک یەکێتی ئەورووپا و ڕووسیا و چین چاویان لەسەری بوو. بۆیە کشانەوەی لە ناکاوی ئەمریکا لە سووریا بەگشتی و لە ڕۆژاڤا بە تایبەتی، لێکەوتەی هەرێمی و نێودەوڵەتی دەبێت و کاریگەری دەبێت لەسەر باڵانسی هێز لەنێوان ئەکتەرە ئەکتیڤەکانی ناوچەکەدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

### بەهێزبوونی ڕۆڵی هەرێمیی تورکیا

لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەوەی پێیدەگوترێ "بەهاری عەرەبی"، تورکیا توانیویەتی وەبەرهێنانێکی باشی تێدا بکات، زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێین ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی کێرڤی ئاکپارتی و بە تایبەتیش کەسایەتی ئەردۆغانی وەک مۆدیلێک بۆ حوکمڕانی لە بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا بەرزکردەوە. ئەردۆگان هەر کاتێک هەستی بە مەترسی لەسەر دەسەڵاتی خۆی و بەرژەوەندیی تورکیا کردبێت دەستی وەرداوەتە کاروباری زیاتر لە وڵاتێک، هەر لە خستنە خوارەوەی فڕۆکەی ڕووسیا تا دەگاتە بەکارهێنانی هێز دژی ڕۆژئاڤا و بۆردومانکردنی شنگال و ئەو هەڕەشە سەربازییەی ئێستاش بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی فورات. ئەم کشانەوە لەناکاوەی ئەمریکا بە تایبەتیش لە ئانوساتێکدا کە ئەردۆگان هەڕەشەی لەشکرکێشی دەکرد، پێمان دەڵێت کە تورکیا لە ئەمریکا بەهێزترە لە ناوچەکە و لە سووریاش. بەدیوێکی تردا ئەمە وا دەکات کە لەمەودوا دەستی تورکیا درێژتر بێت لە هەڕەشەکردن لە نەیارەکانی نەک تەنیا لە هێزەکانی سووریای دیموکرات، بەڵکو لە هەرێمی کوردستان و سووریاش. ئەم کشانەوەیەی ئەمریکا دوور نییە لێکەوتەی هەرێمیشی هەبێت بەسەر گەڕێکی تری ململانێ لە نێوان سووریا و تورکیا و وڵاتانی کەنداو، بە تایبەت ئەگەر هێزە کوردییەکان بچنە پاڵ ڕێککەوتنێک لەگەڵ سووریا. ئەگەرێکی وەها دوو نییە کاریگەری هەبێت لەسەر پێوەندییەکانی عێراق و تورکیا و دواتریش گەڕێکی تری ململانێ لە ناوچەکەدا.

### ئێران بۆشاییەکە پڕدەکاتەوە!

کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا لە زۆر لاوە لە بەرژەوەندیی ئێراندایە، چونکە هێزەکانی تورکیا ناتوانن تا سەر لە سووریا بمێننەوە، ئێران لە ڕێگای میلیشیاکانی لە سووریا دەتوانێت گوشار و سەرئێشە بۆ هەریەکە لە وڵاتانی کەنداو و یەکێتی ئەورووپاش دروست بکات. دوور نییە سووریاش بەکاربهێنێ بۆ سووککردنی ئەو گوشارە ئابوورییانەی کە ئەمریکا خستوویەتیە سەری، بە تایبەت ئەو ناوچەیەی ئێستا هێزە کوردییەکانی لێیە چەند کێڵگەیەکی نەوتی تێدایە. بەدیوێکی تردا ئەمە پاشەکشەی ئەمریکایە لە دژایەتی ڕژێمێکی دڕندەی وەک ڕژێمی بەعسی سووریا کە ئەمریکا چەند جار بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی خەڵکی مەدەنی تاوانباری کرد. هەڵبەتە لە ئەگەری جموجوڵی زیاتری ئێراندا دوور نییە وڵاتانی کەنداو دووبارە دەست بکەنەوە بە دەستێوەردان لە ڕێگای میلیشیا سوننەکانەوە. چونکە ئەم بڕیارەی ترەمپ بە پێچەوانەی سیاسەتی ئێستای ئەمریکایە کە بریتیە لە گوشارخستنە سەر ئێران و دەورەدانی بۆ ئەوەی ناچاری بکات بچێتە ژێر باری دەستبەرداربوون لە پرۆژە ئەتۆمیەکەی.

### گەڕاندنەوەی هیوا بۆ چەکدارانی داعش

ئەورووپییەکان و خودی ئەمریکییەکانیش ئەو زانیارییەیان لایە کە داعش ڕاستە لاواز بووە و جەنگەکەی دۆڕاندووە، بەڵام هێشتا لەناونەچووە. لە مانگی ئابی 2018 دا بەپێی یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی پێنتاگۆن 14،500 چەکداری داعش هێشتا لە سووریا و عێراق ماون و هەردەم ئامادەن لە پەیدابوونی هەر بۆشاییەکدا بێنەوە مەیدان. بەدیوێکی تردا کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا زیانێکی زۆر بە هێزە ئەورووپی و کوردییەکانیش دەگەیەنێت کە تا ئێستا لە مەیداندا شەڕیان دەکرد لەدژی داعش، چونکە ئەو هێزانە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتیان بەو زانیاریانە دەبەست کە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە پێیان دەگەیشت. واتا کشانەوەی ئەمریکا بەگشتی پاشەکشەی هێزەکانی تریش دەگەیەنێت لە شەڕی دژ بە داعشدا. هەڵبەت ئەمە هێزەکانی سووریای دیموکراتیش پاشگەز دەکاتەوە لە بەردەوامبوون لە شەڕی دژ بە داعش، چونکە ئێستا مانەوەی ئەوان لەخەتەردایە و دەبێت بەدوای ئەڵتەرناتیڤێکی تردا بگەڕێن کە جگە لە سووریا و ئێرانیش ئۆپشنێکی تریان نییە. لە هەموو حاڵەتەکانیشدا ئەمە لە خزمەتی پرۆسەی لەناوبردنی داعش و تیرۆریزمدا نییە، چونکە لە دوای کشانەوەی ئەمریکا ئەولەویەتی هێزەکانی سووریای دیموکرات بریتی دەبێت لە پاراستنی خۆیان نەک شەڕی دژی داعش.

### ئیسرائیل لە ئامادەباشیدا

کشانەوەی ئەمریکا لە بەرژەوەندی هەریەکە لە ئێران و سووریا و تورکیا بوو کە هیچیان دۆستی ئیسرائیل نین، بەڵکو دوویان مەترسی گەورەشن بۆ سەر ئیسرائیل. لە حاڵەتی کشانەوەی ئەمریکادا دوور نییە ئیسرائیلیش هەروا دەستەوەستان نەوەستێ بەرامبەر گەشەکردنی هێزە ئێرانییەکان لە سووریا. تاوەکو ئێستا زۆر پرس هەبوون کە ئیسرائیل لەبەر ئامادەیی ئەمریکا لە سووریا تەدەخولی نەدەکرد لەپێناوی ئاڵۆزنەکردنی دۆخەکە لە ئەمریکا، بەڵام لەمە بەدواوە ئیسرائیلیش دێتەوە ناو دۆخی سووریا، چونکە کشانەوەی ئەمریکا بەمانای لاسەنگیی باڵانسی هێز دێت لە بەرژەوەندیی نەیارەکانی ئیسرائیل. بۆیە هەر زوو سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل گوتی ئێمە ناچارین پارێزگاری لە خۆمان بکەین. ئیسرائیلییەکان دوای کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا وەک توێژەرێکی ئیسرائیلیش دەڵێت، خۆیان بە تەنیا دەبینن لە بەردەم هەڕەشەکانی ئێران و حیزبوڵڵادا .

### کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان

کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا و جێهێشتنی کوردی ڕۆژئاڤا ئاماژەیەکی خراپە بۆ ئایندەی پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا، دواتریش جۆرێک لە بێمتمانەیی دروست دەکات کە وا دەکات دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان هەمیشە بیر لە هێزێکی تری هەرێمی بکەنەوە لەبری ئەمریکا. بۆ هەرێم ئەو دۆخەی ڕۆژئاڤا دەکرێت وەک دەرسێکی دووبارە سەیر بکرێت کە گرنگیی ئەکتەرە نادەوڵەتیەکانی وەک ئێمە دیاری دەکات لە ستراتیژیەتی ئەمریکادا. ئەمە جگە لەوەی کشانەوەی ئەمریکا کەمتوانایی ئەمریکا دەگەیەنێت لە ئیدارەدان و چارەسەرکردنی کێشە هەرێمییەکان لە بەرامبەر هێزە هەرێمییەکانی تری وەک تورکیا و ئێران و ڕووسیا.

کشانەوەی ئەمریکا ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە ئێستا بەرژەوەندیی ئەمریکا نە پەرەپێدانی دیموکراسی و نە پاراستنی مافی کەمینەکان نییە. لەلایەکی ترەوە ئەم کشانەوەیە دەستی هەریەکە لە تورکیا و ئێران واڵاتر دەکات بۆ ئەوەی زیاتر دەست وەربدەنە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە و هەرکات ویستیان سنووری عێراق و سووریا بە پاساوی دژایەتی هێزە کوردییەکان ببەزێن. ئەمە جگە لەوەی لە ئەگەری لەشکرکێشیی تورکیادا بۆ سەر ڕۆژئاڤا، هەرێمی کوردستان دەکەوێتە بەردەم ئیلتیزامێکی ئەخلاقی کە لەڕووی مرۆییەوە یارمەتی پێشکەش بە کوردی ئەوێ بکات یاخود ئەوانەی کە لە ترسی لەشکرکێشی ڕۆژئاڤا جێدەهێڵن و ڕوودەکەنە هەرێمی کوردستان. لەڕووی ستراتیژیشەوە ڕۆژئاڤا سەرەڕای ئەو ناکۆکییە سیاسیانەی کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیبوو، بەڵام ئەوان وەک هێزی پاراستنی شوورەی ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستان وابوون. بە نەمانی ئەوان هەرێمی کوردستان جگە لە زیان هیچ سوودێکی پێناگات.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



## شاجوان بۆ شەڕی سۆشیالمیدیا ئامادەیە

10 «

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | ...56 96 | Tel: 0750 48... | rudaw@rudaw.net



# لە پشدەر سەرتاشین بەلاشە

**رووداو– قەڵادزێ**

کۆمەڵێک گەنجی قەڵادزێ خۆبەخشانە سەردانی گوندەکان دەکەن و لە قوتابخانەکان قژی منداڵان چاک دەکەن.

ئاوارە هێرۆیی کە خاوەنی بیرۆکەکەیە و سەرپەرشتیاری گرووپە خۆبەخشەکەیە، بە (رووداو)ی راگەیاند، لە ساڵی پارەوە بیرۆکەی ئەم پرۆژەیەی لەلا گەڵاڵە بووە، بەڵام بەهۆی بایکۆتی خوێندنەوە، پرۆژەکەیان سەری نەگرت و ئەمساڵ جێبەجێ کرا.

شەش ئەندام لەم گرووپە هەن کە خاوەن سەرتاشخانەن، لە هەفتەیەکدا رۆژێک بۆ کاری خۆبەخشی تەرخان دەکەن. بەشێک لە گوندەکانی قەزای پشدەر سەرتاشخانەیان نییە، بۆیە خەڵک زۆرجار ناچارن چەندین کیلۆمەتر ببڕن و پارەیەکی زۆر خەرج بکەن بۆ چاککردنی قژی منداڵەکانیان، بۆیە ئەوان بیرۆکەی ئەو کارەیان لەلا گەڵاڵە بوو. ئاوارە هێرۆیی دەڵێت "چەندین سەرتاشی دیکە پەیوەندیان پێوەکردووین، بۆ ئەوەی لەو پرۆژەیەدا بەشداربن، بەڵام بەهۆی ئەوەی تەنیا یەک ئۆتۆمبێلمان هەیە، نەمانتوانیوە سوودیان لێوەربگرین". سەرتاشە خۆبەخشەکان هەفتەی یەک رۆژ سەردانی قوتابخانەی گوندەکان دەکەن و لەنێو قوتابخانەکان، قژی قوتابییەکان بێ بەرامبەر چاک دەکەن.



# کورد ئەردیان فێری "مامۆ" دەکەن

**رووداو – هەولێر**

ئەردیان بیوپیە، گۆرانیبێژی ئەڵمانی- کۆسۆڤی کە هەفتەی رابردوو کلیپێکی لەگەڵ خانمە گۆرانیبێژی کورد هێلی لەڤ بەناوی (گوڵ و گوڵلە) بڵاوکردەوە، دەڵێت زۆربەی هاوڕێکانی کوردن و بەو هۆیەوە چەند وشەیەکی کوردی فێر بووە.

ئەردیانی تەمەن 27 ساڵ کە بە شێوازی پۆپ گۆرانی دەڵێت و تا ئێستا چوار ئەلبوومی بڵاوکردووەتەوە لەگەڵ شەش ڤیدیۆ کلیپ، ئێستا لە شاری هایدڵبێرگی ئەڵمانیا لە ناوچەیەک دەژی کە زۆربەی دانیشتووانەکەی کوردن و دەڵێت :"من لێرە لە هایدڵبێرگ لەگەڵ خەڵکانی کورد گەورە بووم، لە باشووری ئەڵمانیا خەڵکی کوردمان زۆرە، من لەگەڵ کورد هەست بە هاوبەشی دەکەم، چونکە خەڵکی کۆسۆڤۆم، ئێمە و کورد هەمان کێشەمان هەیە".

سەبارەت بە فێربوونی زمانی کوردیش دەڵێت: "چەند وشەیەک فێر بووم، وەکو (چ دکەی مامۆ)، (بژی بژی کوردستان)، (سڵاو بۆ کوردستان)، (چۆنی، باشی). ئەم وشانە و هەندێکی دیکەش دەزانم".

ئەردیان زۆر پەسنی هێلی لەڤ دەدات و دەڵێت: "زۆر بە باشی لەبەردەم کامێرادا دەجووڵێتەوە و دەیەوێ هەموو شتێک لەوپەڕی باشیدا بێت".

هەروەها دەڵێت: "دەنگی هێلی لەڤ زۆر تایبەتە، زۆر سەرنجڕاکێشە، نەرمە وەکو دەنگی ریهانا".

10 ›

# یوتیوب مامۆستای سیوەیلە



**رووداو– مهاباد**

منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵەی دانیشتووی شاری مهابادی رۆژهەڵاتی کوردستان، لەڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی یوتیوبەوە فێری زمانی ئینگلیزی بووە.

ئەو منداڵە کە ناوی سیوەیل شایانفەڕە، توانای قسەکردنی بە زمانی ئینگلیزی هەیە و ڤیدیۆیەکی بۆ ماوەی هەواڵی (رووداوی تۆ) لە تەلەڤزیۆنی رووداو ناردووە کە دیارە بە ئینگلیزییەکی باش قسە دەکات. سیوەیل هیواخوازە منداڵانی کورد بتوانن سوود لە یوتیوب ببینن بۆ ئەوەی فێری زمانی ئینگلیزی و زمانەکانی دیکەی جیهان ببن.

وەک ئەوەی لە قسەکردنی سیوەیلدا دیارە، زیاتر بە ئینگلیزی ئەمریکی قسە دەکات، بەهۆی ئەوەی زۆرتر سەیری ڤیدیۆی ئەمریکییەکان دەکات لە یوتیوب.

شەوی سێشەممە سەعات 7:45 خولەک، بینەری ڤیدیۆیەکی سیوەیل شایانفەڕ بن لە ماوەی هەواڵی (رووداوی تۆ) لە کەناڵی رووداو.



# دژە تووتنەکان ئۆتۆمبێل وەردەگرن

**رووداو– هەولێر**

بۆ ساڵی دووەم لەسەر یەک، پرۆژەی ئەنتیتۆباکۆی دێسکی تەندروستیی (تۆڕی میدیایی رووداو) بۆ وازهێنان لە جگەرەکێشان، گەیشتە قۆناغەکانی کۆتایی. وا بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2018/12/24 رێوڕەسمی خەڵاتکردنی 100 کەس بەڕێوەبچێت کە وازیان لە جگەرەکێشان هێناوە. خەڵاتی یەکەمی پرۆژەکەش ئۆتۆمبێلێکە.

د.مەتین عەبدولڕەزاق، سەرپەرشتیاری گشتیی پرۆژەی ئەنتیتۆباکۆ (دژە تووتن) بە (رووداو)ی راگەیاند، بەشدارانی ئەمساڵ سێ هێندەی ساڵی رابردوون و ژمارەکە گەیشتووەتە زیاتر لە 9000 کەس. قۆناغی تۆمارکردنی ناوەکانی بەشداربووان کۆتایی هات و دوای پشکنین و دەرچوونی ئەنجامەکان، سەرکەوتووانی پرۆژەکە خەڵات دەکرێن. گەورەترین خەڵاتی ئەمساڵی پرۆژەی ئەنتیتۆباکۆش ئۆتۆمبێلێک دەبێت کە لەلایەن زنجیرە مارکێتەکانی تیمارت کە سپۆنسەری سەرەکی پرۆژەکەیە، دابینکراوە. د.مەتین دەڵێت ئامانجی پرۆژەی ئەنتیتۆباکۆ لە دانانی ئۆتۆمبێلێک وەک خەڵاتی یەکەم بۆ ئەوەیە بە بەشداربووان بڵێین ئێوە شایەنی خەڵاتی گەورەن.

15 ›



# عەفرینی چانسیان هەیە

**رووداو– دۆسلدۆرف**

سەرۆکی گەورەترین هەرێمی ئەڵمانیا کە هەرێمی نۆردراین ڤێستفاڵنە، دەڵێت خەڵکی عەفرین کە شارەکەیان لەلایەن تورکیاوە داگیرکراوە، چانسیان لە کۆچبەرانی دیکە زیاترە بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری.

ئارمین لاشێت، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی نۆردراین ڤێستفاڵن لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێت: زۆرترین ئەو کۆچبەرانەی لە نێوان ساڵانی 2015- 2016 چوونەتە ئەڵمانیا روویان لە هەرێمەکەی ئەوان کردووە کە ژمارەیان 300 هەزار کۆچبەرە. سەبارەت بەو کۆچبەرانەی زووتر مافی پەنابەری وەردەگرن، دەڵێت خەڵکی ئەو ناوچانەی شارەکەیان لەلایەن تورکیاوە داگیرکراوە وەکو عەفرین، یان ناوچەکانی دیکەی وەکو حەسەکە و قامشلۆ کە لەژێر هەڕەشەی داگیرکاریی تورکیادان، لە کاتی پێدانی مافی پەنابەری ئەو خاڵە لەبەرچاو دەگیرێ. دەشڵێت ئێستا بەنیاز نین هیچ کۆچبەرێکی سووری بگەڕێننەوە، تا ئەو کاتەی ئاشتی لە سووریا بەرقەرار دەبێ. ئارمین لاشێت، زۆر پەسنی کۆچبەرانی کوردی هەرێمەکەی دەدات و دەڵێت ئەو کۆچبەرە کوردانەی روویان لە هەرێمەکەی ئەوان کردووە، زۆر زوو فێری زمانی ئەڵمانی دەبن و ئاسانتر لە کۆچبەری وڵاتانی دیکە خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەڵمانی دەگونجێنن.

11 ›



# چما شیوعیش دڵداری دەکەن!

**رووداو – سلێمانی**

هەڤاڵ کوێستانی، نووسەری کتێبی (ئەو رۆژانەی نیشتیمان هی هەموان بوو)، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ بەرنامەی پەنجەمۆری تەلەڤزیۆنی (رووداو) باسی ئەزموونی پێشمەرگایەتی و خۆشەویستی دەکات و بەسەرهاتێک لەبارەی دڵداریی شیوعییەکان دەگێڕێتەوە.

هەڤاڵ کوێستانی دەڵێت: "جارێکیان لەگەڵ برادەرێکی حیزبی شیوعی لە بەغدا بووین، چووین بۆ سینەما بۆ سەیرکردنی فیلمێک کە هی حیزبی شیوعی بوو، ناوەڕۆکی فیلمەکە باسی کۆمەڵگەی سۆڤیەتی و خەباتی چینی کرێکاری دەکرد، لەناو فیلمەکەدا حاڵەتێکی دڵداریشی پێشان دا، یەکێک لە تەنیشتمان بوو گوتی: بۆ حیزبی شیوعی دڵداریش دەکەن! برادەرەکەشم گوتی: بۆ تۆ وا دەزانی شیوعیەت بەس چەکوچ و داسە! دڵدارییشی تێدایە".

کوێستانی لەو بەرنامەیەدا کە شەوی هەینی سەعات 22:05 خولەک پەخش دەکرێ، باسی پێشنیازی سەرکردەیەکی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دەکات کە کاتی خۆی داوای کردووە ژنانی سەر بە رێکخستنەکانی کۆمەڵە بێنە دەرەوە، هەر هیچ نەبێ شوو بە سەرکردەکانی کۆمەڵە بکەن، بۆ ئەوەی پێداویستییەکانیان جێبەجێ بکەن.

5 ›